# ڕشتـــەی نور

نوسینی

**نیاز مەستی**

٢٠١٨

**ناسنامەی کتێب**

نوسین و لەسەرنوسینی: نیاز مەستی

پیتچنین: نوسەر

نەخشەسازی بەرگ: شالاّو حەبیبە

نەخشەسازی ناوەوە: کامەران ڕەفیق

ساڵ و نۆبەی چاپ:٢٠١٨ چاپی یەکەم

چاپخانە:

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠١٨ ی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان وەرگرتووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ نیهایەت پێشکەش بە بارەگای ئەقدەسی حەق تەعالا، ڕێژنەی سەلام و ڕەحمەت وەکو لێزمەی بارانی بەهار بەسەر گیانی پاکی حەزرەتی موستەفا و ئال و یاوەران و چاکەکاران و تۆبەکاران و ئەهلی تەریقەت بباریْ.

پاشان!

بڕواداری دڵدار دوو ڕایەڵی پەیوەندی هەیە. یەکەمییان ڕایەڵی پەیوەندی ئەوە بەخودا، دووەمیان ڕێسمانی دڵدارە بە خەڵکی(خلق) خودا. هەرچی لەبارەی یەکەمەوەیە، ئێمە لەم نوسینە بە مەبەستمان گرتووە. خۆ ئەوەی پەیوەستە بە خەڵکی خودا لە بازنەی ماددەی پوچە، مەگەر پیرۆزی ناوی خودا ئەم جۆرەش بکاتە عیبادەت و بە فەڕی بکا. جا بۆ ئەوەی جۆری دووەمیش بخەینە پاڵ تەماسی یەکەم دەبێ ڕوو لە عالەمی عیشق و عیرفان و تەسەوف بکەین تا ڕادەی توانەوە. ئەم کتێبەی بەردەستت لە تەرزی یەکەم دەدوێ، هەوڵێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئاسمان و زەمین، پاکی و ژەنگ، ناسوت و لاهوت، جەنجاڵی و سادەیی، ڕك و خۆشەویستی، کۆنکرێت و شیعر، مادەی نازیندوو و دونیای بزاوتن و جوڵە تا دەگاتە ئیکسیر و مس. ئەو هێڵی پەیوەندییە مرۆڤی سەنتەر بە گەورەیی و سەلاری دەهێڵێتەوە و بەرەو پۆستی نەمری دەیبا، بەرەو گەشبینی و دواجار هەستکردن بە بوونی خودای دەبات. خۆ خودا ون نابێ! بەڵام تارمایی دونیاپەرستی لەبەر چاوان ونی دەکات. لە عیشقی خوداوە تا

هەناسـەی خـودا و جێنشـینی خـودا دەکۆڵینـەوە و دەدوێـین. ئـەم کتێبـە پەنجەرەیەکە لەو زیندانی مۆدێرنە بـەرەو ڕوحانییـەت و عیرفـان و عیشـق. عیشقی خودا و یارانی خودا، خۆ ئەگـەر بـە خـودا نەگەیشـتین بـا کۆششـێ بکـەین تـا بگەینـە داوێنـی مەسـتان و دۆسـتانی خـودا، مەبەسـتم پـیران و پـەیڕەوانی شـاڕێگەی عـەلیی قـادری کەسـنەزانییە. بـاس و خواسـی ئـەو چاکانە هەروا ئاسایی نییە بەڵکو مەفای عـەجیبی هەیـە. گـەورەی زانایـانی شـــەریعەت و ڕێبـــەری شـــێخانی تەریقـــەت شـــێخ جونەیـــدی بەغـــدادی فەرموویـەتی: حکایـات المشـایخ جنـد مـن جنـد اللـه، واتـە سـەربوردە و بەسـەرهاتی پیاوچـاکان سـەرباز و لەشـکرێکن لـە سـەربازانی خـودا، جـا سەربازانی خودا ڕووو لە ماڵ و مەنزڵی هەر کەسێك بکـەن نـەفس و ئاکـاری خراپی لێ وەدەردەنێن. لەم پەڕاوە بە شیعر و پەخشان کەوتومەتـە باسـی ئەو خاسـانی خـوا و مەلەکزادانـە ، ئەوانـەی کـە گوڵی بەهەشـتن و دیـاری خودان بۆ ئێمە، تا لە سێبەری ئەوینی ئەوان تۆزێ بسێینەوە.

هەرچەندە من خۆم بە شاعیر نەزانیووە و قەتیش خۆم بە شاعیر نەناساندووە بەڵام لەو کتێبە شیعرم بۆ نوسیون، لەوانەیە کرچ و کاڵ بێ، بۆیە دەڵێم لە هەر شتی تر زۆری هەبێ دەگونجێ، بەڵام تۆبزی لە تامی شیعر ناکرێ. کێشی شیعرەکان بڕگەی کوردییە و لە ٥+٥ پێکهاتووە کە دەکاتە دە بڕگە. ژمارەی بەیتە شیعرەکان دەوری ٣٨٠ بەیت دەبێ. جا ئەگەر لەم کارەم خۆشنود بووی و سەری ڕەزامەندیت لەقاند لە دوعای خێرت بێبەشم مەکە، خۆ ئەگەر نوسینەکەت بەدڵ نەبوو، بەلاتەوە لار و

وێر و قەڵب بوو، لە منەوەی بزانە و پاماڵی پیرۆزی ئەو زاتانە مەکە و دیسان بە ڕەخنە و دوعات وامدارم بکە.

سەربوردەی ئەم کتێبە:

لەدەوروبەری ساڵی ۲۰۰۸ زۆرم موتاڵای کتێب و نوسراوی شیعر و تەسەوف دەکرد لەمێژیش نەبوو ورتەورتی شیعرم دەکرد تاوێ کە دڵم لە کۆڕ و مەجلیسی دەورێشان گەرم دادەهات قەڵەمم دەست دەدایێ و وشەم دەخستنە پاڵ یەکتر و کڵپەی دەروونم بەم حاڵە خامۆش دەکرد. دواتر کە زەینی نوسینەکانم دەدا هەندێکیانم بە هەڵیت و پەڵیت دەهاتە بەرچاو و جارجارەش گەوهەرێکی نایابم لەسەر ڕووپەرەکە دەبینی. ئیدی شەرمم شکا و پترم خوێندەوە و لەو جیهانی مەعنەوییاتی تەسەوفە ئەم چەند شیعرەم ڕیزکرد و ناوم نا (ڕشتەی نوری موحەممەدییە لە تەریقەتی کەسنەزانییە- کە ئێستا ناوەکەم کورتکردۆتەوە و تەنها ڕشتەی نورم هێشتۆتەوە) بەم دواییە لە نێو نوسراوان چاوم بە دەفتەرێ زەرد کەوتەوە و کەڵکەڵەی خزمەتی ئەو نوسینە لە مێشکی دام و هێنامەوە بەر نوکی نەشتەر و بڕێکم لێ مشتوماڵ کرد و شتی زێدەم خستە سەر تا بەو بەرهەمەی ئێستا گەیشت. هەر بەوەش نەوەستام لە هەندێ شوێن و لەناو برایانی خۆشەویستی بڕێکم لە شیعرەکە خوێندەوە، ئەوانیش ماڵیان ئاوا بێ لە ڕووی دڵسۆزییەوە زۆریان پەسەند کرد و زۆریشیان کارەکە هەڵنا و تەمای نوسخەیان لێگرتم، دڵم نەهات بێ دڵییان بکەم و ملم دابەرێ و پاش شەن و کەوێکی تر خاڵم لە پاڵ دوا ڕستە دانا. لێرەدا ناڵێم دوڕی یەکتام پێشکەش کردوون چونکە نوسینی ڕۆژانی هەرزەکاریمە، بەڵام چونکە

نوسینەکە بەناوی عاریفانی بەرزی قـادری کەسـنەزانی ڕازاوەتـەوە دەبوایـە شاهانە بێ و چاتر بێ، لێ بیری کلۆڵم هـەر هێنـدەی توانییـوە و ئەوەنـدەی لەباربووە.

ڕشتەی نور لە پێشەکییەك و سێ بـەش پێکهـاتووە: بەشـی یەکـەم/ دەقـی هۆنراوەی ڕشتەی نورە کە سـێ سـەد و ئەوەنـدە بەیتـە شـیعرە و لـە هـەر کوێ بە پێویستم زانی بێ ڕوونکردنەوەم لـە پـەراوێز نوسـیووە. نـاوەڕۆکی شـیعرەکە پێداهەڵـدانی پێشـەوا و ڕابـەرانی سیلسـیلەی تەریقـەتی عـەلیی قادری کەسنەزانییە.

بەشـی دووەم/ لـە دەروێشـیی، تەسـەوف، سیلسـیلەی تەریقـەت، شـێخی تەریقەت و سەنەدی پیران دەدوێ. ئەم بەشەم درێژە نەداوەتێ چونکە ئەم بەشە بە کـوردی کـەم شـتی زانسـتی لـە بـارەوە نوسـراوە و پێویسـتی بـە کتێبێکی قەببە هەیە.

بەشی سێیەم/ ئەم بەشە تـەرخان کـراوە بـۆ ژیـانی کەسـایەتییەکانی نێـو شیعرەکە بە کورتی و پوختی. لە ژیاننامەکانیش جەختم کردۆتە سەر نـاو، کەسانی دۆست و هاودەم، پایەی زانیاری کەسەکە، کـەڕامات و فـەرمودە و ساڵی هاتنە دونیا و وەفاتی.

نیاز مەستی

هەولێر ـ ٢٠١٧

## بەشی یەکەم/ هۆنراوەی ڕشتەی نور

بەنـاوی خودای ڕەحمان و ڕەحـیـم
بـیــسـەر و زانــا ڕەززاق و عــەلـیـم
خـالـیـقی بێ خەو کەریـمـی کـارساز
بـە شـەو و بـە ڕۆژ جێی ڕاز و نـیـاز
بێ ڕەنگ و بێـچوون لە چاو نـادیـار
بـەس بـە جێ پەنـجە تەواو ئاشکـار
بـە لـەمیـێژی تـۆ ئـەوتـرێ زۆر کـۆن
دەبیسی، دەدوێی، بەس نازانین چۆن؟[1]
بەخشندە و مەزن، ئەڕحەم ڕاحیمین
لەسۆنگەی ڕەحمە کە ئێمە دەژیین
ئـەگەر گـەردێکی عەفووت دەربخەی
کـافـر بۆ پایەی وەلـی سەر دەخەی
ئێمە موحتاجیین بەس تۆ بێـکـەسی
ئەبەدی و ئەزەل، هەر تۆمان بەسی[2]
سـیـفـاتـی بـەرزت نـایـێـتـە نوسیـن
تـۆ خودای ئێمەی، ئاخر ئێمە چین؟

---

١–سـیفەتە قەدیمییـەکانی خـودا: زینـدویی، زانـین، تـوانین، ویسـتن، گفتوگـۆ، بیستن، بینین.

٢-ئیمامی قوشـەیری دەفـەرموێ: ئـەزەلی واتـە نـە سـەرەتای هەیـە و نـە کۆتـا. موسوعە الکسنزان:١/٢٥١

بـەنـدەی لاسـار و سـەد پەیمانـشكێن
لـە قـاپی خــوایــی هـەژار و مـسكـێـن
ئـێـمـە بـە گـوڵـێ وا سـەرسام ئەبیـن!
چـۆن بـۆ دیدارت كەوی و ڕام ئەبیـن؟
پـەنـای بـێ پـەنـا، ئــەی شیـفابەخش
سـاڕێـژی زامـان نــەقـقـاشـی نـەخـش
خــوا شـیـفـابـەخـشە بـێ پول و پارە
بــێ مننـەت و خـێـر، پـەروەردگـارە
هــەر چـەندە عـەبـدی خوای بێباكیـن
ئــەسـەف! ئـاڵودەی خـاك و كەلاكین[3]
بـە هــەزار گـونــاه بـچـی بـۆ دیــوان
هەمووی دەبەخشێ بە خاتری میوان[4]

---

٣- كەلاك: كەلەشی مردوو، هەروەك وتراوە الدنيا جيفة طالبها كلاب. واتە: دونیـا كەلاكێكە و ئەوانەی خوازیارن كسۆكن.

٤- خـودا گیـان بەبەزەییــە و جگــە لــە هــاوەڵی پەیـداكردن هــەموو تــاوانێكی تــر دەبەخشێ هەر وەكو خۆی فەرمویەتی: وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَـهُ إِلَّـا هُـوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِـهِ مَـنْ يَشَـاءُ مِـنْ عِبَـادِهِ وَهُـوَ الْغَفُـورُ الـرَّحِيمُ (يونس :١٠٧)

واتە ئەگەر خوا بە تۆ بگەیەنێت زیانێك هیچ لادەرێك نی یە بۆ ئەو (زیانە) بێجگە لە خوا وە ئەگەر خێر و خۆشیەكی بوێ بۆت ئەوە هیچ بەرگری كەرێك نی یـە بـۆ چاكەی خوا بەهرەمەندی دەكات ئەو كەسەی خۆی بیەوێ لە بەندەكانی وە هـەر ئەو لێبوردەی بە بەزەیی یە.(تەفسیری پوختەی قورئان)

ئەگەر ڕووی تێکەی چاك لێی بترسی
لە شادی و خۆشی لە ئەو بپرسی[5]
ڕێت لێ ون ناکا خوایە دەسگیرە
لە جەرگی دەیجور چرای مونیرە[6]
بەندەی خۆی دەوێ گەر بەندە چاك بێ
لە ژەنگ و چڵك دەروونی پاك بێ
کارسازی کاران خوای باڵا دەست
هاودڵی کەسی ناڕەحەت و پەست
دەستی ئاواڵا خوانی کراوە
ئاڵای ڕەحمەتی لا هەڵکراوە
تۆ دەپەرستین چونکە تۆ خودای[7]
حەی و قەیومی، عەزیم و مەولای[8]

---

٥ واتە لە خۆشی و ناخۆشی داوا لە خوا بکەی و پەنای بۆ ببەی و هەست بە وجودی بکەی.

٦ جەرگی دەیجور: لە شوێنێکی تەواو تاریك و ئەنگوستەچاو. مونیر: ڕوناککەرەوە.

٧ شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان دەفەرموێ: خوداپەرستی لەسەرمان ئەرکە چونکە خودا خودایە و شایەنی پەرستنە نەك لەبەر خاتری بەهەشت و دۆزەخ.

٨ شێخ عەبدولوەهابی شەعرانی دەفەرموێ: ناوی حەی (جل جلالە) پێشەنگی هەموو ناوەکانی دیکەیە بە ئاشکرا هیچ ناوێکی خوا پێشی ئەو ناوە ناکەوێت ئەو ناوە سیفەتی دروست و یەکەمینی خودایە بۆیە خوا فەرموویەتی : اللە لا الە الا هو الحی القیوم. موسوعە الکسنزان:٤١٣/٥. لەم سۆنگەیەوەیە کە زۆربەی زکر و ویردی موریدانی قادری لە حەی و قەیوم پێکهاتوە.

ئــەوەی تـــۆی نــاسی گرەوەی بـردەوە
ئـــاوی حـــەیاتی بــۆ خـــۆی خــواردەوە
﴿یـا اللە﴾ هــەر تــۆی لــە خەیاڵ جیای
خــاوەنی وجــود بــەس ئـــەتــۆ خـودای
هـانـات بـۆ دێـنـم شیعرم نـەخشین کـەی
زمــانــم بـۆ چـاکـە فـێـری خـشین کـەی
کــێ لــەبــۆ ئـــەو بــێ خوا لـەبـۆ ئـەوە
کــلــیــل لای خـــۆتـــە دەرگــا بــکــەوە[9]
(مــن أبــوابـــهــا) ڕوو بــکـــەرە خـــودا
لــە پـێـغـەمـبـەر گـیان شـاڕێـگەی هـودا[10]

---

٩ دەســپێکی پەیوەنــدی و ڕەزایــەتی خــودا لــە بەنــدەوە دەســپێدەکات. لــە تەسەوفدا مرۆڤ سەنتەرە ئەگینا خوا خوازیـار و ئامـادەی هـەموو خێرێکـە بـەڵام مەرجە بەندە بیەوێ و سینگی بۆ بکاتەوە.

١٠ هەروەکو خودا لە قورئان دەفەرموێ:وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (البقرة ١٨٩:)

چاکە ئەوە نی یە کەلەپشتی خانووەکانەوە بچنە ژوورەوە بـەڵکو چـاکە ئەوەیـە ئەو کەسە پارێزکارو لـە خـوا تـرس بێـت وەبچـنە ماڵـەکان لـە دەرگاکانیـەوە وە لەخوا بترسن تا ڕزگار ببن.(تەفسیری پوختەی قورئان) پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ :أنا مدينه العلم و على بابها. واتـە: مـن شـاری زانسـتم و عـەلی دەرگایەکەیـەتی. شیخ موحەمەدی کەسنەزان دەفەرموێ پێیان وتم: محمد نور بابه على.

ڕەحمەت بڕێژە بەسەر ئەحمەدی
کە ئەو (ئەحمەد)ە و ئەتۆ (ئەحەد)ی
ئال و ئەصحاب و یاران و دۆستان
نورت دایبگرێ کۆڕی خواویستان
عەتر و ڕەیحانە خوا بپرژێنە
بە نم نمە بێ دڵمان بژێنە
بەسەر یاری من کڕیاری دڵان
﴿شێخی موحەممەد﴾جوانتری گوڵان
ئێستا دەنوسم ڕشتەی ناوداران
ناوی ئەبدال[11] و قوتبی[12] مەداران
سیلسیلەی تەریق عەلی و قادری[13]
هەر شوعلەداربن وەکو ئاگری

---

[11] حەزرەتی غەوس دەفەرموێ: ئەبدال ئەوانەن کە خۆیان هیچ ویست و خواستێکیان نەماوە، ویستی ئەوان بۆتە ویستی خودا . هەتا مردن خودا چی بوێ ئەوان هەر ئەو شتەیان دەوێ. موسوعە الکسنزان:٢/٨١

١٢ قوتب: بریتیە لە کەسێك کە ئەو کەسە شوێنگەی ڕوانینی خوایە لە هەموو سەردەمێکدا. بەرزترین پلەی ویلایەتە، ئیبن عەڕەبی دەفەرمووێ: قوتبەکانی ئوممەتی پێغەمبەر ژمارەیان دوازدەیە.شێخ ئەبو عەباسی مەڕەسی دەفەرموێ: شێخ جونەیدی بەغدادی لە زانستدا قوتب بوو بەڵام ئەبو یەزیدی بەستامی لە حاڵدا قوتب بوو. موسوعە الکسنزان:٨ /٢١٢.

١٣ لە بەشەکانی دواتر ڕوونکردنەوە لەبارەی وشەی سیلسیلە دەدرێ.

جـا کـەسنەزانی ڕەنگاوڕێژ دەکـەم
ئـیـنجا کـۆتایی هـەر دوعـا دەکـەم
تـەریقەت نـورە، دیاری خـودایـە
بـۆ مـوسڵمـانـان وەکـو چـرایـە
ڕونـاکـی چـاوە، کـڵـپـەیـە بـۆ دڵ
دەتـکا بە عاشق، بەیەك پارچە گوڵ
کە ببیە خاوەن گـەوهەرێکی سوور
نـەفـس لاوازکەی دڵ ئەبێـتە بـلـور[١٤]
خـەوش نـاتـگریٚ، ژەنگ بەرتـدەدا[١٥]
شـەیـتان هەمیشە خۆی لێت لادەد
ڕێـوی ناچـتـە نێو بێشکەیی شێـران
ناگونـجیٚ هـەرزە و دیـوانی مـیٚـران[١٦]

---

١٤ لە تەریقەتدا پێویستە مورید پەروەردەی نەفسی خۆی بکا و لەسەر تاعەت ڕاییبهێنیٚ بە جۆریٚ لەژێر دەسەلآتی موریدەکە دابیٚ.

١٥ شێخی کامڵ و موکەمیل دەتوانن بە نەزەری خۆیان دڵی مورید پاکبکەنەوە هەروەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی سەرچاوەی ئایین دەفەرمویٚ: هاوڕێی چاکان ڕۆشنی دڵە دەوای چەنگی دڵ شێخی کامڵە

١٦ واتە: نەزانێکی مندالآنە ناتوانیٚ لە کۆڕی شێرەپیاوان دانیشیٚ ئەسڵەن هەر لێی ناگەڕێن. ئیدی مەبەستمە بڵێم هەموو کەسیٚ شایەنی تەریقەت نییە و تەریقەت لەوە گەورەترە هەموو کەسیٚ بگرێتەخۆی.

ئەو تەریقەتە لای خوای بانی سەر
جوبرائیل مەلەك دای بە پێغەمبەر
لە شکەوتی حیرا لە کاتی وەحی
گشت بە دلّ بلّێن(صلوا علی النبی)
﴿محمد أمین﴾ شافیعی بەشەر ١–حەزرەتی پێغەمبەرﷺ
صاحێبی ئالأی مەیدانی مەحشەر
گەورەی دوو دونیا باوکی عبدالله
سەرداری گرۆی نێراوانی خوا[١٧]
لەنوری حەزرەت وجود دروست بوو[١٨]
عەرشی مەغفەرەت بۆمە دروست بوو

---

١٧ واتە: سید المرسلین: گەورەی پێغەمبەران.

١٨ حەزرەت: پێغەمبەری خۆشەویستﷺ. پێغەمبەرﷺ نوری خودایە هەروەك خودا دەفەرموێ: يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ (المائدة :١٥)

ئەی خاوەنانی کتێب دلّنیابن کە پێغەمبەری ئێمە بۆ ئێوەش هاتووە تا زۆربەی ئەو شتانەی کە لای ئێوە ڕوون و ئاشکرانین و دەیشارنەوە، لە کتێبی (تەورات و ئینجیلدا) بۆتان ڕوون و ئاشکرا بکات، هەروەها لە زۆرێك لەو شتانەی کە شاردوتانەتەوە چاوپۆشی دەکات، چونکە بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکراتان بۆهاتووە (کە محمدی پێغەمبەرمانە (صلی الله علیە وسلم) هاوڕێ لەگەلّ کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا (کە قورئانە). (تەفسیری ئاسان)

لــه گــشت کـتـێبان ناوت نـوسراوه

خـەبـەری هـاتـن، پێش خـۆت دراوه[19]

مــەولا و سـەیـدی زومـرەی ئـادەمـی[20]

خۆشەویستی خوای، گەورەی عالەمی

ئــادەمــی ئــەرواح[21] مـەقـامـی تـۆیه

نـاسـیـخـی دیــنـان ئـیـسلامی تـۆیه[22]

---

١٩ وَإِذْ قَالَ عِيسَي ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّه إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ (الصف :٦) واتـه:بیریان بخـەرەوە، کاتێك عیسـای کـوری مەریەم بەنەوەی ئیسرائیلی وت: منیش بەڕاستی پێغەمبەری خوام بۆ سەر ئێوە، ڕاستی تەوراتیش دەسەلمێنم کەلە پێش منـدا هـاتووە، هـەروەها مژدەدەریشم بەپێغەمبەرێك کە دوای من دێت و ناوی – ئەحمەد – ە، کەچی کاتێك بـە بەڵگـە و نیشانەی تێر و تـەواو و مـوعجیزەی ئاشـکراوە پێـی ڕاگەیانـدن، وتیـان: ئەمـە جادوویەکی ئاشکرایە.(تەفسیری ئاسان)

٢٠ پێغەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: أنـا سـید ولـد ادم و لا فخـر. واتـە: مـن گـەورەی نەوەی ئادەمم و شانازیش ناکەم. المعجم الاوسط ج:٥ ص٢٠٣.

٢١ شـێخ نەجمــەدینی ڕازی و ئــیبن عــەرەبی دەفــەرموون: ئــادەمی ئــەرواح حەزرەتی ڕەسولەڵایە. موسوعه الکسنزان:٧٢/١

٢٢خودا دەفەرموێ: وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (آل عمران :٨٥)

جائـەوەی بێجگـە لـە ئـاینی ئیسـلام پـەیڕەوی هـەر ئـاینێکی تـر بکـات لێـی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە. (تەفسیری ئاسان)

ئیسڕا و میعڕاجت بۆ لای خودایە
کێ بێجگە لە تۆ ئەوەی پێدرایە؟
میوانی خوا بووی ئەی شەوقی چرا
داواشت نەکرد وەسڵت پێدرا[٢٣]
لە قابەقەوسەین زۆر شت گوزەرا[٢٤]
لە نێوان دۆستان پەیمان مۆر کرا[٢٥]

---

٢٣ لە ئەسەر دا هاتووە پێغەمبەرﷺ لە شەوڕۆیی و بەرزبونەوە بۆ لای بارەگای ئەقدەس ویستی نەعلەکانی داکەنێ دەنگێ لە بارەگای خودا هات: ئەوە چی دەکەی ئەی پێغەمبەرﷺ؟ خۆشەویست فەرموی: سۆڵەکانم دادەکەنم با وەکو موسام بەسەر نێت کە پێت فەرموو: إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقدس طُوًي (طه :١٢) (واتە: دڵنیا بە من پەروەردگاری تۆم، کەواتە پێڵاوەکانت دا بکەنە، چونکە بێگومان تۆ لە دۆڵی پیرۆزی – طوی– دایت.) خودا فەرمووی: ئەی پێغەمبەرﷺ، موسا داوای دیداری ئێمەی کرد و نەماندایێ بەڵام تۆ داوات نەکردووە و ئێمە داوەتمان کردووی.

٢٤ قابەقەوسەین: مانای نزیکی دەبەخشێ، کۆتا شوێنی گەشتی میعراجە. فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَي (النجم :٩)

جا بە ئەندازەی دوو کەوان یان کەمتر (ی ماوە بوو لەگەڵ موحەممەد(صلی الله علیه وسلم)) دا.(تەفسیری پوختەی قورئان)

٢٥ مەبەست پەیمانی نێوان عالەمی لاهوت(جیهانی خودا) و عالەمی ناسوتە(جیهانی دروستکراوان) جا بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە بە پتەویی خودای تەعالا نوێژی بۆ بەندەکانی خۆی دانا.

قـورئانی نـاتـیق[٢٦] ســیـڕی خـوداوەنـد
خوا بە تۆی فەرموو ڕەفتارت پەسەند[٢٧]
(أنــا مــدینــه) فـەرمـودەی دۆسـتـــە[٢٨]
شـــێـر عەلی دوای من خاوەنی پۆستە
لـە نـاو یارانـدا﴿علـی﴾ شێری خـوا ٢-ئیمامی عەلی کرّم اللّه وجهه
خەلیفەی چوارەم، بـە﴿پیـر﴾ناسرا[٢٩]
﴿عەلـی﴾کـەسێ بـوو مەردی ڕۆژگار
خــاوەنی عـیلـمی خـودای کـردیگـار
مـەنـبەعــی وەفـا بـۆ ئـیسلام چـرا
لـــەبـۆ پێـغەمـبـەر وەك هـارون بـرا

---

٢٦ هەروەك لە فـەرمودەدا هـاتووە پرسـیاریان لـە دایـە عائیشـە کـرد لـەبارەی ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ ئەویش فەرمووی کان خلقه قران. واتە ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺوەکو قورئان بوو.

٢٧ وانك لعلى خلق عظيم. القلم/٤. واتە: تۆ لە سەرووی ئاکاری پەسەندی.

٢٨ پێشووتریش ئاماژەمان پێکرد پێغەمبەر ﷺ ئیمامی عەلی بە شـوێنگرەوەی ڕۆحی خۆی دیاریکرد بوو. لە حەدیسـدا هـاتووە: أنـا مدینـة العلـم و علـيٌ بابهـا. المستدرك على الصحيحين ج٣ ص١٣٧ رقم ٤٦٣٧ لە ئیبنو عەباسەوە.

٢٩ واتە: شێخ و ئوستادی تەریقەتی عەلییەیە. شـێخ زیائـەدینی سـەهرەوەردی دەفـەرموێ: شـێخ، سـەربازانی خـودان، و موریـدان ڕێنمـایی دەکـەن، بـەهۆی ئەمانەوە خەڵکی هیدایەت دەدرێن. موسوعه الکسنزان:١٢/٣٣٤

لــه فــەرمــایـشـتـا فــەرموییه نەبی

(مـن كـنـت مـولاه) پـاشـان(فعـلـي)

موزهـيـر عەجايب عەينى كەرامەت [30]

تـاكه عـالمى دەرسـى شـەهامـەت[31]

خـاوەن زولـفـيـقـار[32] (نـهـج الـبـلاغـه)[33]

( قــوىٌ أميــن ) دوو بەڵـگـەى سـاغه[34]

كـه خەيـبـەرى گـرت شـێره پـاڵـەوان

له بەحـرى غـيـرەت بـوو بـه مەلـەوان

له ئــيـجـتـيـهــاددا عـەلـيـم بـوو زانـا[35]

---

٣٠ مظهر العجائب و الغرائب: بەدەرخەرى شـتـى سـەبر و سـەمەره مەبەسـت لێـى كەرامەتى گەورەيە.

٣١ هــەروەكو لــه كتێبــەكانى سـيرەش دا هــاتووه ئيمـامى عـەلى لـه ئازايـەتى و شۆڕەسواريدا كەسى هاوشێوه نەبووه. هەروەها له دەسپاكى و دونيانەويسـتى و دادوەريدا بێوێنه بووه.

٣٢ زولفەقار: ناوى ئەو شمشێرەيه كه ئيمامى عەلى شەڕى پێكردووه.

٣٣ نهج البلاغه: ناوى كتێبێكه دراوەته پاڵ ئيمامى عەلى.

٣٤ ئاماژەيـه بـه ئايـەتێكى قورئـان كـه پێويسـته سـەركرده ئـەو دوو سـيفەتەى هەبێت و له ئيمامى عەلى هەردووكيان بەرجەسته بوو.

٣٥ ئيجتيهاد: پلەيەكى بەرزه و هەموو كەس نايگاتىَ كەسىَ بتوانىَ ئيجتيهاد بكا دەبێت چەند مەرجێكى هەبىَ لەوانـه لـه زانسـتى شـەرع و فـەرموده و قورئـان و عەرەبى ... دەستڕۆيشتوو بێت و له عيلمدا پەكى نەكەوىَ.

له دڵی ئومـمەت جـێـگای خـۆی دانـا
زوهد و تەزکییە لای ئەو عادەت بوو[٣٦]
سـەیـرکــردنی وەك عـیـبادەت بوو[٣٧]
لـە پاشـی﴿عـەلـی﴾ صاحـێـبی کەمـاڵ
تـەریـقــەت بــووە خــاوەنــی دوو بــاڵ
﴿حەسەنی بەصرِی﴾﴿حوسەین﴾ی فیدا
جـا لــەم دوو زاتــە نـور ســەری هەڵدا
﴿حوسەین﴾ خاوەنی قوببەی کـەربەلا
ئــالـی بـن عـــــەبا[٣٨] سـەیـد و مــەولا
خــانـەدانـەکـەی نـەوەی پـــێـغـەمـبەر
مـەحـەتـەی حیکـمەت، بڕبڕەی حیدەر
لــە بـۆ دەروێـشـان مـوعـین و مورِشید[٣٩]

٣–ئیمامی حوسێن (علیه السلام)

---

٣٦ واتە وەکو کاری رۆژانە ئەو سیفاتانەی هـەبوون نـەك زۆر لـە خـۆی بکـا یـان وەکو ئێمە ماوەیەك پەیوەستی ئەو کارانە بێت و دواتر تەرکی بکا.

٣٧ النظر الی وجە علي عبادة. المعجم الکبیر ج١٠ ص٧٦ رقم ١٠٠٠٦ واتە ڕوانینیّ لە ڕوخساری عەلی عیبادەتە.

٣٨ ئالی بن عەبا: بریتیین لە پێغەمبەرﷺ و ئیمـام عـەلی و فاتیمـە و حەسـەن و حوسێن. هەروەکو لە فەرمودەدا هاتووە.

٣٩ شێخ عەبدولغەنی نابلسـی دەفـەرمویّ: مورِشـید(ڕێبەر): کەسـێکە هەوڵـدەدا دڵـی دەروێشـەکانی پـاك و پوخـت بکـا لـە پەیوەسـت بـوون بـە غـەیری خـودا. موسوعە الکسنزان:٩/٢٨٨

پەنجاوحەو ساڵ بوو ئینجا بوو شەهید[٤٠]
لەعنەتییان لێبێ ئەو زاڵمانە
خوێنییان دەباراند لەو ئاسمانە
جەرگی ( فاتیمەی احمد)یان بڕی
لاپەڕەی حەیای بەشەریان دڕی
هەرچی چاو هەیە با خوێن بڕێژێ
هەرچی غەم هەیە با دڵ بیچێژی
مەزڵوم﴿حوسەین﴾ە فیدای خوێنی بم
قوربان ئیمانی زۆر خاوێنی بم
یا ئیمام چی بکەم؟ فیداییم لەدوت
خەڵکی ئەو شوێنەم ڕووڕەشم لە ڕوت
بەحرێ کە حوسەین لێی مەلەوان بێ
ناترسم کە نوح بۆم کەشتیوان بێ[٤١]

---

٤٠ ئەگەر لە کتێبەکانی مێژوو سەربوردەی شەهید کردنی ئیمامی حوسێن بخوێنیتەوە دڵێکی بەردینیشت هەبێ دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو. بۆیە دەڵێم: نەک جارێ هەزار جار نەفرین لەوەی حوسێنی شەهید کرد و نەفرین لەوەش هۆکاری شەهیدکردنی ئەو بوو.
٤١ پێغەمبەرﷺ لە حەدیسێکدا ئال و بەیت بە کەشتی دەچوێنێ دەفەرموێ هەر کەسێ لەگەڵیان بێ سەلامەتە.

﴿حوسەین﴾کۆڵەگەی بینای ئیسلامە

سیڕی قورئانە نور و ئیمامە[٤٢]

ئاخر بە قوربان بە کێت بچوێنم؟

باپیرت فەرمووی من لە حوسێنم[٤٣]

لەپاش﴿حوسەین﴾ی پاڵەوانی دین

بووە خەرقەپۆش﴿زین العابدین﴾[٤٤]

٤-ئیمام عەلی زینولعابیدین (علیه السلام)

عەلی دووەم بوو بە عیلم و تاعەت

مەخزەنی دوڕی فەوجی هیدایەت

شۆڕەسوارێك بوو خاوەن کەرامەت

سوڵتانی دەوران بورجی شەهامەت

---

٤٢ ئیمام: باڵوێزی نێوان خودا و خەڵکە بۆ پاککردنەوەیان تاوەکو بۆ بارەگای خودا بگونجێن. موسوعه الكسنزان:٢/١١. بە بەڵگەی فەرمودەی (حسین مني وأنا من حسین) وتومە حوسێن نورە چونکە پێغەمبەرﷺ نورە و ئیمامی حوسێنیش لە پێغەمبەرﷺە.

٤٣ حسين مني وأنا من حسين، أحب الله من أحب حسينا.صحيح ابن خزيمة ج١٥ ص٤٢٨ واتە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: حوسێن لە منە و من لە حوسێنم. هەر کێ حوسێنی خۆش بوێ، خوا خۆشی دەوێ. کەسێ بە پێغەمبەرﷺ بچێ کوا دەتوانین بە کەسی تری بچوێنین؟

٤٤ شێخ کەمالەدینی قاشانی دەفەرموێ: خەرقەی تەسەوف: سیپاڵی دەروێشان، ئەو بەرگەیە کە مورید بە دەستی ئەو شێخەوە دەیپۆشێ کە بۆتە دەروێشی ئەو و تۆبەی لەسەر دەستی ئەو کردووە. موسوعه الكسنزان:٦/٦٥.

موجیددی دینـه پێـشڕەوی ڕاسـی[٤٥]
دەزگـادارێـك بـوو لـە بـۆ دوڕناسـی
لـە پەنـجاوحـەوتی عومری ڕونـاكی
نێـژرا لــە بـەقـیع جەسەدی پاكی[٤٦]

٥–ئیمام موحەممەد باقر (علیه السلام)

بــووە جێـنـشـن﴿موحەممەد باقـر﴾
شـــارەزای بــاتـیـن هـیمـەتی ئـاگر
ئـەو لــە زانـسـتـدا پــردی سیـراتـە
بۆ ئـیـّمەی بـەشەر لای خـوا خـەڵاتە
عەمامەی پاكی وەك تـاجی نـور بـوو
ئاوێنەی حەق بوو دڵ لە حزوور بوو[٤٧]
هـەر كـەسـێ ڕێـزی ناویـشـت بگرێ
فیردەوسی بەرزی پێ خەلات ئەكرێ
ئــالی پـێـغەمـبـەر نـور و نـەجـاتـن[٤٨]

---

٤٥ موجیددی دین: نوێكەرەوەی دین. پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ سەری هەر سەد ساڵێك خودا كەسێ دەنێرێ ئەو ئیسلامە زیندوو بكاتەوە.

٤٦ نزیك ئیمامی حەسەن(علیه السلام)

٤٧ كەسێ غەفڵەتی نەبێ و دڵی لە حزووری خوا بێ دەبێتە حەزرەت.

٤٨ خودا لەبارەیماڵباتی پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا (الأحزاب :٣٣)

واتـە: بەڕاسـتی خـودا دەیـەوێت هـەموو پیسـی و نادروسـتییەك لـە ئێـوە دووربخاتەوە ئەی بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ.

ڕێگای ڕزگـاری سەر ڕووی بـیـساتن
دەست بـە بـەیداغی ئەوان هەڵواسن
ئـەهلی بـەهـەشـتـن لە ڕێگای ڕاسن
ئـالی پێـغـەمـبەر نـوحی ئـومـمەتن
مەردی خودانـە صاحێب حورمـەتن
لــە وەچــەی وانــە ﴿موحەممەد مەهدی﴾
هــەرگــیــز کــز نـابـێ نــوری ئـەحـمدی
خـۆتان قــوربـانی ئالـی رەسول کــەن
بــەیعــەتی ئـەوان بــە دڵ قـەبـول کەن
بێ بــەلا دەبــن لـە هـەر دوو دونــــیــــا[49]
ســەرفــراز دەبـــن لـــە دیـوانـی خــوا
ئـیمامی شــەشــەم گـوڵی نـێـو بـاغــان
﴿جەعـفەر صـادق﴾ە دەوای نـەساغـان ٦–ئیمام جەعفەری صادق (علیە السلام)
غـەواسی گـەوهـەر لە بەحری ڕەحمەت[50]
سـەربـاسی فیقهە[51] سـەرداری ئوممەت

---

٤٩ سەید ئەحمەدی ڕیفاعی گەورە دەفـەرمووێ: پیرانـی تـەریقـەت بـۆ موریـدان وەکو قیبلە وان، سەیرکردنی ڕوخساری شێخ عیبادەتـە، دیـن و عـەقڵ و ئیمـان زیاددەکا و ئەمانێکە بۆ دەرد و بەڵا.

٥٠ غەواس: ژێرئاوگەڕ

٥١ ئیمـامی ئـەبو و حەنیفـە و چـەندان گـەورە زانـای تـر لای ئیمـامی جەعفـەر خوێندویانە.

بـه وێــنـەی بـاوکی خـودا ڕەنـگی کـرد
لە پەنجاوهەشت سـالّ بەڕەحمەتی برد
کـردیـه مـیوانـی بــەهـەشـتـی پـاکـی
پـێـی بـەخشی تاجی عەرشی بێبـاکـی[52]
ئـیـمـامـی هـومـام جـەعـفـەری شـێـره[53]
قــەدەمـی خــێـره بۆ دیــن شمشێـره

٧–ئیمامی موسای کازم (علیه السلام)

ئــیمامی حەوتـەم ﴿مـوســا﴾ی زەمانه
نــونـی کــەڕەمـی ئـەرز و ئـاسـمـانــه[54]
لەنـاو مـەخلوقـان نـاسـرا بــه (کـازم)[55]
بــۆ ئــــەولــیـایـــان بــۆتــه مـــولازم

---

٥٢ خانەدانی پێغەمبەر بەوە دەناسرێنەوە کە هەموو سەردەم و زەمانێك بەسـەر بەرزی و بە ئازادی ژیاون و ملکەچی کەس نـەبوون و بێـدادیان قـەبولّ نـەکردووه بۆیه هەتا ئێستاش نرکەی ئەوان بەردەوامه.

٥٣ هومام: پیاوی مەزن.

٥٤ نون: نەهەنگ

٥٥ کازم: کەسێك ڕقی خۆی بخواتەوه. هۆکاری ناونانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی کە ئیمام موسای ڕقی خۆی دەخواردەوە و دەرنەدەبڕی.

ئەسڵی[٥٦]، حەزرەتی[٥٧]،ئەشرەفی،پاکی
تــۆ لـە نــەتــەوەی شـاهـی لـەولاکی[٥٨]
وەفـاتــی فـەرمــوو لــە شـاری بـەغــدا
لــە بـاغـی بـەهـەشـت چـادرگەی هەڵدا
پــەنجــاوپــێــنـچ ژیـا، بـە موبـارەکـی
ئـیــنـجـا تــێـکـیـنـا پــاك تـەدارەکـی
ئـەوسـا نـوری خـوا لـە ڕەفـەی فــەزا
کـەوتـە ســەر ڕوحـی﴿ئـیـمـامـی ڕەزا﴾[٥٩]

٨-ئیمامی عەلی ڕەزا (علیه السلام)

---

٥٦ شێخ موحەممەدی کەسنەزان دەفەرموێ: ئەسڵ هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە، هەموو گشتێکی گرتۆتەوە و دەسەڵاتی بەسەریان دا هەیە و دایگرتوون، هیچ شتێ لە قەڵەمڕەوی ئەو دەرناچێ ، ئەسڵ هەر خودی شتەکانە. موسوعه الکسنزان:١/٢٧٤.

٥٧ حەزرەت: کەسێ دڵی هەردەم لە حزوری خوا دا بێت، لە کوردی واتای بەڕێز و خاوەن شکۆی هەیە.

٥٨ شاهی لەولاك: حەزرەتی خۆشەویستە. وەکو لە ئەسەرێك هاتووە: لو لاك لو لاك لما خلقت الافلاك. واتە: ئەی موحەممەد ئەگەر تۆ نەبوای من گەردوونم دروست نەدەکرد.

٥٩ شێخ ئەبو سەعیدی خەراز دەفەرموێ: ڕوح، تاکە پاڵپشتی جەستەیە و هۆی مانەوەی جەستەیە، هەر ڕۆحە وای لە جەستە کردووە کە شایەنی ئەوە بێ ناوی ژیانی لێبنرێت. بەهۆی ڕوحەوە عەقڵ جێگیر دەبێ ، بەڵگە دەچەسپێندرێ. موسوعه الکسنزان:٩/٩٢.

فــەریادڕەسی مـن، ڕەونـەقـی ئـیسلام
پـەنـجـاوپـێــنـج ســـالأن ژیاوه تــەمام
عـەلـی دووەم بـوو بـە شـــان و شــکۆ
خادیمی ئـەو بـوون قەیـسەر و خـەسرۆ
سەرقـافلّەی یـاران قـیـبلەی خواناسـان
مـەرقـەدی حـەجــە وا لــە خــوراسـان[60]
بــە ئـیـزنی ئـیـمام بـۆ ڕێ و ئیـرشادی
شێخ﴿مەعروف کەرخی﴾بوو بەئوستادی[61]
بــالّـی دووهــەمـــی ئــەو تــەریـقـەتـە
کـە بۆ سـاحێب دلّ خێر و ڕەحمـەتـە
﴿ئیمامی عەلـی﴾ ئەمیرەلموئمینیـن[62]
﴿حەسەن بەسڕی﴾یشی کردەجێنشین ٩–شێخ حەسەنی بەسڕی (ڕەزای خوای لێبێ)
زانــای شـەریـعـەت پـیری تـەریـقەت
ئوستادی دەرسی عـیلمی حەقیـقەت[63]
تــەریـقـەت بـیـنـای سـەر شـەریـعەته

٦٠ ئیمامی ڕەزا لە شاری مەشهەد(خۆراسان) نێژراوە کە دەکەوێتە ولأتی ئێران.
٦١ ئوستاد: لە حالّ و مەقام لـە شـێخ گـەورەترە و لـە زانیـاری و گوفتـار لـەو سەرترە. موسوعه الكسنزان:٢٦٢/١
٦٢ میری بڕوادارن: ئەمیرەلموئمینین: لەلایەنی ڕۆحییەوە واتە کەسێ کـە پاشـا و فەرمانداری دلأن بێ. موسوعة الكسنزان:٣٦٠/١.
٦٣ عیلمی حەقیقەت: عیلمی باتین

پردی هەزار خێر، ڕێی سەعادەتە

چون لە تەریقەت بەسڕی وەکیلە

لە سارای مەحشەر ئەوم وەکیلە

قورئان لە سینگی زکر لە زاری

بەرد لە دەستی بێ دەبتە مرواری

شارەزای عونقی نوری ئیلاهی[٦٤]

دانیشتووی تەختی پیران پاشاهی

لەپاش حەسەنی بەرز عەلەمی

دانیشتە تەخت ﴿حەبیب عەجەمی﴾ ١٠-شێخ حەبیبی عەجەمی قدس سره

پەنای بێچاران خاوەنی سەفا

زانای هۆزانی عیلمەکەی وەفا[٦٥]

پڕتەوی ماهی ڕێی ڕێبوارانە

فرمێسکی چاوی شەوبێدارانە

دەستەودوعا بوو سوبح و ئێواران

لە حاڵەت دا بوو وەك دڵ بیماران

جامێ لە عیشقت بێ بە نەسیبم

بەهەشتم ناوێ دۆستم، حەبیبم

لە دوای ﴿حەبیب﴾ی جاداری مەحمود

---

٦٤ عونق: سەرەتا، بنك

٦٥ هۆزان: زۆرزانا، فرەزان.

۱۱-شێخ داودی تائی قدس الله سره

بووە جێنشین﴿تائی، شێخ داود﴾
موبتەلای ڕاستی قیبلەی ڕاسیخین[٦٦]
تەبیبی ئەڕواح کەلام شەکەرین
شێخمان لە سوجدە وەفاتی فەرموو
کەڕاماتێکی بێ ژماری هەبوو
کەشف و کەڕامەت گەنجینەی خوایە
تەنیا بە دۆست و ئازیزان درایە
پێت لە شوێنێ نا، عیبادەتگایە
عاشقت بۆ خەو کورەی جێگایە
ئەگەر ڕووی دڵت لە هەر کەسێ کرد
ئەوت بەرەو ڕووی هەزار مەقام برد
لەدوای شێخ داود هات گەورەی چەرخی

۱۲-شێخ مەعروفی کەرخی قدس الله سره

خاوەنی دوو باڵ ﴿مەعروفی کەرخی﴾
ئەهلی تەحقیق بوو شێخی جێنشین
مێرخاسی گەڕناس[٦٧] پیری عاریفین[٦٨]

---

٦٦ قیبلەی ڕاسخین: پایەیەکە لە تەسەوف

٦٧ میرخاس: پیاوباش، ئازا و بەجەرگ. گەڕناس: بوێر

٦٨ ئیمامی عەلی دەفەرموێ: عاریف ئەوەیە کە خودا بناسێ. ئەحمەد زەروق دەفەرموێ: عاریف ئەو کەسەیە خودا لە هەموو شتێ ببینێ. سەید موحەممەد نەبهان دەفەرموێ: عاریف لە هەموو لایەنێکەوە شوێنگرەوەی پێغەمبەرە. موسوعە الکسنزان:۱۵/۳۰۱-۳۱۱

سالـیـکـی تـەقـوا مـەعـروفی ئەخـلاق
نـوری لـەمــعـەی دا لـە فــەزای ئـافـاق
لــەوڕا تـەریـقـەت شـوعـلەی گەشـاوە
لــە دڵـی زۆر کــەس نـاوی نـەخـشـاوە
دەســگـیــری مــورید ڕاجــی قـیامەت[٦٩]

---

٦٩ پێناسەی مورید دەروێش لە تەریقەتی کەسنەزانی:
مورید=دەروێش. مورید: ئەو کەسەیە کە قورئانی لە باوەش گرتووە.
مورید: هەژارێکە بەرەو خودا دەچێت.
مورید: ئەو کەسەیە کە ڕووناکی لە چـرای پێغەمبـەر وەردەگرێـت و دونیـای پـێ ڕۆشن دەکا.
مورید: ئەو کەسەیە کە"ئەو شوێن و ناوچەی لێی دەژییێـت ڕوونـاکی دەکاتـەوە و خەڵکی لە بەرنامەی پێغەمبەر کۆدەکاتەوە.
مورید: بریتییە لەو کەسەی کە ڕەفزی کاری خراپ دەکـا و نـەهی لـە خراپـەدەکا جـا بەدەست بێ یان بە زمان یاخود بە دڵ ئەگەر بە دڵ بوو ئەوا لاوازترین ئیمانە.
مورید: لە دونیادا تێکۆشـەرە و لـە جیهـانی ڕۆحـدا دوای مـردن هاوکـاری ئـەهلی عیبادەت دەکا.
مورید: ئەو کەسەیە کە دەیەوێت لە کۆمەڵگەدا پاکترین کەس بێ.
مورید: بەرەکەتی دەوێت.
مورید: قوتابی و فێرخوازی زانستی تەسەوفە.
مورید: دەیەوێت فێرببێت کە چۆن لە خودا نزیك دەبێتەوە
مورید: ئەوەیە کە یەقینی دەوێت(دڵنیایی)جـا دڵنیـایی بەزانسـت(علم الـيقين) ، دڵنیایی بەدیتن(عين اليقين) ، دڵنیایی بەڕاستی(حق اليقين).

موريد : دەيەوێت بگاتە ئەو پلەيەی كە دوعاكانی گیرابن ، پلەی دۆستايەتی خودا، بگاتە پلەی نەمری، بگاتە ئەو پلەيەی كە ئەگەر ئەو ويستی خوداش بيەوێت، بگاتە ئەو پلەيەی كە شێخەكانی تەريقەت پێيگەيیوون.

موريد: ئەو كەسەيە كە دەيەوێت لە هەموو لايەنێكەوە ببێتە وێنەيەكی بچووككراوی حەزرەتی پێغەمبەر.

موريد: ئەو كەسەيە دەيەوێت ببێتە ڕوحانييێك لە دۆستانی خودا.

موريد: دەيەوێت ببێتە مرۆڤێكی تەواو.

موريد: دوارۆژی دەوێت، دەيەوێت لە پردی سیڕات بپەڕێتەوە واتە دەيەوێت لەوانە بێت كە لە دونيا و دوارۆژ دەربازيان بووە، بەڵكو دەيەوێت لەو كەسانە بێت كە بەخودا گەيشتوون.

موريد: ئەو كەسەيە دەيەوێت لە دوارۆژدا لەسەربازگەی پێغەمبەر بێت و لە چينە تايبەتەكەی پێغەمبەر بێ يختص برحمته من يشا.

موريد: موسڵمانێكی تەواوە، واتە خاوەن شەريعەت و تەريقەتە.

موريد: ئەو كەسەيە كە ويست و ئارەزووی خۆی بەوەرع و كۆشش و عيبادەت دەكوژێت.

موريد: ئارامگرە ، خۆپارێزە، دەم و دڵ بەزيكرە.

موريد: خاوەنی ويردە.

موريد: گەشتيارێكە بەرەو پيرانی تەريقەت، بەرەو قورئان، بەرەو پێغەمبەر، بەرەو خودا.

موريد: موسافيرێكی بەڕوحە بەرەو خودا.

موريد: دڵدارە.

موريد: ويستی گەيشتن بە تاكانەيی زاتی خوای هەيە لەگەڵ شێخەكەی. موسوعه الكسنزان:١٠/١٨٨

مەرکانەی گوڵە ڕێحانە قامەت
تاریف ناکرێ بە سەر و سەودا
ئەو بەرقی نورین دڵی مە هەودا[٧٠]
گەلێ دوور بووە لە لەهووتەڕەب[٧١]
مەرقەدی کەرخی تریاق موجەڕەب
لەدوای شێخ﴿مەعروف﴾لە تەختی غەوسی[٧٢]
﴿سەڕی سەقەتی﴾ هاتە سەر کورسی ١٣-شێخ سەڕی سەقەتی قدس الله سره
دارای دڵێك بوو بە خووی ئەحمەدی
سەرچاوگەی ڕاستی و پاکی سەرمەدی
بارانی خێر بوو بۆ سارای دەروون
عەسای موسا بوو بۆ حاڵی زەبوون

---

٧٠ شێخ موحەممەدی کەسنەزان: بەرق، بریسکەی یەکتاپەرستییە لە مەلەکوتی مرۆڤدا لە کاتی ئاوێتەبوونی سیفەتی حەقیقەت لەگەڵ سیفەتی ئافرێنراو دەردەچێ. موسوعە الکسنزان:٢/١٥٩.

٧١ لەهووتەڕەب: گاڵتە و گەپ. ڕابواردن.

٧٢ ئیبن عەرەبی دەفەرموێ: غەوس تاقانەی سەردەمی خۆیەتی و خاوەنی ئەو سەردەمەیە تاکی ئەو غەوسە بریتییە لە قوتب. شێخ ئەبولحەسەنی شازلی دەفەرموێ: غەوس جێنشینی خوایە لەسەر زەوی بۆیە خوا ناوەکانی خۆی لەو کەسە بەدەردەخا . شێخ عەلی بەندەنیجی قادری دەفەرموێ: غەوس جێگری پێغەمبەرەو ئەو شوێنگەی دەرکەوتنی خودایە بە جوانی و شکۆوە. موسوعە الکسنزان:١٧/٩٨-١٠١.

وێـــنەی زۆر کـــەمـە بـەدەسـتـدەهـەنـدە[٧٣]

هەر چەند مەدحی کەی زیـاتر پەسـەنـدە

سـەڕی جـانـانـە و شـێـخـی بەغـدادی[٧٤]

دوو گـــوڵـــی جـوانـــی بـاغی شـــەدادی

خـاڵووخـــوارزا تـــەرجـــومـــانـــی دڵ[٧٥]

ئەهلی شەوق و حاڵ دوو مەرکانەی گوڵ[٧٦]

خـەرقـەی لـەبەر کرد جـونـەیـدی ئـەڕبـاب[٧٧] ١٤–شێخ جونەیدی بەغدادی قدس الله سره

چـاو پـیـاڵـەی نـور قـەنـدیـلی مـیـحراب[٧٨]

(سـەیـدی تائـیـفـان) نـازنـاوی ئـەوە[٧٩]

بـــە ڕۆژ بـــەڕۆژوو، عـــابـــیـدی شـــەوە

---

٧٣ دەستدەهەندە: سەخی، دەسئاوالا.

٧٤ شێخی بەغدادی: مەبەست شێخ جونەیدە.

٧٥ تەرجومانی دڵ: چەمکێکی سۆفیگەرییە و تایبەتە بەو کەسانەی لە حاڵاتی دڵ دەزانن. خاڵ و خوارزا: سڕی سەقەتی دەبێتە خاڵی جونەیدی بەغدادی.

٧٦ حاڵ نورێکە دەکەوێتە دڵی دەروێش ، سەرچاوگەی ئەو نورەش یان لە حەزرەتی ڕەسولەڵایە یان لە نوری زکرە و عیبادەتە یان لە شێخەوەیە. ئەو نورە خۆراکی دڵی دەروێشە. موسوعە الکسنزان:٣١٥/٥.

٧٧ ئەڕباب: پەروەردەکار.

٧٨ میحراب واتە خەڵوەکێشان و دوورەپەرێزی.

٧٩ سید الطائفتین: گەورەی دوو گرۆه. نازناوی شێخ جونەیدی بەغدادییە، واتە شێخ جونەید گەورەی زانایانی شەرع و شێخی پیرانی تەریقەتە.

گـەوهـەری بـەحـری سیـڕ و وەفـایـە

ڕازی حـەوت خـاڵـی (یـا مـوستـەفـایـە)[٨٠]

ئـازاری عـەشـقی بـە ڕوح چـەشـت بوو[٨١]

بـە ئـەعـلا مـەقام: بە خوا گەشت بوو[٨٢]

﴿جونەید بەغدادی﴾ ڕێـدا بە شبلی

﴿شـێخ ئەبـوبەکر﴾ کـلـیلی قـوفـلـی ١٥-شێخ ئەبوبەکری شیبلی قدس الله سره

بـولـبـولـی ئـەسـڕاڕ بـە مەعنا مورید

زوو نیشتەجێ بوو لە کورسی تەوحید[٨٣]

ساحێب هەزار حـاڵ[٨٤] عـالـمی زاهیـر

پێـشـەنگی ئومـمەت عـاریفی باهیـر[٨٥]

---

٨٠ لە (عیلمی حروف) زانستی پیتەکان نوختـەی پیتـەکانیش بـێ مانـا نـیین بـۆ نمونە بە ئیمام عەلی دەوترێ حەقیقەتی نوقتەی بائی

٨١ ئازار: قەڵایەکە بە پارێزگاری خودا بەندە لە بەڵا دەپارێزێ.موسوعە الکسنزان:١/٢٩٤

٨٢ سەید مەحمود ئەبو فەیزی مەنوفی: مەقامەکان بریتییە لـەو قۆناغانـەی کـە دەروێش بەرەو خودا دەیبڕێ. موسوعە الکسنزان:١٨/٤٢٥.

٨٣ شـێخی شـیبلی هاوڕێیـەکی دڵسـۆزی حـەلاج بـووە و لـە هـەموو جـۆرە بیرکردنەوەیەك وەکو یەك بووینە بەڵام حەلاج نهێنییەکەی خۆی ئاشکرا کـردووە و شبلی ئەو کارەی نەکردووە.

٨٤ هەروەکو لە ژیاننامەکەشی ڕوونمان کردۆتەوە شێخی شبلی زۆربەی تەمـەنی بە جەزبە و حاڵ بەڕێکردووە.

٨٥ باهیر: هەڵکەوتوو، نایاب.

سۆزی دڵـی ئــەو زۆر شــیفــابــەخـشە

نــوری لـە زەمیــن وەشـان و پـەخـشـە

شــاگــردی﴿جونەید﴾ هــەر ئەبێ وابێ

شـیـریـن ڕەفـتـار و مـوحـیـبـی خوا بێ

دڵی لای حەق بــوو، پشت لە دونیا بوو

بــۆعـیـلمی بـاتـیـن[86] وەکو دەریـا بوو

ڕەحـمەت ببـارێ وەك ســەیلی بـاران

بە سەر خۆشەویست گشت ئال و یاران

شـیـبـلی هەوڵـی دا تـا مـەرگـی نۆشی

ڕەحـمەت دایـبگرێ بـەسـەفای خـۆشی

پــاشی﴿شێخ شبلی﴾نوری ئــاسـمـانی

بــوو بە تاج لەسەر﴿واحید یەممـانی﴾

١٦-شێخ عەبدولواحیدی یەممانی

قدس الله سره

---

٨٦ زانستی پەنهانی (علم الباطن) ڕازێکـە لـە ڕازەکـانی خـودا کـە دەیخاتـە دڵـی دۆستانی خۆی، ئیدی ئەو دۆستانەش نە بۆ هیچ فریشتەیەك نە بۆ هیچ کەسێکی دی ئاشکرای ناکەن.

شێخ موحەممەدی کەسنەزان: زانستی پەنهانی زانستێکە پەیوەستە بە کاروباری پەنهانی(کاروباری دڵ و دەروون) ئەو کاروبارانەش بریتین لە حاڵ و مەقامەکانی وەکو: تەسدیق، ئیمان، یەقین، مەعریفـەت، تـەوەکول، مەحەببـەت، ڕەزا، زکـر، شـوکر، تـەقوا، تـرس و تکـا ، قـوڕب، شـەوق، وەجـد و هەیبـەت... الموسـوعە الکسنزان:٣ /٢٩١.

شکۆ و شـەوکەتی شـای کردە گـەدا

عـالەمی لــەرزانــد ئــیـمـامــی هـودا

ڕاوی لە ڕۆژ بوو هێلانەی بوو مـانـگ

بـە شەو نەخـەوتوو هەتاوەکو بانـگ[٨٧]

لە چوارسـەدودە ئـەو لـە خۆراسـان

وەفــاتی فەرموو سەرداری خـاسـان

﴿❁شێخ عەبدولواحید❁﴾مینای تاوسی[٨٨]

قەڵەمڕەوی دا ﴿❁فەرەج تەڕسوسی❁﴾ ١٧-شێخ ئەبولفەرەجی تەرسوسی قدس الله سره

ئەستێـرەی سـوریا لای خوا عـەیانە

تەرسـوسی سـەری گشـت زانـایـانە

ئــەو پـیاوەچاکە سـەیـلی سـەفایە

کـانی بــورهـانــە نـەزەر شـیـفـایـە[٨٩]

---

٨٧ شەو قەڵای مێرانە، پیاوچاکان پتر لە شەودا عیبادەت و موڕاقەبەیان کردووە.

٨٨ لە جوانی و شکۆمەندی ناخەوە وەکو تاوسە، مینا:وەکو.

٨٩ نەزەر: نیگا، ڕوانین. لە نیشانەکانی ویلایەتە(دۆستایەتی خوا) شێخ عەلی کوڕی موحەممەدی سەخاوی دەفەرموێت: سەید ئەحمەدی بەدەوی ئەگەر نەزەرێکی تایبەتی لە موریدێك کردبا ئەوا هەر بەو نەزەرە دەیگەیاندە پایەی بینین(مەقامی شهود).هەروەکو لە سیرەشدا هاتووە چەندین جار پێغەمبەر بە یەك دیتن و ڕوانین خەڵکی لە کوفرەوە دەکردە ئەسحاب و ئەسحابەش باشترینی ئوممەتی پێغەمبەرن. نیگای پیاوچاکان زۆر بەسود و بە کەڵکە لە کتێبەکانی تایبەت بە تەریقەت زۆری لەسەر وتراوە. موسوعە الکسنزان: ٢٠

تـەریقــەت نـامریٚ دەگـەشـێــتـەوە
ســورِەیـای خـــودا نــاكــوژێـتــەوە[٩٠]
دونیا ڕوون ئەكا بەچەشنی بەهەشت
بــیابـانی لـم دەكـا بەجـێـی گەشـت
نـوری خـودایـی ئەوجـار بـوو كـاری
لە ڕوحی﴿ئوستاد، عـەلی هەكـكاری﴾

١٨–شێخ عەلی هەكاری
قدس الله سره

عـەلـی سـیـفـەتـە مــەردی زەمـانـە
خەزێـنـەی عـیلم و بەحری سامـانە[٩١]
موسا لە هیممەت[٩٢]، عیسا لە پاكـی
ئەیوب لە سەبر ئەحمەد لە چـاكـی[٩٣]

---

٩٠ يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (الصف :٨)
واتە: گەرەكیانە نوری خودا هەر بە فـووی دەم وەكـوژێنن. خـواش نـوری خـۆی هەر سەر دەخا، جا با خودانەناسانیش خۆشیان نەیەت.

٩١ شێخ عەلی هەكاری لە زانستدا زۆر دەست بالاَ بووە هەروەكو لە ژیانەكەشـیدا نمونەمان هێناوەتەوە.

٩٢ موسـا پێغەمبــەر یەكێكـە لـە پێغەمبــەرانی اولـوا العـزم و زۆری هــەولَ داوە لەپێناو خزمەتی یەكتاپەرستی.

٩٣ پیاوچاكان شوێنگرەوەی زانست و ئاكار و بانگەوازی پێغەمبەرانن. هەروەكو لە فەرمودەدا هاتووە: العلماء ورثة الانبیاء

بارانی ڕەحمەت کە گرتی شوێنێ
بەرد و داری ڕەق بە زمان دێنێ
نوری خوا دەڕوا ئەو سەر تا ئەو سەر
هومای سوبحانی[٩٤] دەبێتە سێبەر
﴿سەعید مەخزومی﴾ شای عالی جەناب ١٩-شێخ سەعیدی مەخزومی
بووە ئوستاد و نەما لە حیجاب قدس الله سره
کردەی خوا خێرا بەرهەمی دەڕوێ
بە چەند ڕۆژوشەو گەردوون ڕێك دەخرێ[٩٥]
قازی بەغدا بوو زۆر دڵروناك بوو
لای زومرەی چاکان ناوی ئەو تاك بوو
نەزەری خێری تەئسیری هەبوو
شەرابی وەسڵ و ئیکسیری هەبوو[٩٦]

---

٩٤ هوما: باڵندەیەکی ئەفسانەییە گوایە لەسەر شانی هەر کەسێ بنیشێتەوە دەبێتە پاشا.

٩٥ خوایەك بتوانێ بە چەند ڕۆژ و شەوێك ئەو گەردوونە و بە دروستکراوەکانییەوە ڕێکبخا و بئافەرێنێ، دەبێ چەندە سوك و سێنا بێ کە دڵی موسڵمانێك بکاتە خۆی و لای خۆی گەورەی بکا.

٩٦ شەڕاب: هەوێنێکە کە مانای خودایی و دەرکەوتنی خوایی هەیە. شەڕاب واتە عیشق. شورب: مەستی بە بادەی خۆشەویستی خوایی. موسوعە الکسنزان، ٥٥/١٢:

خـەزانـەی عـیـلـم، عــیـلـمی بـە عـەمـەل[٩٧]

شـــمـــس الـــمـــعـــرفـــــــە، قـــاصـــر الامـــل[٩٨]

شێست وحەوت ساڵ بوو وەختێ کۆچی کرد

لـە خـانــوچـکەی ژیـن هـەر زوو بـاری کـرد

تـاجی ســەری خــۆی دا بـە شای لەیـلان[٩٩]

٢٠-شێخ عەبدولقادری گەیلانی قدس الله سره

﴿شـێـخ عەبدولقادر غــەوســەکـەی گەیلان﴾

چــاو داخـــەن تــوخــوا غـەوس پـڕ نـــوره

نـەوەك زامـدار بـن لـەمـــعــــێکی تــــوڕە[١٠٠]

---

٩٧ ئـەو کاتـە زانسـت بـەهای هەیـە کـە کـردەوەی پێبکـرێ. ئیمـامی غـەزالی فەرمویەتی: العلم بلا عمل جنون و عمل بلا علم لا یکون. واتـە: زانسـتی بـێ کردەوە شێتییە و کردەوەش بێ زانست ناکرێ و سەرناگرێ.

٩٨ شمـس المعرفــە: هــەتاوی زانیـاری، شـێخ لــە زانسـتدا لێهـاتوو بـووە و مامۆستایەکی وانەبێژ بووە تا فەوتی کردوە، لەگەڵ ئەو دەسەلاَت و زاستەی کـە هەیبووە لە خۆی نەگۆڕاوە و پەتی هیوای لە ژێر زەوی ڕانەخست بوو.

٩٩ شاهی هەموو لەیلەکان مەعشوقەکان شێخی گـەیلانی مەعشـوقی مەعشـوقانە چـونکە مەککـەی موڕشـیدانە و کاکڵـەی نـاوکی حەقیقەتـە و قـوتبی تەسـڕوفاتە هەموو ئەو شێخانەی پێش ئەو سـەربەخۆیانن بـەلاَم هـەر شـێخێ لـە دوای شـێخ عەبدولقادر هاتبێ دەبێ سەر بە شێخ عەبدولقادر بێ و خۆ بە ئەو هەلبداتەوە.

١٠٠ توڕ: ئەو شاخە بوو کە حەزرەتی موسا لەگەڵ بـاری حـەق تـەعالا گفتوگـۆی دەکرد. لەمع: بریسکە

شێخی جنۆکان ئوستادی ئینسان[101]
بوونە سەگی دەر گەورە و ڕەئیسان
تەختی ( قادری ) تۆ بنیاتت نا
عەرشی ئەبەدیت بۆ قادری دانا
شاهەنشای ڕێگەی قادریە تۆی
خاوەن مەدەد و مەزار و گڵکۆی
حەزرەتی غەوس چاو بچەرخێنێ[102]
خومرەی جەزبە و حاڵ نور دەخوڵقێنێ[103]
تەججوه بکا لە گاشەبەردێ[104]

---

١٠١ شێخی گەورە ئیبن عەرەبی قدس سره: شێخ خاوەنی پایەی بانگەوازی خواییە. بە شێخ دەوترێ ئوستاز یان شوێنگرەوەی پێغەمبەرایەتی بێ ئەوەی کەسەکە پێغەمبەر بێ، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە ئەهلی تەریقەت فەرموویانە ئەوەی ئوستازێکی(ڕێبەر ڕوحی) نەبێ شەیتان دەبێتە ئوستازی. موسوعە الکسنزان:١٢. جنۆکە: بونەوەری خودان و لە تاوی ئاگر دروست کراون. شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان دەفەرموێ: جنۆکە وەکو ئێمە وان بەڵام چونکە جسمیان لەتیفە نابینرێن مەگەر ئەولیایەك یان کەسێکی زۆر چاك. هەندێ لەو جنۆکانە موسڵمان و ملکەچی ئیسلامن و بڕێ لەو بڕوادارانە ئەهلی تەسەوفن وەکو لە کتێبەکانی تەسەوف ئاماژەیان بۆ کراوە.

١٠٢ شێخ ئەحمەدی کوڕی عەجیبە دەفەرموێ: حەزرەت واتە ئامادەگی دڵ لەگەڵ خودا. موسوعە الکسنزان:٦/٥

١٠٣ خومرە: هەوێن. شێخ موحەممەد موڕادی نەقشبەندی دەفەرمووێ: جەزبە ئارەزوو و خۆشەویستییە بۆ خودا. موسوعە الکسنزان:٨٨/٤.

١٠٤ تەوەججوه: ڕووتێکردن و نەزەری خێری پیاوچاکان بە دڵ.

دەبـێـتـە حوشتـر گـیـانی وەبەردێ[105]

(جـلـیــس الـلـە) بــوو سـولـّتانی زاکیـر[106]

غــەرقــی تــەجــەلا بــاتـیــن و زاهـیــر[107]

ســـەرم دانـــەوانــد کـە نــوسـیـم نــاوت

شــەرمـم کـرد چـاوم کـەوێ بــە چـاوت[108]

خــاتـردارەکـــەی نـــازداری حـەسـەن[109]

یـادی کۆن نـابــێ بــە مـروری زەمـەن

وەســفـت بــە زمان هــەرگـیز نـەگونـجا

یــا غەوسی ئەعزەم[110] یــا دەروی ڕەجا

بـــەغــدا بـــەدەوری تـــۆدا دەســـوڕێ

دەروێــشی شـەیــدا لـەدووت دەگـەڕێ[111]

---

١٠٥ ئاماژەیە بە مەعجیزەی حەزرەتی صالح کە وشتریکی لە بەردێك دەرهێنا.

١٠٦ ئاماژەیە بۆفەرمودەی(انا جلیس من ذکرني).من هاونشینی ئەوەم کە یادم دەکا.

١٠٧ تەجەلا:دەرکــــەوتنی نـــوری خودایـــە لــــە دڵـــی موریدان.موســـوعە الکسنزان:٤/٢٦٦

١٠٨ ئەولیا کە ناویان بێت ڕوحانییەتیان ئامادە دەبێت.

١٠٩ شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی لـە نـەوەی ئیمـامی حەسـەنی کـوڕی ئیمـامی عەلییە واتە حەسەنییە.

١١٠ غەوسی ئەعزەم پایەیەکی تایبەتییە بە مەولانا شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

١١١ لــە ژیــانی ســەدان و هــەزاران پیاوچــاك دا هــاتووە کــە تــاوەکو خۆیــان نەگەیاندۆتە غەوسی گەیلانی بە هیچ نەگەیشتوون.

سەرچاوەی باتیـن لە تۆ سەردەگریٚ

هەموو پیاوچاکیٚ نورت وەردەگریٚ

پۆستی تەریقەت دەولەی حازری

رۆحی مەعنەوی، سیڕی قادری

قوتبی ئەقتابە[112] واریسی نەبی

شێخ نەبووە نابیٚ لیت چاتر هەبی[113]

(شاهی موحییەدین) بازی حەسەنی[114]

شێخی دوڕدانە[115] لەعلی یەمەنی[116]

بۆتەریقەتان تۆی سەرەگریٚ[117]

هەرکەسیٚ چاك بیٚ خێرت پیٚ دەبڕی

---

١١٢ شێخ کەمالەدینی قاشانی دەفەرمویٚ: قوتبی ئەقتاب ئەو کەسەیە کە قوتبەکانی دی هێزی خۆیانی لێوەردەگرن.موسوعە الکسنزان:١٨/١٨.

١١٣ بەگوێرەی ڕاوبۆچوونی هەموو ئەهلی تەریقەت شێخ عەبدولقادری گەیلانی سولٚتانی هەموو ئەولیایە و کەس لە نێو شێخانی تەریقەت لەو سەرتر نییە.

١١٤ نازناوی موحییەدین(زیندووکەرەوەی دین) بۆ شێخ عەبدولقادر دانراوە چونکە بە هەزاران کەس لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان کردووە و موسڵمان بوینە تا ئێستاش ڕۆژانە خەڵکی لە ڕێبازەکەی ئەو کۆدەبنەوە و کۆڕی زیکر دەبەستن.

١١٥ دوڕدانە: مرواری گەورە و گرانبەها کە بەتەنیایی ناو سەدەفی پڕکردبێتەوە.

١١٦ لەعلی یەمەن: جۆرە بەردێکی بە قیممەتە.

١١٧ تەریقەتی قادری بە دەیان لق و پۆپی لێبۆتەوە ئەگەر بەس نمونە لە باشوری کوردستان وەربگرین: کەسنەزانی، ولیانی، بەرزنجی، قەرەچێواری، باقلانی، بریفکانی، سۆڵەیی و شازلی، ...

کاتیٚ ئەولیای لە ژێر پێی خۆی نـا[118]

ڕووی لە بارەگای خودای گەورە نا[119]

لــەدوای شـاپــەڕی تاوسـی ئافـــاق[120]

بووە حـکومەت ﴿شێـخ عبـدالرزاق﴾ ٢١-شێخ عەبدوڕەززاقی گەیلانی قدس الله سره

قـــازی مەحکەمەی باتیـن و سیـنـە

جێـگـەنشـینی تـەهـای یـاسـینـە

ئەسیر بوو[121] بەڵام ئەسیـری مــەولا

ئەشرەفی ئەوتاد لـە پایەی ئەعـلا[122]

---

١١٨ ئاماژەیە بۆ فەرمودەی شێخ عەبدولقادر کە فەرموویەتی : (قدمی هـذا علـی رقبة کل ولی) واتە پێی مـن لەسـەر شـانی هـەموو وەلییێکـە ئیـدی هـەموو ئـەولیا شانیان نزم کرد بۆ فەرمودەکەی شێخ.

١١٩ شێخ بەو کەڕامەتـەی و دوای کەشـف بـوونی مەقامەکـەی کـاری تـەواو بـوو ئیدی ئەرکی نەما و وەفاتی فەرموو.

١٢٠ تاوسی ئافاق: مەبەسـت لێـی پێغەمبـەرە، کـە لـە شـەوی میعـراج ئاسمـانی ڕازاندەوە.

١٢١ شێخ موحەممەد کەسنەزان دەفەرمویٚ: ئەسیر ئەو کەسەیە هـەموو دەمـیٚ لە حاڵەتی بینین(شهود) دا بیٚ. موسوعه الکسنزان:١/٢٦٨.

١٢٢ ئـیبن عــەڕەبی دەفــەرمویٚ: ئــەوتاد ئــەهلی ئیســتیقامەت(بەردەوامی و پێداگری) و ڕاستین، چـوار کەسـن شـوێنیان لـە چـوار جەمسـەرەکەی جیهانـە: ڕۆژهــەڵات، ڕۆژئــاوا، بـاکور و باشـور، شـوێنی هـەر یـەکێکیان لـەو ئاڕاسـتەیە. موسوعه الکسنزان:٢١/١٤١.

کامیل، موکەمیل، نور الطریقة[123]

قطب الواصلین. کنز الحقیقة[124]

تەریق گرپیدا لە پاش گەیلانی

بردییە ئاسمان ﴿داودی سانی﴾

٢٢-شێخ داودی سانی قدس الله سره

بە هەیکەل بەشەر ڕوحی بەرەکەت

ئەستێرەی سەمای سامالی شەوکەت

پالەوانەکەی تایفەی قادری

سەنەدی سابیت، لە دڵ حازری

ناوی﴿شێخ داود﴾کە نوسرا لە دڵ

بۆ دزی نەفس ڕوح ئەدری قفڵ[125]

(داودی سانی)پەیڕەوی خۆی دا[126]

٢٣-شێخ موحەممەد قدس الله سره غەریبولا

بە﴿شێخ موحەممەد غەریبی خودا﴾[127]

---

١٢٣ کامیل مرۆڤێکی پێگەیشتووە تاڕادەی تەواوبوون، زانستی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت تەواوکردووە.

١٢٤ قطب الواصلین: کاکی هەموو ئەوانەی کە بە خوا گەیشتوون. کنز الحقیقە: گەنجینەی حەقیقەت و ڕاستی.

١٢٥ شێخ ئەگەر کامیل بێ دەبێ وا لە مورید بکا تەقوای خوای لا خۆشەویست بێ و لە داوای نەفس پشت هەڵبکا.

١٢٦ لە هەندێك لە سیلسیلەکانی تەریقەتی قادری دوای شێخ داود شێخی گەورە بن عەرەبی ناوی تۆمارکراوە، خۆی دەگونجێت بن عەرەبی مۆڵەت پێدراوی تەریقەتی قادری بێت بەڵام وەکو مورشیدێکی ئەم تەریقەتی قادری کەسنەزانییە نایێتە ئەژمار و مورشیدی شێخ محمد غریب الله نەبووە.

لە من هاوارە خۆزگە ئەمبینی

تا لە خزمەتت نورم ئەبینی

ئاگری عیشقت لە جەرگم بەر بوو

کانیاوی شیعر لە زارم دەر بوو[١٢٨]

سورەییایەك بوو لە ئاسمانی خودا

نوری بە ڕوحی دەروێشان ئەدا

ئەیبەخشی مالّی: بەرەکەتی ڕوح

مەلهەمی شیفای سینەیی مەجڕوح

ڕوح سەلامەتە لە ڕێگای چاکان

خاوێن دەبییەوە لای گرۆی پاکان

٢٤-شێخ عەبدولفەتاحی سەیاح قدس الله سره

لە﴿شێخ موحەممەد﴾ بۆ ﴿عەبدولفەتاح﴾

خوداناسەکەی ناسراو بە سەیاح

خەلیفەی خودا[١٢٩]، عیسا سیفەت بوو

لە ئیسحان دەرچوو ساحێب ئولفەت بوو

---

١٢٧ ناوی تەواوی خۆی لە سیلسیلەکەدا شێخ موحەممەد غەریبولّایە.

١٢٨ ئەم دێڕە ئاماژەیە بۆ خەونێکم کە لە ئانی نوسینی ئەم کتێبۆکە بینیم بەلّام حەزم لە نوسینەوەی خەون نییە.

١٢٩ شێخ ئەبولحەسەنی شازلی دەفەرموێ:خەلیفەی خودا(جێنشینی خودا): واتە غەوس، خودا بە ناوەکانی خۆی جیلوەی خۆی بۆ دەردەخا. موسوعە الکسنزان:٦/٢٨١.

سـەخـاوەت ڕەفـتـار بــە دڵ تـەمـاشـا

مـیـنـاکـی هـەبـێ؟ نــەوەڵا ، حــاشـا

ئـەو مورشیدێـك بوو بۆ مـوریدی دڵ[130]

شـێــخی دڵپــەروەر بــە هــەزار شکڵ

لـــە پـاش سـەیـاحی گـوڵـنـازی باسم

هاتـە سـەردەستی﴿موحەممەد قاسم﴾

٢٥-شێخ موحەممەد قاسم قدس الله سره

پــاڵــەوانــەکــەی ئـیـرشــاد[131] و نـەزەر

مـەردی مەیـدانی شـــاری پـێـغـەمـبـەرﷺ

ســــەرڕاســــت و ئـــازا بـــــەزار و کـــردار

صــاحـێـبـی خـاتـــر لای پـــەروەردیــگار

لــەبــۆ تـەریـقـەت ســـــوپـاســـالاری

ڕەحـــمــەتـی خـودات بـەسەر بـــباری

---

١٣٠ ئیمامی جەعفەری صادق فەرمویەتی: خـودای گـەورە بـڕێ بەنـدەی هـەن پێیان لەسـەر زەوییـە و ڕوحییـان لـە ئاسمانـە، ڕۆحـی ئـەوان لای خوایـە، بـەڵێ ئەوانە موریدن ئەوانە جەستەیان لە دونیادایە و دڵیان لە دوارۆژە و ڕۆحیـان هـەر لەلای خوایە. موسوعه الکسنزان:١٨٣/٩

غەوسی گەیلانی فەرمویەتی: مورید دەبێ هـەردەم ڕوو لـە خـودا بـێ و ملکەچـی خوا بێ، پشتی لە غەیری خودا کرد بێ. هەمان سەرچاوە ص١٨٥

١٣١ ئیرشاد: ڕێنمایی خەڵك.

مەملـــەکـەتـی حـــوب[١٣٢] ڕازاوە جــوان

﴿موحەممەد صادق﴾ لێی بوو بە میوان ٢٦-شێخ موحەممەد صادق

پۆستـــنشینیٚ بـوو دەرمـانــزانـی حــالٚ قدس الله سره

خــاوەنـی ڕوتــبـەی مــەدار و کەمــالٚ[١٣٣]

عـومری پـڕ خـێری لـە پێـناو خـوا بوو

داری بـەهـەشــتـی لـە سـینـە ڕوا بـوو

بـیٚ نـەفـس و کـیـبـر و فیز و هەوا بوو

شـێـخـی فەقیـردۆس چـەتـری هەتیوان

پـارووی بــرسـیـیـان خـادیـمی مـیـوان

پـاشـی ئـەو جـوانە هاتــە ســەر شانـی

﴿حوسێن بەصرایی﴾ ناسراو بـەحرانی ٢٧-شێخ حوسێنی بەصرایی

خــــەلافـــەتـــداری نـــور و ئـــاگـــری قدس الله سره

چ نـــەقـــشـەبـــەندی یـاخــود قــادری[١٣٤]

خــاوەنــی خــوانی عـیـشـقی ڕەببانی

شــاگردی دەزگای (قـوتـبی گـەیـلانی)

---

١٣٢ حوب: خۆشەویستی، شێخ داودی تائی دەفەرمویٚ : خۆشەویستی واتە بە بەردەوامی یادی دۆست بکەی.موسوعە الکسنزان: ١٧/٦

١٣٣ کەمال ئەو کەسەیە کە لەو گۆڕەی لەگەلٚ خەلٚکی بیٚ و لە دەروونی خۆشی لەگەلٚ خوا بیٚ. موسوعە الکسنزان:١٩٧/١٩

١٣٤ ئەم شێخە نازدارە موجازی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بووە بەلاٚم ئیرشادی تەریقەتی قادری دەکرد.

مــەلایــك سیـفـەت ئەنـبیا خیلـقەت

سـولْـتــانی تـەخـتـی تـەلاّی تەریقـەت

بـە تــۆوە جـوانـە ئـا ئـەم سیـلسیـلە

شـیْـخـی عــاریـفــان حەتـمـەن کامیلە

لـەنــــاو دەرویْـــشـان مــۆم و چـرا بوو

هـەمـیـشە بـۆ خوا خۆی هەڵگیرسا بوو

گوڵی نور داکەت لـە (شیْــخ بەصـرای)

هاتە نیْودەستی﴿ئەحمەد ئەحسـایی﴾ ٢٨–شیْخ ئەحمەدی ئەحسائی قدس سره

ئەحمەد صیفەت بوو زانـا و میـر هەیکل

ڕۆژ لــە نــوریــدا دەڕۆیـــی لـــە کـــەل

لــە ژەهـــری تـاوان دلْـەکـەی پـاك بــوو

بــۆ چاکە و خـیْرات بە ویْنەی خاك بوو

سـاحـیْـبـی ئـیـحسان، ڕەمزی مەعانی

لـە (قـالوا بـلـی) عـاشـقـی ڕەبـبــانــی

لـە سـای ئەحـسائی شـیْـــخی نورانـــی[١٣٥]

خـــەرقـــەی لەبــەرکـرد ﴿پیری ولیانــی ﴾ ٢٩– شیْخ ئیسماعیلی ولیانی قدس سره

قـوتـبـی ئیـرشــاد بـوو، حافزی قورئـان

بە تـەلاّی دەست نویْژ لە گشت دەم وئان

١٣٥ لـە سـای ئەحسـائی: لەبـەر کیْشـی بڕگـەیی شـیعرەکە کورتمـان کردۆتـەوە ئەگینا بەخۆی لە سایەی ئەحسائییە.

لــه تــەریقـەتــدا لــەپاش گــەیــلانـی
تــاکــه عـــاریـــفــه شاهــی ولــیــانـی[١٣٦]
قــوتــبی مــەداره لــه عــێــراق و شـام
چــرای سـەر ڕێــیــه بۆ خـاس و عـەوام
لــه سەمای عـیززەت خاوەن نیشان بوو
کەعـبەی ئەنواری گشت دەروێشان بوو[١٣٧]
کەڕامــەتی ئـەو نـایـڵێ سـەد دەفـتـەر
لـەبـەر دینی خوا خۆی خسته خـەتەر
بەیعەتی ئــەدا دەسـتـی ڕەش ئـەبـوو[١٣٨]
بـەلاّم لـه دڵـدا شــاد و گــەش ئەبـوو
کــلــیــلــی دەرگــای خــودای دەزانــی
بــۆیـه وا بـــەرزه کـه کــەس نـەیــزانـی

١٣٦ چونکه شێخ ئیسماعیل یەکەمین کەس بووه تەریقەتی قادری هێناوەتـەوه کوردستان و برەوی پێداوه.

١٣٧ زۆرینەی زۆری سیلسیلەکانی تەریقەتی قادری لـه ناوچـەکانی کوردسـتاندا دەگەڕێنەوه بۆ پیری ولیانی.

١٣٨ ئاماژەیـه بـه کەڕامـەتێکی شـێخ ئیسـماعیل لـه بەشـی ژیاننامـه باسمـان کردووه.

٣٠-شێخ موحیەدینی کەرکوک
قدس الله سره

شـەپـۆلـی ڕەحـمی ﴿مالك یـوم الدیـن﴾
دایـگرت مـەقـامی﴿شێخی موحیەدین﴾[١٣٩]
فـــەزڵ و هــونـــەری نــاکــریٚ  وێـنـەی
بـــۆ چـاوی دەروێــش وەکــو گـلـێـنەی
ئـــالأبــەدەســتی چـــینی خــاسان بوو
دڵـی مـیـنـبـەری چـاکـەخــوازی بـــوو
مــوڕشیدی حەکیم خوای لیٚ رازی بـوو
وەك ئاوی بەهەشت شیرین گوفتار بـوو
لـــە حـــەکــیـمـیدا وەکـو عەتتـار بـوو
هـــەرکـەسیٚ بـەحەق ببـیٚ بە دەروێش
دوارۆژ نـــابـــیـنــیٚ جـــەهـــەنـــەم و ئێش
مەشهور(کـەرکـوکی) موڕشید و ئوستاد
خـــەڵوەکــێـشیٚ بـوو مەعدەنی ئیمداد
لـــەگـــەڵ چـاکان بی بە چـــاك ژمـاری
لـەگـــەڵ نـــەخــۆشـــان لات و بـیـمـاری

---

١٣٩ کوڕ و خزمە نزیکەکانی شێخ ئیسماعیل هەموویان پیاوی گەورە و خوانـاس و لێــزان و بەرهەمــدار بـــوون لەوانـــە: شـــێخ حەســـەنی گلـــەزەردە و شـــێخ عەبدوسەمەدی گلەزەردە و شێخ موحییەدین ...

وریـــا بـه چـاکـیٚ بـکــه بـه پـێشـرەو[١٤٠]

ئــاینی ئـیسـلام بـکـه بـه پـەیـڕەو

لــه دەفــتـەری نــور نوسرا ئەو کوردە

﴿شێخ عەبدوصەمەد﴾ لە گلە زەردە ٣١-شێخ عەبدوصەمەدی

دونـیـای داگـیـرکرد وەسفی ڕوخسـاری گلەزەردە قدس الله سره

شوێنی تەواف بـوو دەورەی حـەسـاری

سـەمـاوات گـریـا کـە چاوی لـێکـنا

ڕەحـمەتـی خوایی بارگەی خۆی تێکـنا

بـەقـای پاش فەنات لە مشـت گـرتـووە[١٤١]

لـەسـەر عـەڕشـیدا دەروێش کەوتووە

نۆڕیـنگەی چاوی مـا شـاءاللەی دەویٚ

نـەخـۆش سـەر بـدا چاك دەبیٚ لەویٚ

وتەی﴿فـضـلـنـا﴾ئایەتی خـوایـە[١٤٢]

هـێـندیٚ لـه هێـندیٚ بڵندتـر پایـه

خـودا پـاشـایه و خـاوەن دەسـتـورە

دوای﴿عەبدوصەمەد﴾کیٚ ساحێب نـورە؟

---

١٤٠ گەورەپیاوان فەرمویانە: من لم یکن له شیخ فشیخه شیطان. واتـه: ئـەوەی ڕابەرێکی ڕوحی نەبیٚ شەیتان دەبێتە ڕێبەری.

١٤١ بەقای پاش فەنا: کۆتا قۆناغی ڕێبواری تەریقەتە.

١٤٢ تلك الرسل فضلنا بعضهم علی بعض.. البقرة ٢٥٣

٣٢-شێخ حوسێنی قازانقایه
قدس الله سره

﴿شێخ حوسێن﴾ بازه لەقازانقایە[١٤٣]
مەولای فەنایە شێخی بەقایە[١٤٤]
سەرمایەی دڵە کە ناوی بێنی
زمانت شیرین، دڵت بفڕێنی
لە زادی حەڕام دوور بووە یەقین
بۆیە گەیشتە پای (حق الیقین)[١٤٥]
چاوی جوانان جوانی ئەبینێ
جەردە جوتیار بێ بزمار ئەچێنێ
هەموو بزانن شێخمان زانایە
لە دەرسی عیشقا گەلێ دانایە[١٤٦]
درك بژێری باغی دڵانە
عەتر و بەرامەی هەموو گوڵانە

---

١٤٣ قازان قایە: گوندێکە لە نزیکی قەرەداغ

١٤٤ شێخ ئەبو سەعیدی خەراز دەفەرموێ: بەقا مەقامێکە لە دوای فەناوە دێت، ئامادەگی بەردەوامی دڵە لەگەڵ خودا. موسوعه الکسنزان:٤/٣١٠

١٤٥ حق الیقین: دوا مەقامی یەقینە، پایەی پێگەیشتوانە، ئەوپەڕی تێگەیشتن، ئەوپەڕی دڵنیایی و زانیارییە.

١٤٦ عیشق: خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر. ئیمامی جەعفەری صادق دەفەرموێ: عیشق شێتبوونێکی خواییە. ئەبو سەعیدی ئەبولخەیر: عیشق تۆڕێکی خوایە. شێخ فەخرەدینی کوڕی شەهریاری عێراقی دەفەرموێ: عیشق ئاگرێکە ئەگەر چووە نێو هەر دڵێکەوە ئەوەی تێیدایە دەیسوتێنێ، تەنانەت وێنەی دلبەریش لەو دڵە ناهێڵێ. موسوعه الکسنزان:١٥/٣٩٥.

گــولێ لەسەر پنجی دەڕوێ گەڵێ جار
گـەنـم شین ئەبێ لە خـاكـی پـیـتـدار
﴿شـا عـەبـدولقادر﴾ مەشهەدی چاوە ٣٣-شێخ عەبدولقادری قازان قایە قدس اللە سرە
مـەردە و مـورادە نــەمــرە مـــاوە[١٤٧]
شێــخمان عـاریـفی عـیشقـی خودایە
سێــبـەری ڕێـگـا و عەسای هـودایـە
مـــەولای فــەنــایـە لە (حق الیقین)[١٤٨]
صـافە وەك بـلـور لــە ڕك و لە قیـن
شــالـیــاری مــوڵـكی دەوڵەتی ڕوحە[١٤٩]
تـــەریقەتــەكەی وەك كـەشتی نوحە

---

١٤٧ موراد: كەسێكە خوا بەخۆی دەیگەیێنێتە دواپلە، ئەو كەسە خۆی بـە بڕینـی حاڵ و مەقامەكان ماندوو نەكردووە بەڵكو بە ڕەزامەندی خوا پایـەی دۆسـتایەتی خوای وەرگرتووە.

١٤٨ شێخ ئەبو سەعیدی خەراز دەفەرموێ: فەنا كۆتـا قۆنـاغی گەشـتی بـەرەو خودایە. شێخ ئەبو سەعیدی بن ئەعرابی دەفەرموێ: فەنای ئەهلی تەریقەت واتە تەنها بیبنینی خوا بەبێ دروستكراوان. شـێخ ئـەبو بـەكری كەلابـەزی دەفـەموێ: فەنا ونكردنـی هـەموو سـیفتەكانی مـرۆڤ. فەریـدەدینی عـەتار دەفـەرموێ: فـەنا ڕزگاربوونی مرۆڤە لە كێشمەكێشم و ئارەزوو و سیفەتە تایبەتەكانی مرۆڤ، ئیـدی لەم قۆناغە دەبێت دەروێش هەموو بیركردنەوە و كارێكی لەبەر خودا و بـۆ خـودا بێ. موسوعە الكسنزان: ١٧/٥١٤-٥١٧.

١٤٩ شالیار: وەزیر

تــەریقـەت بەخشین زێڕە بـە بـەلاش

ئــاسـنـی ڕەقـیــش دەکـاتـە بـاراش

دلآنــی گــرتــن لــە خـەڵــوەتـخـانـە

شێـر و پڵــنـگ بـوو لە بێشە و لانـە

تـەریقەت هەوڵـە بە عـیـززەت و شان

وەك گـــەنـجـیـنـەیە لە بنی بەحران

دڵـــە خــۆ بـگرە ڕوحـــە مـەفەوتیٚ

مەردێك باس ئەکەم ئاگرم دەکەوتیٚ

دەرگــانەی خــودا خرانە سەرپشت

خــۆیان ئاریشدا حۆریانی بـەهەشت

کــە نوسیم نــاوی مەحـرەمی ڕازان

﴿شا عەبدولکریم شاهی کەسنەزان﴾ ٣٤-شێخ عەبدولکەریمی شاهی کەسنەزان قدس الله سره

پاش تەخەڕوجـی مەدرەسـەی شاهی

تاجیان خستە سـەر بـۆ فەرمانداهـی

شـەهیدی ڕێگەی تـەقـوا و خوانـاسی

بــۆ کـەسـنـەزانـی ئـەتــۆ ئەسـاسـی

مەدحـت بە قـەڵـەم درێژەی کـێـشـا

تـا دەمـاری هـەسـت لـە چـاوم ئێشا

پـەی بـە تـەخـتـی تۆ نابرێ هەرگیـز[150]

ئــەتـــۆ فـریشتەی ئەی یاری ئازیـز

لـە بـەردی ڕەقـدا زێـڕت دەرهـانـــی[151]

پەروەردەی دەستی غەوسی گەیلانی

مــەحـبـوبـی خـودا مەجـزوبـی لیقـا

سەرقافلەی کاروان بـەرەو ڕێی بەقا

سەرمەستی کەوسەر ساقی ڕەببانی

بــاڵــوێزی خــودا ئـەهـلـی مـەعانی[152]

ئــەوسافی وەسـفت ڕژایـە ئاسمـان

ئەستێرەی تاشی بەوێـنەی هـەسان

شـاگـوڵـی باغـی سیـنـەی حەزرەتـە

شێخی دوو عالەم قـافـی قـوربـەتـە[153]

ئاوریشم لـەبـەر لـیـباسی تــەقـــوا

ئاهوی سەنگاو بوو بێ نەفس وهەوا[154]

---

١٥٠ پەی: درك، شوێن.

١٥١ ئاماژەیــە بــۆ کەڕامــەتێکی شــا عەبدولکــەریم، لــە بەشــی ٣ بەســەرهاتەکەمان نوسیووە.

١٥٢ شیرەخۆرەی دەرسی عیشقم کوا لە یار حاڵی دەبم ؟

بەختم هێند نەحسە ئاخر کوا توشی ویساڵی دەبم؟

١٥٣ قافی قوربەت: یەکەمینە لە نزیکی لە خوداوە، چونکە پیتی(ق) لە وشەی قوربەت یەکەمینە.

١٥٤ شاهی کەسنەزان ١٦٠٠ ڕۆژ خەڵوەی لە شاخی سەنگاو کێشاوە. ئاهو:مامز

گشت دەم زاكیر بوودەینالأند وەك نەی
یـا هــو یــا قــەیــوم یا الله یا حەی[155]
ئــەڵــماسی زەریـای فـیـوزاتـی نـــور
بــە ڕوح حــازری شاخـی بــەرزی تـور[156]
بــۆ مەدەدكردن تــیـری نـاو قـەوسی[157]
پــڕ لە ئـیلهامی مـەنــبـەعی قـودسـی
مـــورشیـــدی بـە حـەق زانای بێ ڕیا
تــۆ تــەڵاقــت دا سێ بـە سێ دونـیـا
بۆ دیــوانــی دڵ تــۆ بـووی بــە چرا
مۆری﴿شێخ كەریم﴾ بە ﴿قادر﴾درا
سوڵتەی باتینی ماه و گشت زەمین
خـــرایــە دەسـتــی گـوڵی یاسەمین
﴿شاعەبدولقادر﴾ڕۆڵەی﴿ئـەحمەد﴾ە

٣٥-شێخ عەبدولقادری كەسنەزان قدس الله سره

---

١٥٥ ئیبن عەڕەبی دەفەرموێ: هو ناوی خوایە( لا اله الا هو) گـەورەترین نـاوی خوایە(ئیسمی ئەعزەمە)، ئەم نـاوە ئەگـەر داوای پێبكرێت شـتـەكە دەبەخشـرێ ئەگەر دوعای پێبكرێ وەرام دەدرێتەوە. (هو) بە لای ئەهلی تەریقەت تـەواوترین و سـەرترین و گـەورەترین زیكـرە. هــو زیكـری تایبــەتی تایبەتەكانــە(خواص الخواص) پاش ئەم زیكرە هیچ زیكرێـك لـەو تـەواوتر نییـە. موسـوعە الكسـنزان: ٩٧/٢١.

١٥٦ ئەولیا بۆ دیداری خوا بە ڕوح حازرن.

١٥٧ مەجازە، واتە هێندە خێرا بە ئیمدادی موریدەكەی دێت.

ناوی پیرۆزی کەعبەی مەقسەدە

مەڕجەعی غەوسە دڵ دەلەرزێنیٚ

هیممەتی بەرزە ڕوح دەتەزێنیٚ

قادر کام قادر ؟ مەردی مەیدانیٚ

زیندوو دەبییەوە، پێت لە ڕوح دانیٚ

ڕەنگ و شێوەکەی گوڵی لاسورە[158]

لە هەموو دونیا بە(گوڵ) مەشهورە[159]

کەلیمی ئەحمەد بیٚ پەردە وحیجاب[160]

کەراماتی ئەو نایێتە حیساب

هەموو بەرد و دار وا سەناخوانە

ئەجنە و ئینسان میوانی خوانە

لە کەسنەزانی هیممەت قەتارە

دەروێش بە نەزەر دڵی زامدارە

---

١٥٨ بنەماڵەی کەسنەزان زۆربەی نەوە و وەچەیان سور و سپی و کەڵگەت و کەشخەن، هەر لە بەتەمەنەکانەوە بیستومە دەڵێن کەریمە سورە، گوڵ قادر، شێخی چاوبەلەك.

١٥٩ دەیان جار لە دەروێشە بەتەمەنەکانم کە ناوی حەزرەتی شا قادریان دەهێنا دەیانگووت: گوڵ قادر.

١٦٠ پیرانی تەریقەت پەیوەندی ڕوحییان لەگەل جەنابی خەیرەخەلقی خوا هەیە.

کەعبەی دەروێشان بڵند هیمەتە
گەر زێڕینگری دوڕجی قیمەتە[161]
ئەگەر پاشاکان وەك من بتناسن
دەبنە سەگەکەی دەرگات، کەساسن
دەماری دڵی موریدی بە حەق
زیکری ( یا الله)ی زەمینی کرد لەق
تەپڵ و دەف و پرچ زکری دەروێشی
هەر لە تۆ جوانە ڕێی خەڵوەکێشی
بووە موهاجیر شێخ چوە ئێران
وەفاتی فەرموو لە گوندی پیران
باز لە هەزارونۆسەدوهەژدە[162]
بوخچەی ئەسڕاری دوو چاوی لێکنا
لەدوای﴿شێخ قادر﴾دەروێشان سوتان
نور هاتە دەستی﴿حوسێنی سوڵتان﴾
حوسێن کام حوسێن؟حوسێن گەرمیانی
ئەڵماسی خاڵیس دوڕ و مەرجانی

٣٦-شێخ سوڵتان حوسێنی کەسنەزان قدس سره

---

١٦١ دوڕج: سندوقۆکە یان قووتووی تایبەت بە خشڵ و موجەوهەرات.

١٦٢ ساڵی بوون و وەفاتی ئەم شێخانە زۆر ورد نییە دەکرێ دوو سێ ساڵ کەمتر یان زیاتر بێ هەروەکو لە سەرچاوەکانیش ڕاجیایی لەو بابەتە هەیە.

شێـخی زادنــەخــۆر زادت تەقوا بوو[163]

زکــری ســەر زارت پەنـا بە خوا بوو[164]

بــەرەکــەتی ئـەو گـەیـشـتــە ئاسمان

کــردییە مەجنون ئەجـنــە و ئینســان

ڕەمـزی وەرع بوو مــەنـبـعی تـەقــوا

خادیمی شەرع بە حەق دۆستی خــوا

ڕوناکــی دڵی دەروێش بـوو بە شــەو

چاوی لە گریان قەت نـەچۆتە خــەو

کـەوی چــیا بـوو بـە جـیسم و جـانــی

ســەرگـرمەی کـردە عـەرەفـەی سانـی

سەبای سوبح خـێز، مەغریب بە فیغان[165]

سـیـنـە لـە عـیشـقی بــووە بـە بریـان

خەستەخانـە بـوو شـێـخ بـۆ بـیـماران

سەفـابەخـش بـوو بـە سیـنـەی یــاران

هەوری ڕەحمەت بـوو دەبــوو بە باران

﴿غـەوسـوسـەقەلەین﴾ غیرەت شکاران

---

١٦٣ هەرچەندە لە نێو پیرانی تەریقەتی کەسنەزانی سوڵتان حوسێن بـە کـەمخۆری و زوهد مەشهورە بەڵام ئەوانی تریش چییان لەو بارەوە لە شێخ حوسێن کەمتر نییە.

١٦٤ پیرانی تەریقەتی کەسنەزانی (پەنا بەخوا =تەوەکول) زۆر بەکاردێنن.

١٦٥ سەبای سوبح خێز: ئەو سروەیەی کە بەیانیان مرۆ بەخەبەردەهێنێ.

عـەتـتـار بـوو بـۆ ڕوح وێنەی زەعفەران

زیکـری ســەر زاری دڵــبــەکــەســەران

هەناسەی ڕەنـدان پـادشــای حــاڵـزان[١٦٦]

چــاوی دەروێــشـان سوڵــتـانی بــازان

سـیــڕ و کـەشـفی ئەو لـمـی بـیـابـان

بــووە بە شەکـری سەر لــێــو و زوبان

دەنــگـی جـنـانــی لــەلا بـیـسـراوە[١٦٧]

کـبــریـتـی ئەحـمـەڕ بە شـێـخ دراوە[١٦٨]

داری بەهەشت بــووی هــاتی بۆ دونیا

لە چاوی ئێــمــە گــەوهــەری دەریــا

کــــــەڕامـاتـی تـۆ دەمـێـنـێـتـەوە

ناوی﴿شێخ حوسێن﴾هەر دەشنێتەوە

شێخی خەلوەکێش (غـوث السالکیـن)

شای ڕوح خاوێنان (خادم مساکیــن)

مــەلائـیــك لــەلای دەبـوونــە مـیـوان

دەبــوونە حاجـی بــە دەوری دیـــوان

---

١٦٦ ڕەند: پیاوی زۆر پیاو

١٦٧ ئاماژەیە بۆ کەڕامەتێکی سوڵتان حوسێن

١٦٨ کبریتی ئەحمەڕ: گۆگردی سوور: کەسێکە زاهیر و باتینی کۆکردۆتەوە.

شێخ لە هەزار و نۆسەد وسی وهەشت

چوو بۆ میوانی بۆ باغی بەهەشت

جێبەندی نوری، چ نوریٚ خوایە ! ؟[١٦٩]

بۆ سەری مورید دەبوو بە سایە

٣٧-شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان قدس الله سره

نازانم چلۆن بڵیم﴿شێخ کەریم﴾

حوسنی یوسف وحوسێنی عەزیم[١٧٠]

شای عالی شەئنی تۆ ڕوتبەداری[١٧١]

بە خورپەی دڵیش تۆ خەبەرداری

حەوزی مەحەبەت جامی بەقایی

موجازی عیلمی بازی بەغدایی

بە شکلٚ وشێوە لە شێوەی ئینسان

ڕەفتاری باتین هەروەك فریشتان

خۆی سەفابەخشە بەزامی دەروێش

جەزبەی ڕابیتەی شاهی خەڵوەکێش[١٧٢]

---

١٦٩ ئەو کەسەی لە جێی ئەو دانیشت و نوری سوڵتان حوسێنی وەرگرت چ نورێك بوو؟ شێخ عەبدولکەریم گیان بوو.

١٧٠ هەروەکو لە وێنەکەشی دەردەکەویٚ پیاوی نازدار و خاوێن و کەشخەی وەکو شێخ عەبدولکەریم لەنێو کوردان کەم هەڵدەکەویٚ.

١٧١ عالی شەئن: پایەبەرز

مـژۆڵــی چــاوی ســـەد تـــیری ڕاوە
دڵـــی دەروێـــشی پـێـــوە تـــەنراوە
سۆمای دوو چــاوی پـــادشـا و گـەدا
فڕنی دەروونی دەروێشی شـەیــدا
خاسی ئال وبەیت پیٚ لەسەر زەمین
سەری لەئاسمان گوڵــە یاســەمـیـن
بـــەیداغی مـەیـدان بـالاٚ عـەرعەڕی
بـووە موستەشفا چاوی ســەقــەڕی
جـمشـیــد و کەیــوان کەی وکیسرا
بـوونە خادیمی وەك سـەگی دەرگــا
مەئموری[173] وێنەی ئاسەف بەرخیا[174]
کەس وەك ئەو نەبووە لە داری دونیا

---

[172] شێخ عەبدولوەهابی شەعرانی دەفەرمویٚ: ڕابیتە ئەوەیە کە مورید وێنـای شێخەکەی بەخەیالٚ لە نێوان هەردوو چاوی خۆی دابنیٚ. ئەم ڕابیتەیە یەکێکە لە هەرە ئادابە گرنگ و بەسودەکان بۆ مورید. موسوعە الکسـنزان:٧٦/٩. شـاهی خەڵوەکێش: نازناوی سوڵتان حوسێنە کە دەکاتە براگەورەی شێخ عەبدولکەریم.

[173] مەئمور: فەرمانبەر، نوێنەر. یەکێکە لەو کەسـە ڕۆحانیانـەی یـان لـەو لـەو کۆچکردوانەی کە وازیان لە خواردن و خواردنەوە هێنـاوە بـەجۆریٚ بـیٚ فـەرمانی نە دەبزون و نە دەسرەون وەکو خدری زیندە. موسوعە الکسنزان: ١/٣٦٥.

[174] ئاسەفی کوڕی بەرخیا: وەزیری دەستڕۆیشتووی حەزرەتی سولەیمان بووە.

بێدەنگ و خـــامۆش شێخی بێ هەوا
پـــیــری خاکــنـشین بەرماڵ لە هەوا
دەوەســـتێ دڵــم کە تۆ بـێ مـەیلی
تــەکـیـە کـەشـتـیە ئەتـۆ سیـوەلـی[175]
فەرماندەی ئەقتاب ئەی سەری هیمەت
لەنـاو شێـخانـدا (خــرق الـکــرامـەت)!
﴿شێخ کریم﴾ ڕۆیی بە جوانی و گوردی
هـــاتــە مـەیـدانــێ شـێــرێ بەمەردی
ئـەو جـێــنـشـیـنـە هەر خـودا دەزانی
چـۆنـی بــەرزکـرد چـۆن وا سازانـی

175 تەکیە: بریتییە لەو شـوێنە کـە موریـدانی شـوێنکەوتووی قـادری بـۆ زکـر و خوداپەرستی ڕووی تێدەکەن. تەکیـە مـاڵی یەکـەم و کۆتـایی موریـدە و شـوێنی فێربوونی کاروباری شـەریعەت و تەریقەتـە. خـەڵکانێکی ناحـاڵی و هـیچ نـەزان و پێنەزان وەها دەزانن تەکیەکان بارەگـای نەخوێنـدەواران و نـەزانن و نـەدارانن، وەهـا دەزانـن تەکیـە خـەڵکی تـەوەزەل و بێکـارە پـەروەردە دەکـات بـەڵام بـە هەڵەداچوونە. با بێن لاپەڕەکانی مێژووی تەسەوف هەڵدەنەوە تـا بـزانن هـەر لـە سەدە یەکەمیینەکانەوە ئەهلی تەسەوف پێشەوای موسڵمانان بوینە لە زانسـت و شۆرش، تاکو ئێسـتاش کـە سـاڵی ٢٠١٧ز سـەرۆکی شیشـان ڕەمـەزان قـادیرۆف یەکەمین سەرۆکی وڵاتنای دونیایە کە هەڵسا بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی لـە دژی ئەو کۆمەڵکوژییەی موسڵمانان کـە لـە بۆڕمـا ئـەنجام دەدرێـت. سـیوەیل: نـاوی ئەستێرەیەکە کە پاییزان بەدەردەکەوێ.

شـاهـەنـشـاهـێکە شـالـیاری نەبی

حـەزرەتـی ئـێمە جـاداری عـەلـی

نـوری ئاسمانان بـورجی مەلـەکوت

گـومـەزی شـەڕەف نـوری جەبـەڕوت

کـالآنـی دڕی دەبـبـانـی دەسـتـی

ڕاوچی دڵآن بوو بە بڕۆی پەیوەستی

حـەقـە پێـی بڵێن غەوسینە والـلـە

خـەبـەرداریکـە بـە بـاتـین ئـاگا

دەست بـەدامانـت دەگرم بە تاقەت

ئەی ئیمـامەکەی شـەرع و تەریـقـەت

شـادەمـاری دڵ بـەحـری خـڕۆشـان

سەرکردەی کۆڕ و بەزمی بـۆنخۆشان

خەیاڵـی سـەر و نوری هـەر دوو چاو

تـەڕای قوڕگ و هـێـزەکـەی هەنـاو

چـاو خـومارەکـەم شـۆخی بـەوەفـا

بـاوکی هـەژاران بـۆ دڵـم شـیـفـا

ده ڕزگـــار کـــه لـەم کــۆت و تـــەوقە

دڵـــم زامـــاری ســـەد داغـــی شـــەوقە[176]

زوو وازم هـێـنـا لــە عـیــلـمـی قاله

ئـێـسـتـا خــەریـکــم بەو عیلمی حاڵە

ڕیــشـــم ســپـی کرد شتێ فێر نەبووم

زەویم بۆ قوت دای هێشتا تێر نەبووم

﴿شا محمد﴾گیان دەوای دڵـئـێـشان

وێنەی حـەواری ڕوحـی دەروێــشـان[177]

۳۸-شێخ موحەممەدی کەسنەزان قدس الله سره

ئـەنــدازیــاری دڵ بـاوکی نـەهــرۆیە

دکــتـــۆری زام و بـــــرینــی تــۆیـە

ئای[178] لە دووریەکەی چەندە بەجەورە

مــن نـــاوم نـــاوه بــە فـیـتـنـەی گەورە

---

١٧٦ شـێخ ئــەبو عەبـدوڵای شـیرازی دەفــەرموێ: شــەوق، ســانەوەی دڵــە بــەهۆی بەیەکدیگەیشتن. بەڵام شێخ سەهلی کوڕی عەبدوڵای توستەری دەفـەرموێ: شـەوق دوا شتە کە مرۆ دەیگاتێ بۆیە کەس ناتوانێ وەسفی بکا. موسوعه الکسنزان:٣٣٣/١٢

١٧٧ حەواری: ئەو کەسانەن کە لە ڕاڕایی و دووڕەنگی پاڵفتە و دڵخاوێنن، ئەوان شمشـێری خـودان و بەڵگـەن بەسـەر گومڕایـان و لادەران و مـونکیران. موسـوعه الکسنزان:٣٠٥/٥.

١٧٨ شێخ نەجمەدینی کوبڕا دەفەرموێ: ئاخ ناوی شەیتانە. شـێخی توسـتەری دەفەرموێ:ئەگەر توشی بەڵایەك بوون مەڵێن: ئاخ، چـونکە ئـاخ نـاوی شـەیتانە، بەڵکو بڵێن: ئاه، چونکە ئاه ناوی خودایە. موسوعه الکسنزان:٦٥/١

مــن بــا خــراپ بــم تــۆ حاشا مەکە
لــە تــۆمــاری مـن تـەمـاشــا مـەکـە
بــا خـەڵکـی بلێ مەستییە و شێتە
چونکە باوکمی ئومێدم پێتە
ڕۆیشتییە عەممان خوا ئاگادارت
دوعــای ئــەولیــا لـە دەوری ماڵـت
بــێ تــۆ عــەوداڵــم ، گــردەنشینم
سەراپام ڕەشە بــێ تۆ لـە شـینم
دڵـەکــەم بـە فـیدای ئەو دڵەی تەنگت
گـەنجییم بە ساقەی گەنمی ڕەنگت
شێوەت لـە شێوەی ئادەمی ناکا
لە سیری جوانیت کەس سەر دەرناکا
شێخ خـەڵاتــێکە لـەلایــەن خــودا
نــوری حــەزرەتــە بــە ئـێمـە درا
بــەخوا نایناسن خـەڵکی وەکو من
ئــەگــینــا بــۆ تــۆ نابن بە دوژمن
شێخی سەربەرز ڕەونەقی ئیسلام
شــەماڵی فێنکی باخچەکەی سەلام
پـێشــڕەوی گــرۆی بــاز و دلبەران[١٧٩]

١٧٩ گرۆه: کۆمەڵ، دەستە، تیپ، بڕ.

پـیـری خانـەدان چـرای بـەخەبەران

گەر بۆ ژەنگی دڵ دەتەوێ دەرمـان

سەیری شێخ بکە دەچیـتە ئاسمـان

گــەر دەتــانەوێ ئـیـمـان وەربـگـرن[180]

ئــامـانــە دەسـتـی بە دامـەن بگـرن

گەر دڵت بەردە و بە ئــاو موحتاجی

لای ســەنــگ تراشێ بـکـە عیلاجی[181]

با وەك موسا بێ دەست بە عەسا بێ

دەستگیر و عاریف وێنەی عـیـسا بێ

بـــەردی بـنــاغەی شیـعـرم داکوتـا

موحەمـمەد)نـاو بـوو سەرەتا و کۆتا[182]

تا تەواوم کرد چەند جار کەتمە حاڵ

بەشـەوقی سیـڕی شـاهی پڕ کەمـاڵ

---

١٨٠ ئیمامی موحەممەد باقر دەفەرموێ: ئیمان درکاندن و کردەوە و نیەتە. واتە دەبـێ بـە دڵ بـڕوای پێهـەبێ و بـە زمـان شـایەتوممان بێنــێ و بـە کـردەوەش بیسەلمێنێ. موسوعە الکسنزان:٢/٨١

١٨١ ئەگەر دەتەوێ لەو دڵەی نێو سینەت کە میناکی بەردە ڕزگارت بێ و شـەقی کەی و ببیە خاوەنی کانی دەبێت بچیتە لای بەردشکێن، دەبـێ بەردشـکێنەکەش موسائاسا بێ.

١٨٢ یەکـەمینی سیلسـیلەکە بـە حـەزرەتی موحەممــەد دەسـتیپێکرد و کۆتـا کەسیشی مەولانا موحەممەدی کەسنەزانە.

چـون دیــلـی قاپیەی غەوسی زەمـانم
پــادشـای ئــەرزم خــاوەن دیـــوانـم
چون سەگی دەرگای سوڵتانی عەشقم
خەریکی زیـــــکری من (انـاالحـق)م[183]
مــونــەوەربـومە بــەجــەزبەی پاکان
بــەوەسفی رەسول بەزومرەی چاکان
لـــەبـــەر نــاسـکی ڕوح و خــەیــاڵم
وەهـــام کـــورت دانـــا نەڕوا کەماڵم
لـێـــرە تـــەواو بـــوو گەیشتمە غایە
جـــا ئیـّستا نۆرەی سۆز و دوعایە

---

١٨٣مەنسور کە دەیگوت انا الحق و ڕاستی دەکرد! چونکە ئەو کەسانەی لەنێو تەریقەت کە حاڵ بەسەریاندا زاڵ دەبێت هەتا یەکێ دەڵـێ:سبحاني سبحاني ما اعظم شاني واتە: ئەی پاك و بێگەردی بۆ مـن چـەندە پایـە بـەرزم. یـا یـەکێ تـر دەڵێ:أنـا الحـق، واتــە: مــن خــوام ئـەو کەسـانە سەرمەسـتن و دۆسـتایەتی مەسـتانیش پــەنهان دەکـرێ و ناگێڕدرێتـەوە. ئێمـە ئـەو حاڵـەیان بـۆ خۆیـان جێدەهێڵێن و بەرپەرچی وتەکانیان نادەینەوە چـونکە قسـە و گوفتـاری وان لـە زەوق و تامەزرۆییە ئەوەی بیچێژێ دەزانێ، ئەوەی نەزانێ، هیچی لەسەر نییە بە مەرجێ دانیپێدابنێ و تەسلیم بێ. موسوعە الکسنزان:٢/ ١٥٧.

تەوەسول:

خــوایه بـــه خــاتری تـــەورات وئینجیـل

قــورئـــان و زەبـور بــه وەحی جــبـریل

بــه سەفای﴿ئادەم﴾به حەزرەتی﴿شیس﴾

بــه تەقوای بـــەرزی﴿حەزرەتی ئیدریس﴾

بـبیٚ بـەخاتـری ﴿ئیـبـراهـیم خەلــیـل﴾

لەبەر﴿ئیــســحـاق﴾ و لەبەر﴿ئیسماعیل﴾

به﴿لوت﴾پێغەمبەر﴿شوعەیب﴾و﴿ئەیوب﴾

به حوسنی﴿یوسف﴾بەسەبری ﴿یـعـقوب﴾

به خاتری ﴿عوزەیر﴾﴿یونس﴾و﴿ موسا﴾

﴿زەکەریا﴾و﴿یەحیا﴾﴿یەهود﴾و﴿عیسا﴾

به نوری﴿هارون ﴾﴿ئیلیاس﴾﴿سولەیمان﴾

﴿زولکیفلی﴾ نەبی ﴿ئەلیەسەعی﴾جوان

به﴿داود﴾ حەکیم به﴿صالــح﴾ و﴿نــوح﴾

بــاقــی ئەنـبـیـا بـەتـەوبـەی نـــەصـوح[١٨٤]

---

١٨٤ سەرچاوەکان دەڵێن: سەد وبیست و چوار هەزار پێغەمبـەر هـەناردە کـراون بەلاٚم تەنیا ناوی بیست و پێنجییان لە قورئان هاتووە.

بە مـوقـەرەبـیـن هەمـوو فـریـشـتـان[185]

بە﴿خدری﴾ زیندوو ساریەکەی دەشـتان[186]

بـە پـێـغـەمـبەران گـەورە و نـامـەوەر

بەصەفای﴿صدیق﴾﴿عومەر﴾ی سەروەر

بە حەیای ﴿عوسمان﴾ عاشقی ڕەببـانـی

بـە﴿ئـیـمام عەلـــی﴾ شێری یەزدانی

بە حەسەن و حوسێن گەوهەری شەهوار

دوو ئەمـیـرەکەی مەحـبـوبـی نـازدار[187]

بـە(ئــال و بەیت) و(کۆمەڵی ئەصحاب)

بە﴿عەمار﴾و﴿زەید﴾بە﴿عەمر﴾و﴿خوباب﴾

بەخوێنی ﴿مـوصعەب کوڕی عومـەیـر﴾

بە﴿ئەبودەردا﴾ و ﴿عـومەیر﴾و﴿زوبیر﴾

بە﴿ئەبـازەری ﴾گـەورەی غـیـفـاری

﴿زەیدی سابیت﴾و﴿ئەیوب ئەنصاری﴾

بە بانگی ﴿بیلال ﴾﴿عەبدولای عومەر﴾

﴿عەبـاس﴾و﴿حەمزە﴾ دوو باغی سەمەر

---

١٨٥ موقەڕەبیین: کۆمەڵێ فریشتەی پابەرزن.

١٨٦ ساری: گەڕیدە

١٨٧ حەسەن و حوسێن خۆشەویستی حەزرەتی ڕەسول بوون و لای پێغەمبەر خاتر قەبول بوون.

بـيكەی بە وەفای ﴿حوزەیفـەی یەمـان﴾
بە﴿زەید﴾و﴿سەعید﴾دووشێری مەیدان
بە﴿ئەبوجابر﴾﴿سەلەمــە﴾و﴿عیمــران﴾
بە﴿ئەبوموسا﴾﴿سوهەیل﴾ و﴿عوسمان﴾
بــیکــەی بەخاتری ﴿دایــکی موسڵمان﴾
بــیکەی بـە﴿عەممار﴾ شــەهیدی مەیدان
بە﴿عەمری جەموح﴾ ﴿حەزرەتی میقـداد﴾
بە﴿سەعد﴾پڕنـور﴾ سـەعدی بـن عوبــاد﴾
بــیکەی بەغیرەت ﴿جەعفەر﴾ی وەك شێـر
﴿توفەیلی دەوسی﴾ و﴿ئیمــامـی زوبـێـر﴾
جا بــە تابیعین﴾ وەیسی﴾ خۆشەویست
ئەو کە خودای ویست خواش ئەوی ویست
بە﴿ئەحمەد حەنبەل ﴾بە﴿ئیمام مالـك﴾
﴿ئەبو حەنــیفـە﴾و ﴿شافـیـعی﴾ سالـك
بــەو سەرکردانەی کــە خـستمە دەفتـــەر
نـــەجاتــم بــدەی لـــە رۆژی خــەتـــەر
لـــەگەڵ پـیـاو چاکــان بکـەی حیسـابم
ڕەحـــمـــم پــێ بــکــە مــەدە عــەزابـم
تـــاوانـم زۆرە، زۆر شـــەرمـــــەزارم
هــەردەوێڵـــەکـــەی خـــزمـەتـگوزارم

هــــەنـــام هێـــنـــاوە تـــۆ بـمکە عەفوو

بـــە نــوری ئــایـەتی﴿لاتــقــنــطـــوا﴾[188]

ڕاستــە(مــەسـتی)م و  هیچ خێرم نییە

بــــەس ئـــەتۆ خودای من چارەم چییە

چاکـــم خۆش دەوێ هەرچـەند خـــرابـم[189]

خۆم خۆم حیساب کەم ئەهـلی عەزابـم

بــــەلاّم ئـــومــێـدم هەر لـوتفی تـۆیە

هــەرچـــەندە شەتـــەح لە مـلـم کـۆیە[190]

عومـــــرم بـردە سـەر بـە داغ و کەسەر

بــــاخـچـەکـەی ژینـم ماوە بێ سـەمەر

مـن کـە بـێ بـالّـم ئـێ چۆن بـتگەمێ؟

ئــەلّـمـاسـە شـکـاوەی دلّـمـت بدەمـێ

---

١٨٨ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ. الزمر٥٣. واتە:بێژە ئـەی عەبـدەکانی مـن ئـەی ئەوانەی کە بە لادان لە ئەندازە، ناهەقیو لە خۆ کـردووە! نـابێ ئێـوە لـە بـەزەیی خـوا ناهومێد بن چونکە لە هەموو گوناهێك چاو دەپۆشێ، ئەو بەخشندە و دلۆڤانە.

١٨٩ فەرمودەی ئیمامی شـافعییە:احـب الصـالحین و لسـت مـنهم. پیاوچاکانم خـۆش گەرەکە هەرچەندە لەوان نییم.

١٩٠ شـێخ ئەحمـەدی بـوونی دەفـەرموێ: شـەتەح دەبڕینێکـی نامۆیـە وەسـفی حاڵێـك دەکا. لە زمانی ئـەهلی تەریقـەت بریتییـە لـە قسـەیەك کـە یـاخیی بـوون و کەللـەڕەقی تێدایە و لە سەرەتادا تێگەیشتنی سەختە. موسوعە:١١٧/١٢

یــەك ئــومــێدم هەس: خودا دەنـاسم
مـــــەلــەوان نــیمە دۆســتــی غەواسم
هــەتــا دەمــێــنـم دووشــت دەزانـم
بــەنــدەی خــودا و ڕێــی کـەســنـەزانـم
کــــــەســنــەزانــیــمــە لــقی قـادری
زنــجــیــرەم نــورە و شوعلەی ئـاگری
فــیــدایــی حـەقم ڕێی جەنابی شــێخ
لــە ڕێ لانــادەم گـەر بمدەن لـە مێخ
بــڕوام تــەواوە لــەسەر ڕێــی ڕاستییم
شــێخم بــێــدارە مــنیش وا مەستییم
جا هەرکەس خوێندی فیکر و ئەشعارم
ڕجـای لـێ دەکــەم خەجــاڵـەت بارم
بـــەفــیــداتــان بـم دوعـام بۆ بـکەن
لــە خێر و چـاکە بێ بــەشــم مەکەن

## ١-دەروێشی( سۆفیگەری-تەسەوف )

دەروێشی: دونیانەویستی و خواناسییە. دەروێشی لە بنەڕەتدا وشەیەکی فارسییە و بە مانای کەسی هەژار و گەدا دێت دواتر چۆتە نێو زمانەکانی دیکەی دونیا. دەروێشی واتە سۆفیگەری یان تەسەوف. ئینجا تەسەوف زانستێکە گرنگی بە ڕۆح دەدات ئەو زانستە مرۆڤ دەگەیێنێتە خوداناسین. بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە بۆ خوێنەر، ڕای هەندێ زانا و عاریف لەبارەی تەسەوف دەگوێزینەوە بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە پێناسی تەسەوف ئەو چەند وشەیەی ئێرە نییە بەڵکو زۆر زیاترە، هەروەکو ئیمامی یافعی لە کتێبی (نشر المحاسن الغالیە) دا دەڵێت: زیاتر لە هەزار پێناسەی تەسەوف هەیە، بەڵام ئێمە چەند ڕستەیەك باسدەکەین :

– ئیمامی حەسەنی بەسری دەفەرموێت: یەکەم کەس کە لە تەسەوف دواوە ئیمام عەلی بووە، جا ئیبن حاج دەڵێ: لەوەو دەزانین یەکەم کەسێ کە ئەم زانستەی داناوە ئیمامی عەلی بووە[١٩١] .

–شێخ مەعروفی کەرخی دەفەرموێت: تەسەوف پەیڕەوی کردنە لە حەقیقەتەکان و دوورەپەرێزی و بێئومێدییە لەو شتەی کە خەڵك هەیانە[١٩٢] .

١٩١ التراتیب الاداریە: ٢/ ٣٧١

١٩٢ موسوعة الکسنزان:٣٦٠/١٣ زۆرینەی پێناسەکانم هەر لەو سەرچاوەیە و لەو چەند لاپەڕەیە هەڵێنجاوە.

–بیشری حافی دەفەرموێت: صۆفی بە کەسێك دەڵێن کە دڵ و دەرونی پاك بووبێتەوە.

–ئەبو یەزیدی بەستامی دەفەرموێت: تەسەوف سیفەتی خودایە و بەندە دەیپۆشێ.

–شێخ سیڕی سەقەتی دەفەرموێت: تەسەوف ڕەوشتی باشە کە خودا لەنێو خەڵکی بەڕیز بەدەریدەخا.

–شێخ ئەبو سەعیدی خەراز دەفەرموێ: تەسەوف چەشتنی شەڕابی مردنە حەفتا جار لە سەعاتێکدا.

–شێخ  ئەبو حوسەینی نوری دەفەرموێت: تەسەوف وازهێنانە لە هەموو ئارەزووێکی نەفس. تەسەوف: سەربەستی، پیاوەتی، دەستکراوەیی و ڕێزە.

–شێخ جونەیدی بەغدادی دەفەرموێت: پاك و پوختی مامەڵەیە لەگەڵ خودا . ڕەگ و ڕیشەی تەسەوف وازهێنانە لە دونیا.

سەرتاپای تەسەوف بریتییە لە ڕەوشتی باش جا هەر شتێکت لە ڕەوشتی باش زێدە کرد ئەوا لە تەسەوف سەرتر دەبی.

سۆفی وەك زەوی وەهان کە هەزار شتی پیسی بخەیتە سەر ئەو جگە لە شتی پاك هیچی لێناڕوێت.

–شێخ ئەبو بەکری شیبلی دەفەرموێت: سەرەتای تەسەوف خواناسیە و کۆتاییەکەشی یەکتاپەرستییە.

–ئیمامی مالیك دەفەموێت: هەر کەسێ پەیڕەوی لە شەریعەت بکا و پەیڕەوی لە تەسەوف نەکا ئەو کەسە فاسقە، هەروەها ئەو کەسەی

پـەیڕەوی لـە تەسـەوف بکـا و پـەیڕەوی لـە شـەریعەت نـەکا ئـەو کەسـە زەندیقە(زەندیق واتە بێ دین و ئەو کەسەی بڕوای بـە قیامـەت نییـە.) ئـەو کەسەی شەریعەت و تەریقەت پەیڕەو بکا ئەوا گەشتۆتە ڕاستی(حەقیقەت)

—ئیمامی شافیعی دەفەرموێت:

فقیها و صوفیا فکن لیس واحدا          فانی و حق الله ایاك انصح[193]

واتە: هەوڵی زانستی شەریعەت و تەسەوف بدەن(ببنە خوێنـدکاری شـەرع و ببنـە سۆفی) نـەوەك هـەر تـەنیا یـەکێکییان ئـەوە مـن لەبـەر حـەقی خـوا لەسەرم ئامۆژگاریتان دەکەم.

—دەگێڕنـەوە ئیمـامی ئەحمـەد دەربـارەی سۆفییەکان فەرموویـەتی: هـیچ کۆمەڵێك لەو سۆفییانە گەورەتر نین. گوتییان: ئەوانە حاڵ دەگـرن و هـاوار دەکەن. فەرمووی: دە لێیان گەڕێن با ساتێ لەگەڵ خودا دڵخۆش بن.[194]

—ئیمامی غەزالی دەفەرموێت: چوونە ناو ڕێبازی تەسەوف فەرزی عەینە (دەبێ هەموو کەسێك تەریقـەت وەربگـرێ) چـونکە تـەنیا پێغەمبـەران بـێ کەمایەسی و خەوشن[195]. لە شوێنێکی تریش دا فەرموویـەتی: بەدڵنیاییـەوە زانـیم سـۆفییەکان رێبـواری ڕێـی خـودان، تەریقـەتی ئـەوان راسـترین و دروستترین ڕێیە، ئەخلاقی ئەوان پاکترین ئەخلاقە[196].

---

١٩٣ دیوان الامام الشافعی:٣٢

١٩٤ غذاء الالباب:١/١٢٠

١٩٥ حقائق عن التصوف:٢٤

١٩٦ المنقذ من الضلال:١٣١

ئیمامی فەخرەدینی ڕازی دەفەرموێ: سۆفییەکان باشترین گرۆ و کۆمەڵی نێو ئادەمییانن.[197]

–تاجەدینی سوبکی دەفەرموێ: خوا سۆفییەکان سەرکەوتوو بکا و ئێمەش لەگەڵ ئەوان لە بەهەشت کۆبکاتەوە. ئەوانە ئەهلی خودان و چینێکن تایبەت بەخودان، ئومێد وایە بە باسی ئەوان ڕەحمەت بباریێ، هەربینا باران بە دوعای ئەوان داکاتێ، خوا لێیان ڕازی بێ و بە خاتری ئەوان لە ئێمەش خۆشنود بێ.[198]

– سەنون دەفەرموێت: تەسەوف ئەوەیە نەبیتە بەندەی کەس و کەسیش نەکەیتە بەندەی خۆت.

–ئیمامی قوشەیری دەفەرموێت: تەسەوف دەستێکی بەتاڵ و دڵێکی باشە.

غەوسی گەیلانی دەفەرموێت: تەسەوف ڕاستییە لەگەڵ خودا و ڕەوشت جوانییە لەگەڵ بونەوەری خوا.

–ئیبنوعەرەبی دەفەرموێت: تەسەوف هاوتەریبییە لەگەڵ ئادابە شەرعییەکان لە ئاشکرا و نهێنییدا( ظاهرا و باطنا)، واتە ئاکار پەسەندی، کە ئەمەش بریتییە لەوەی مامەڵە لەگەڵ هەر شتێ بکەین بەو جۆرەی کە شایستەیە.

–شەریفی جورجانی دەفەرموێت: تەسەوف ئەوەیە لەسەر ڕاستی لەگەڵ خوا بەوەفا بێ و شوێنکەوتەی پێغەمبەر بی لە شەریعەتدا.

---

١٩٧ اعتقادات فرق المسلمين والمشركين:١١٩

١٩٨ معيد النعم و مبيد النقم:١١٩

-شێخ ئیسماعیلی ولیانی دەفەرموێت: تەسەوف وازهێنانە لە خۆتێهەڵقورتاندن و لاپڕەسەنی، پاراستنی نهێنییە بە ئاشکرا و بە پەنهانی.

-شێخ موحەممەد متەوەلی شەعراوی دەفەرموێت: تەسەوف بریتییە لە وەرزشی ڕوحی، خۆی لە خۆیدا لەسەر مرۆڤ پێویستە ڕێگەیەکی هەبێ بۆ خوداپەرستی لە سەرووی ئەوەی کە ئەرکە لەسەری.... بەڵێ ئەو تەسەوفە هەنگاوێکە بەرەو خۆشەویستی خودا... هەر لەبەر ئەو شتەیە کە خودا هەندێ شت بۆ ئەهلی تەسەوف دەکا و هەندێ شتییان پێدەدا تا ئەوان دڵنیا بن کە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستن.

-دکتۆر عەبدولحەلیم مەحمود دەڵێت: تەسەوف بریتییە لە هۆکار و مەبەست، یاخود بریتییە لە ڕێگە(تەریقەت) و ڕاستی(حەقیقەت) وێنەی تەسەوف بەم شێوازە تەواو دەبێ:

١-پاککردنەوەی نەفس هۆکارەکەیە. ٢-نزیکی لە خودا و بینین مەبەستەکەیە.

-دەروێشی لەسەر ویرد و زیکر دامەزراوە.

دەروێشی: ئیسلامە پاك و پاڵفتە و بێخەوشەکەی پێغەمبەرﷺە، مۆخ و کاکڵەی ئیسلامەتییە.

دەروێشی بە تەریقەت وەرگرتن دەستپێدەکات و چێژی ئیمانی لێیەوە هەست پێدەکرێ.

دەروێش لەسەری پێویستە هێندە بە ڕەوشت بێ بە جۆرێ قورئانێکی زیندوو بێت و لەنێو خەڵکی بجولێتەوە و مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکات.

دەروێشی واتە لەباوەش گرتنی قورئان.

دەروێش هەموو دەمێ بە جیهادی گەورە سەرقاڵە.

شێخ عەبدولقادری کەسنەزان دەفەرمووێ: دەروێشی واتە دڵ.

دەروێش کەسێکە بەتەواوی پەیوەستی دەروێشییەکەی خۆی بێت ، غەزاکازە، فێرخوازی دەرسی دەروێشییە. ڕاستە دەروێش هەژارە بەڵام هەژاری ڤاپی خودایە. بەڵێ دەروێش زاکیر و عاریفە (خوا و خۆی دەناسێ)

دەروێشی نەبێ خۆشی هەر نییە
بەحری بێ ئەڵماس ئاوی پەتییە
دەروێشی خۆشە بە عیشقی مەولا
بە دڵ چاودێری عەرشی موعەلا
دەروێشی تاجە بە گشت نادرێ
ئاوی حەیاتە بە ڕوح ئەکڕدرێ
دەروێشی ڕێگەی خودا و ڕەسولە
ڕوحی عەلییە و حوبی بەتولە
دەروێش هودهودی سەبای ئەڕواحە
دەروێش سیڕاج و نوروسەباحە
دەروێش ئاوێتەی ئیکسیری نورە[199]
موسافیرێکی سەد ڕێگەی دوورە

---

[199] ئیکسیر: ماددەیەکە جاران خەڵکی بڕوایان وا بوو دەتوانێ کانزا بکاتە زێڕ، گیراوەیەکە، کا جاران پێشینان وای بۆ دەچوون ژیان درێژ دەکات. موسوعە الکسنزان:١/٩٩

دەروێـش عـاریـفـی ڕێـگـەی هـودایە
جـێـگـە نــەزەری زاتــی خـــودایــە
دەروێــش شـارەزای سـۆسـەی دڵانە
عازیـفی زەبـوور، سـەمـای گـوڵانە
دەروێش لـە سەحـەر وا دەنـاڵـێـنـێ
خەپلەی خورشیدی سەما دەکوڵێنێ
دەورێـشی و شاهـیـیم خستە تەرازوو
دەروێشی کەوتە سەر زەوی هەر زوو
دەورێشی خۆشە شەیدای مەحەببەت
قائـیـم مـەقـامی بورجی مەعریفەت[200]
دەروێـشـــی پـاشـای تـەخـتـی لیقایە
مـەحـوی هـیـجران و شێتی سەودایە
دەروێــش عــاشــقـە فـەنـای جەماڵە
ئـەسـتـێـرە جـامـی کـەوسـەری حاڵە
دەروێش قورئانە بە پیت و بە دەنگ
بە بەرگ و بە بۆ بە شکڵ و بە ڕەنگ
دەروێـشـی ڕاســتـی بـە دڵ زاکـیـرە
بــە دەست کار ئەکا بە دەم شاکیرە

---

٢٠٠ بورج: باڵەخانەیەکی بەرزە، شێوە لولەکییە.

دەورێش بەس بە شەو مەلای میحرابە
بــە ڕۆژ خــەریـکـی کـار و کــەســابـە
دەروێــش ئـیــمــانــی گـەلـێ سابیتە
هەردەم مەشغـوڵی فـیـکـر و ڕابـیـتـە
دەورێـش پـرچـەکـەی کـوڵکەزێـڕیـنە
دەنـکی تەسـبیـحی نـوقـڵی شیـریـنە

## ٢-سیلسیلەی تەریقەت:

دەروێشی پابەندبوونە بە ڕێبازێکی سۆفیگەری بۆ بەردەوام بوون لەسەر نوێژ و زوهد و ڕۆژوو، زەکات، ئیمـان و خۆشەویسـتی. لەسـەر ئـەم یاسـایە پیرۆزە دەگەینـە ئـەو خاڵـەی دەبێـت دەروێـش دەسـت بـە سیلسیلەیەکی تەریقـەت بگـرێ کـە شـێخێکی زینـدووی هـەبێ. ئیـدی لێـرەوە بـە کـورتی باسـێکی سیلسـیلە و شـێخ و باشـترین سیلسـیلەی تەریقـەت دەکـەین لـەم سەردەمەدا.

لە زماندا سیلسیلە واتە زنجیرە و بەدوای یەکداهاتن و پەیوەستی، بۆیە سۆفییەکان ئەو وشەیان بەکارهێناوە تاکو شـوێنکەوتنی پەیوەنـدی ڕوحـی لە نێوان پیرانی تەریقەت بەدرێـژایی سـەردەم دەربـبڕن هـەر بۆیـە چـەمکی سیلسیلەی دەروێشی، سیلسیلەی پیرانی تەریقەت دەرکـەوت. ئـەم وشـەیە لەبەرانبەر وشەی تەواترە لە عیلمی حەدیسدا.

## ٣-بازنەی یەکەمینی سیلسیلەکانی دەروێشی:

تەسەوف ڕاستییە لەگەڵ خوا، ڕەوشت جوانییە لەگەڵ دروستکراوانی خوا. لەژێر ڕۆشنایی ئەو وتە جوانە دەتوانین بڵێین حەزرەتی پێغەمبەرﷺ یەکەمین سیلسیلەی پیرۆزی تەسەوفی بنیات نا.

قال الجنید–رحمە اللە–یقول اللە عزوجل– لرسولە(صلی اللە علیە وسلم)"وعزتي و جلالي لو أتوني من كل طريق أو استفتحوا من كل باب لما فتحت لهم حتى يدخلوا خلفك"[٢٠١]. واتە: شێخ جونەیدی بەغدای دەفەرموێ: خودای تەعالا بە پێغەمبەری فەرمووە سوێندم بە عیززەت و جەلالی خۆم ئەگەر لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆم بێن یان بیانەوێ لە هەر دەرگایەك بەرەو من بکەنەوە هیچ بە ڕوویاندا ناکەمەوە هەتا لە دوای تۆوە نێن.

ئیدی ئەو پەیوەندی و شوێنکەوتنە یەکەمین بازنەی ڕوحی بوو دواتر بوو بە قاڵبێکی گشتی کە هەموو سیلسیلەکانی تەریقەت بۆ ئەو بازنە دەگەڕێنەوە، دوای پێغەمبەر بازنەی پەیوەندی ڕوحی نێوان پێغەمبەر و ئیمامی عەلی دەستپێدەکات. ئەو بازنە ڕوحییە لەو کاتە ئاشکرا بوو کە پێغەمبەرﷺ بە ئاشکرا فەرمووی: عەلی دەرگای شاری زانستی منە. ئەم فەرموودەیە بەئاشکرا ئاماژە بەوە دەکا کە ئیمامی عەلی ڕێگەی گەیشتنە بە پێغەمبەرﷺ و قورئانیش فەرمان دەکا لە دەرگاوە بچینە ژوور، ( وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا  وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ).

---

٢٠١ قال ابن القيم فی كتابه جلأ الأفهام ص٤٤١.

واتە: دەسا ئێوە لەدەرگاوە بێنەماڵەکانتانەوەو، واز لەوکاری خۆتانە بێنن دەبێ هەموو کات لە خوا بترسن و بۆ هەموو کارێك لە دەرگای خۆیەوە بچنە ژوورەوە، تا بەڵکو بەختیارو بەختەوەرو رزگاربن لە هەردوولا.(تەفسیری ڕامان)[202]

لە فەرموودەی تردا هاتووە (من کنت مولاه فهذا علي مولاه). پێغەمبەر ﷺ تەسلیمی موسڵمانانی بە حەقیقەتی نزیکی ڕۆحی بە ئیمامی عەلییەوە واجب کرد لە ژیان و لە دوای دەرچوونی لە ژیانی دونیا.

ئەو تەوجیهەی پێغەمبەرﷺ بۆ موسڵمانان بەوەی کە ئیمامی عەلی بکەنە وەسیلەی خۆیان بۆ گەیشتنیان بە پێغەمبەرﷺ یەکەمین تۆوی دەرکەوتنی چەمکی سیلسیلەی تەریقەت بوو. هەروەکو لەم فەرمودەش بە ڕوونی دەردەکەوێ، پێغەمبەرﷺ دەفەموێ: اما ترضی ان تکون مني بمنزلة هارون من موسی غیر انه لا نبي بعدي[203]. واتە: ئەی عەلی ئایا بەوە رازی نابی کە پایەی هارونت هەبێ بۆ موسا جگە لەوەی من هیچ پێغەمبەرێکم لەدوا نایەت.

هۆکاری جێهشتنی کەسێکی زیندوو لەلایەن پێغەمبەرەوەﷺ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی بزانن سەرباری زیندوێتی خۆی لە عالەمی ڕوحدا بەڵام دەبێ دەست بگرن بە مورشیدێکی ئامادە لە جیهانی ئێستادا چونکە خەڵکی لەو پایە ڕوحیەدا نین کە بگەنە ئەوەی سروشی خوایی وەربگرن یان بتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕوحانییەتی پێغەمبەرﷺ سوودی بەرچاو بکەن.

---

٢٠٢ البقرة :١٨٩

٢٠٣ رواه البخاري و مسلم

بۆیە لەسەریان پێویستە لە جیهانی ئاسایی خۆیان ڕابەرێکیان هەبێ و گوێی لێبگرن و بە هەستەکانی خۆیان هەستی پێبکەن. ئەو شتانەی لێ فێربن کە ئەو بەهۆی پایە ڕوحییەکەی و نزیکی لە خودا و پێغەمبەرﷺ فێری بووە، هەر بۆیە دەبینین چۆن پێغەمبەرﷺ پێش وەفاتی خۆی ئیمامی عەلی بۆ شوێنگرەوەی زانستی ڕوحی خۆی دەستنیشان کردووە و فەرمانی کردووە هەر کەس کە دەیەوێت بگاتە حەزرەتی پێغەمبەرﷺ لەسەری پێویستە لە ڕێگەی ئیمامی عەلییەوە دەستپێبکات، بەهەمان شێوە ئیمامی عەلی پێش شەهیدبوونی ئەو کارەی کردووە. بەمجۆرە هەتاکو ئێستا پیرانی تەریقەت لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتوون و ئایەتی (یریدون لیوطفئوا نور الله بافواههم والله متم نوره [٢٠٤]) جێبەجێیان کردووە و نەیانهێشتوە وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) [٢٠٥] بپچڕێ. بەمشێوەیە هەر شێخێك پێش لەدونیا دەرچوونی کەسێکی بە جێگەنشینی خۆی داناوە بەڵام ئەو کەسە مەرجی گونجاوی بۆ بوون بە شێخی تەریقەتی تێدا هەبێ. ئەو پەیوەستییە هەر شێخێك بە شێخەکەی پێش خۆی هەتا دەگاتە پێغەمبەرﷺ پێیدەڵێن سیلسیلەی تەریقەت.

---

٢٠٤ الصف:٨

٢٠٥ (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری و... هتد)تەفسیری ئاسان، الأنبياء :١٠٧

## ٤-دابەشبوونی هەندێ سیلسیلەی تەریقەت:

هەندێ جار شێخێك دەبینێت چەند موریدێکی شایەنی ئەوەن ببنە شوێنگرەوەی بۆیە ئەو شێخە ئەو کەسانە ڕادەسپێرێ کە بەناوی خۆیانەوە ڕێنمایی خەڵکی بکەن و مۆڵەتی بانگەوازیان دەداتێ (وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا)[٢٠٦]. ئیدی ئەو هۆکارە وایکردووە چەندین لکی تەریقەت هەبێ هەریەك لەو کەسانە دەتوانن بە بەرنامەی تایبەتی خۆیان مورید و دەروێش پێبگەیێنن و فێریان بکەن، بۆ نمونە تەریقەتی قادری کە بریتییە لە تەریقەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، تاکو ئێستا زیاتر لە حەفتا سیلسیلەی لێ پەیدابووە، هەر سیلسیلەیەکیش چەند لکی لێبۆتەوە.

خاوەنی دەستنوسی (مکتوبات الشیخ عبدالقادر الگیلانی) دەڵێت: تەریقەتی قادری لە هەموو عالەمی ئیسلامی بڵاوبۆوە. چەندین لك لەو تەریقەتە گەشەیان کرد، کە ژمارەیان لە حەفتا زیاترە، لەوانە: ئەسەدییە، ئەکبەرییە، مەقدیسییە، ڕوحییە، یافعییە، سەمادییە، حەلالییە، هەروەها تەریقەتی سەهرەوەردییە کە ئەویش هەر قادرییە چەندین لقی لێ بۆتەوە، لەوانە:بەدریە، بەهاییە، کەمالییە، ئەحمەدییە، نەجیبییە. لقی تری قادری، شازلییە ئەویش چەندین لکی لێبۆتەوە لەوانە: دەسوقییە، ئەحمەدییە، حەنەفییە، عیسەوییە، ناسڕییە، مشیمشییە، شەعرانیە، بیومییە، مەرزوقییە، ئیدریسیە ، حامیدییە.

ئەمانەش لکی تەریقەتی قادرین: بەکرییە، سنوسییە، تەلمسانییە، خەتمیە، مەرغەنییە، مەشروعییە.

---

٢٠٦ (الأحزاب :٤٦)

هەر تەریقەتێك لەو تەریقەتانە شێخێك سەرپەرشتییان دەكات و مورید و فێرخوازی خۆیان هەیە هەر یەكێكیشیان ڕاز و كەڕامەتی خۆی هەیە هەندێ جار عەقڵ سەرسام دەبێت لەبەرانبەریان

ژمارەیەكی زۆری تەریقەت هەبووە كە وجاغ كوێر بووە و شێخی تەریقەت كەسی لە دوای خۆی دیارینەكردووە.

هێزی سیلسیەی تەریقەت و گەورەیی تەریقەت: بە شێوەیەكی سروشتی هێز و توانای سیلسیلەی تەریقەت بە هێز و توانای ڕوحی دەردەكەوێ ئەویش بەهۆی زیكر و بەپێی پێگە ڕوحییەكەتی، هەر بۆیە گەورەی هەموو تەریقەتەكان و سەرتری هەموو سیلسیلەكانی تری تەریقەت بریتییە لە تەریقەتی عەلیی قادریی كەسنەزانی، بەچەندین هۆكار:

١-تەریقەتێكی بەردەوام و نەپچڕاوە.

٢-لەڕێگەی لەمسی ڕوحی لەشێخێكەوە بۆ شێخێكی دی گواستراوەتەوە.

٣-گەورە و پێشەنگی تەریقەتەكە هەردەم كەسانی گەورە و پێشەوای تەریقەت بوون لە هەموو جیهاندا هەر لە حەزرەتی عەلییەوە هەتا حەزرەتی گەیلانی و هەتا دەگاتە شێخانی بنەماڵەی كەسنەزانی.

٤-گەورەیی ڕازی ڕوحی تاكو بە وشەی كەسنەزان ناوبراوە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك:

ا.كەس نهێنی ئەو هێزە ڕوحیە لەلایەنی گەورەیی و بڵاوبونەوە نازانێ.

ب.مانەوەی سیڕی ئەو تەریقەتە و فراوانی بڵاوبونەوەی لەسەر دەستی شێخەكانی كەسنەزانیە كە هەتا قیامەت شوێنگرەوەیان دەبێ ، بۆیە بە(سوڵتانی غەیب) ناسراون.

پ.دەرکەوتنی پایەی غەوسی لە شێخەکانی کەسنەزان و دەسەڵاتی ئەوان لە دەوڵەتی ڕوحی.

ت.فرەیی و هێز و توانای زیکر و ویردەکانی تەریقەتەکە.

## ٥-تەریقەتی کەسنەزانی

یەکێکە لە لکەکانی تەریقەتی قادری، لە ڕۆژگاری ئێستادا بەربڵاوترین تەریقەتی سۆفیگەرییە لە جیهاندا، ببە سەدان هەزار مورید و دڵسۆزی هەیە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەوکاری خۆی هەیە. دەروێشانی تەریقەتەکە بە پلەی باڵا گەیشتوون و مورشیدانی تەریقەتەکەش گەورە پیاوانی سەردەمی خۆیان بوینە ئەوەتا سوڵتان حوسێنی کەسنەزان دەفەرمووێت: ئەو تەریقەتەی ئێمە بناغەی لەسەر ئەم شتانە داناوە: قورئان و سوننەت ، خۆشویستی خودا، پاککردنەوەی نەفس، ڕاستی و ئارامگرتن لەسەر سەختی و ناخۆشی و بەڵا، بەئەمەکی و دڵخۆشنەبوون بە بەڵای موسڵمانان، ڕووبەڕووبونەوەی خراپە و لارووێری بە چاکە، بەزەیی بوون لەگەڵ هەتیوان، داپۆشینی ڕووت و قوتان، نان دان بە هەژاران، پشتیوانی کردنی خەڵکی لاواز و بێکەس، دوورکەوتنەوە لە ستەمکاری.

تەریقەتی کەسنەزانی: بریتییە لە لایەنی کرداری و ڕوحی دەقەکانی قورئان بە هەموو لایەنێکییەوە.

تەریقەتی کەسنەزانی بە شێخەکانییەوە لە تەریقەتەکانی دی جیادەکرێتەوە چونکە پیرانی تەریقەتی کەسنەزان لە خاص الخواصن(تایبەتی نێو تایبەتەکان) پیاوی خودابوون، عەشقی حەزرەتی

پێغەمبەر ﷺ بەرزی کردوونەتەوە. زۆرینەی پیرانی ئەم تەریقەتە پیرۆزەلـە ئالوبەیتی پێغەمبەرن، بەمەش سیلسیلەی تەریقەتەکە پتر بەهێز و بە پێز و بەڕێز دەبێ چونکە پایەی ئالوبەیت گەلێك گەورەیە و لە قورئان و حەدیسدا بەڵگەی یەکجار زۆر هەن لەوانە:

–قال تعالى: قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى. سورة شورى٢٣

یەکێك لە ماناکانی واتە: ئەی موحەممەد بلێ لەسەر شارەزاکردنی ئێـوە بۆ ئیسلام من داوای هـیچ پاداشـتێکتان لێناکـەم تـەنها ئـەوە نـەبێ لەگـەڵ ئالوبەیتی من باش بن.

–پێغەمبەر دەفەرموێت( أيُها النّاس إنّي تَركتُ فِيكُم ما إنْ أخَذتُم بـهِ لَـن تضلوا: كتاب الله و عِترَتي أهلَ بَيتي) حديث صحيح اخرجه مالـك و الترمـذي و حـاكم. واتـە: ئـەی خەڵکینـە بێگومـان مـن لـەدوای خـۆم دوو شـتم بـۆ بەجێهێشـتوون ئەگـەر دەسـتی پێـوەبگرن گـومڕا نـابن: قورئـان و ئالوبەیتەکەم.

–ئیبنوحەجەری هەیتەمی دەفەرموێ: وجوب محبة اهل البيت و تحريم بغضهم تحريم غليظ. واتە: خۆشویستنی ئالوبـەیتی پێغەمبـەر واجبـە و ڕق لێبونەوەیان تاوانێکی زۆر گەورەیە.

ئالوبەیت(بنەماڵەی پێغەمبەر): بە پلەی یـەك ئـەو کەسانە دەگرێتـەوە: پێغەمبەر، فاتیمە، عەلی، حەسەن و حوسین(سەلامی خوا لە هەمویان بێ)

## ٦-زنجیرەی شێخانی تەریقەتی عەلیی قادری کەسنەزانی

ئەم تەریقەتە پیرۆزە لە لایەن خوداوە بۆ گەورەمان محمد (صلی الله تعالی علیه وسلم) دابەزی پاشان چووە سەر دەستی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیب (کرم الله وجهه) لەوەوە دابەش بووە دوو باڵ پاشان گەیشتە لای شێخ مەعروفی کەرخی وەکو لە خوارەوە دیارە:

**گەورەمان پێغەمبەر محمد**ﷺ لەوەوە بۆ دەستی ئیمام عەلی (کرم الله وجهه)

| باڵی یەکەم | باڵی دووەم |
|---|---|
| لەوەوە بۆ دەستی ئیمام حوسێن<br>لەوەوە بۆ دەستی ئیمام عەلی زینولعابیدین<br>لەوەوە بۆ دەستی ئیمام موحەممەد باقر<br>لەوەوە بۆ دەستی ئیمام جەعفەر صادق<br>لەوەوە بۆ دەستی ئیمام موسای کازم<br>لەوەوە بۆ دەستی ئیمام عەلی رەزا | لەوەوە بۆدەستی<br>شێخ حەسەن بەصری<br>لەوەوە بۆ دەستی<br>شێخ حەبیب عەجەمی<br>لەوەوە بۆ دەستی<br>شێخ داود تائی |

لەوەوە بۆ سەر دەستی شێخ مەعروفی کەرخی

لەوەوە بۆ دەستی شێخ سیڕی سەقەتی ــــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ جونەیدی بەغدادی – لەوەوە بۆ دەستی شێخ ئەبی بەکر شیبلی ــ لەوەوە

بۆ دەستی شێخ عەبدولواحید یەممانی – لەوەوە بۆ دەستی شێخ ئەبی فەرج تەڕسوسی ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەلی هەکاری – لەوەوە بۆ دەستی شێخ ئەبی سەعید مەخزومی ـــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولقادر گەیلانی – لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدوڕەزاق گەیلانی ـــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ داود سانی – لەوەوە بۆ دەستی شێخ موحەممەد غەریب الله ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولفەتاح سەیاح ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ موحەممەد قاسم ـــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ موحەممەد صادق ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ حوسێن بەحرانی ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ ئەحمەد ئەحسائی ـ لەوەوە بۆ دەستی شێخ ئیسماعیل ولیانی ـــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ موحییەدینی کەرکوك ـ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدوصەمەدی گلەزەردە ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ حوسێن قازان قایە ـ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولقادر قازان قایە ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولکەریمی شاهی کەسنەزان ـــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان ــ لەوەوە بۆ دەستی شێخ حوسێنی کەسنەزان ـ لەوەوە بۆ دەستی شێخ عەبدولکەریم کەسنەزان لەوەوە بۆ شێخی ئێستای تەریقەت شێخ موحەممەد ئەلموحەممەدی کەسنەزان ( قدس الله اسرارهم اجمعين).

شێخ عەبدولڕەحیم کوڕی ئەحمەدی بەرعی لەم هۆنراوەی خوارەوە کە ناوی ناوە (خرقە الانوار) کە باسی باڵی زێرینی تەریقەتەکان دەکات بەمە دەست پیٚ دەکات:

لکل خطب مهم حسبي الله　　　ارجو به الامن مما كنت اخشاه

تا دەگاتە ئەم دێڕانەی خوارەوە کە دەڵێت :

لله خرقةُ أنوار تداولها ... ائمةُ لهم التمكينُ والجاه
سر تشعشعَ من سر الغيوب فما ... زالت بصائرُ اهل الحق ترعاه
مابين جبريل والطهرِ ابن اَمنة ... الى الامام علي كأن مسراه
وفي الحسينِ وفي نجلِ الحسين فزن ... العابدين رحيمُ القلب أواه
فباقرِ العلم فالميمونِ جعفره ... فكاظمِ الغيظِ موسى مَن كموساه
الى علي الرضاه سامي الفخارِ وكم ... مستقبل السرَ من ماضٍ تلقاه
أئمةُ من بني الزهرا لهم شرف ... ينميه حيدرةُ فيهم و زهراهُ
هم عرفوا الشيخ معروفاً اخا كرم ... ادنَوه قبلَ سرى وهو أدناه

جا بۆ زانیاری خوێنەر وا نەبێ تەنیا سیلسیلەی شێخانی تەریقەتی کەسنەزانی وەها بە بەرەکەت و بڕشت بێ بەڵکو لە ڕووی سەنەدی بنەماڵەشەوە ئەوان هەر سەردەستە و شێرەپیاوی مەیدانن.

**٧-سەندی بنەماڵەی کەسنەزان:**

یرتفع نسب والدنا و شیخنا السید الشیخ عبدالكريم الكسنزان الحسيني الى الدوحة النبوية الشريفة فهو:السيد عبدالكريم بن السيد عبد القادر بن السيد عبد الكريم الشاه الكسنزان بن السيد حسين[٢٠٧]

---

٢٠٧ کە دەکاتە باوکی شاهی کەسنەزان، ئەم زاتە زانایەکی بەرز بوە و خەریکی خزمەتی زانیاری بوە و خۆی بە ئیرشادەوە خەریك نەکردوە تا کۆچی دوایی کردووە.

بن السيد حسن[٢٠٨] بن السيد عبدالكريم[٢٠٩] بن السيد اسماعيل الولياني بن السيد محمد النودهي[٢١٠] بن السيد بابا علي الوندرينه[٢١١]

---

٢٠٨ ئەم زاتە لە خزمەت باوکی تەریقەتی وەرگرتووە و بووە بە خەلیفەی ئەو، حەوت کوڕی هەبووە.

٢٠٩ بە شێخ عەبدولکەریمی خاویٚ ناسراوە پیاوێکی زۆر بەڕێز و زانایایەکی بەرز بووە لە خزمەت باوکی سلوکی تەریقەتی کردووە و بووە بە خەلیفەی باوکی، ئیرشادی کردووە تاوەکو بە تاعون لە جیهان دەرچووە.

٢١٠ هەر لە سەرەتای ژیانی خەریکی زانیاری تەصەوف و لەخوداترسی بووە، زیاد لەوەی لە خزمەت باوکی سلوکی کردووە و بووە بە خەلیفەی ئەو، چووە بۆ بەغدا و لە خزمەتی شێخ موحەممەد صادق تەریقەتی وەرگرتووە و ئیجازەی لەویش وەرگرتووە. چەندین جار حەجی کردووە و زیارەتی پێغەمبەری کردوە.گەلیٚ پیاوی باشی پێگەیاندوون. زۆری فەرمودەی جوان هەیە کە تا ئێستاش لە نێو کۆڕی زانایان باس دەکریٚ.

٢١١ ئەم زاتە خاوەن پایە و مایە بوە و زانایەکی بەڕێز بووە. لە تەریقەتدا خاوەن کەڕامەت بووە. لەگەلٚ ئەوەی لە خزمەت باوکی تەریقەتی وەرگرتووە چووە بۆ بەغدا و لە خزمەتی شێخ موحەممەد قاسمدا تەریقەتی وەرگرتوە و ئیرشادی موسلٚمانانی کردووە. شێخ عەلی لە نزیکی بەرزنجە نیشتەجیٚ بووە تا لە سالٚی ١٠٨٠ وەفاتی کردووە.

بن السيد بابا رسول الكبير[٢١٢] بن السيد عبد السيد الثاني[٢١٣] بن السيد عبد الرسول[٢١٤] بن السيد قلندر[٢١٥] بن السيد عبد السيد[٢١٦]

---

٢١٢ ئەم زاتە لە زانا هەڵکەوتووەکان بووە و گەلێك ڕەنجی لە پێناو شەریعەت و تەریقەت داوە. ئەم زاتە بە خزمەت حەزرەتی خدر گەیشتوە و بەهرەی لێوەرگرتووە. خاوەنی کەشف و کەڕاماتێکی زۆر بووە و دەیان مورید و فەقێی هەبووە. حەڤدە کوڕی هەبووە و لە ساڵی ١٠٥٦ك لە بەرزنجە وەفاتی کردووە.

٢١٣ ئەم زاتە پیاوێکی خاوەن کەشف و کەڕامەت بووە و چەندین فەرمودەی جوانی هەن. لە ساڵی ٩٩٥ك لە بەرزنجە وەفاتی کردووە.

٢١٤ ئەم زاتەش خاوەنی زانست و تەریقەت بووە و زۆر ئامۆژگاری موسوڵمانانی کردووە. ئەم زاتە تەنیا لە ڕۆژە حەرامەکان نەبێ ئەگینا تەواوی ساڵ بەڕۆژوو بووە. سەید عەبدوڕەسوڵ لە ساڵی ٩٦٤ك لە بەرزنجە وەفاتی کردووە.

٢١٥ ئەم زاتە لە پیاوچاکەکانی کورد بووە و تاقانەی سەردەمی خۆی بووە. لەگەڵ ئەوەی لە خزمەت باوکی تەریقەتی هەبووە، چۆتە بەغدا و تەریقەتی لە خزمەتی شێخ موحەممەد قاسمیش وەرگرتووە. چەندین کەشف و کەڕامەتی سەیری لێدەگێرنەوە. ئەو سەیدە لە بەرزنجە لە ساڵی ٩٥١ك وەفاتی کردووە.

٢١٦ لە بەرزنجە دانیشتووە. خاوەنی پایەیەکی ڕوحی زۆر باڵا بووە. فەرمودەی جوانی هەیە لەوانە: ئەگەر هەموو دونیا دوژمنی تۆ بن بە قەد نەفسی خۆت زیانت لێنادەن. ئەم زاتە تەریقەتی خەڵوەتییەی بەکارهێناوە لە ڕێکەوتی ٩٤٦ك وەفاتی کردووە.

بن السيد عيسى الاحدب[٢١٧] بن السيد حسين[٢١٨] بن السيد بايزيد[٢١٩] بن السيد عبدالكريم الاول[٢٢٠]

---

٢١٧ ئەم زاتە لە عیلمی زاهیر و باتین شارەزا بووە و لە ترسی خوا زۆر گریاوە. لە خزمەتی باوکی تەریقەتی وەرگرتووە و لە زۆر ولآتان بۆ عیلم و عیرفان گەڕاوە. لە بەیانی تا نیوەڕۆ دەرسی وتۆتەوە لە پاش نیوەڕۆ قورئانی خوێندووە پاش عەسریش خەریکی حاڵی خۆی بووە، شەوەکانیش لە ژووری تایبەتی خۆی کاتی بە عیبادەت بەسەر بردووە. زۆر باسی خۆش لەبارەیەوە هەیە. لە ساڵی ٩٤١ ك وەفاتی کردووە.

٢١٨ ئەم زاتە زۆر لەخودا ترس و زانا بووە. دارای زانستی شەع و تەریقەت بووە. سەرچاوەکان دەڵێن: زۆر مەردانە خزمەتی دینی کردووە تا لە ساڵی ٩٣٢ك وەفاتی کردووە.

٢١٩ ئەم زاتە زانا و لەخوداترس و دنیانەویست بووە. خاوەنی کەشف و کەڕامەت بووە. پیاوێکی دڵناسك بووە هەندێ جار بە وەعزێك هێندە گریاوە لەهۆش چووە. ئەم زاتە تەمەنی خۆی لە خزمەت دیندا بەسەر بردووە.لە ساڵی ٩٢٢ك وەفاتی کردووە.

٢٢٠ چاکترین کوڕی سەید عیسا بووە. خاوەنی تەسەڕوفی ڕوحی بووە و هەموو مورید و خەلیفەکانی باوکی دانیان پێدا ناوە. دەڵێن سەید عەبدولکەریم میوەی زستانەی لە هاوین لەلا بووە و میوەی هاوینەی لە زستان لەلا بووە. لە بەرزنجە لە ساڵی ٨٤٥ك وەفاتی کردووە.

بن السيد عيسى البرزنجي[٢٢١] بن السيد بابا علي الهمداني[٢٢٢] بن السيد يوسف الهمداني[٢٢٣]

---

٢٢١ ئەم زاتە لەگەڵ سەید موسای برای لە ڕێگەی حەج بە کوردستان دا هاتنەوە و لە دێی بەرزنجە نیشتەجێبوون و بە ئامازەی پێغەمبەر مزگەوتێکیان لە بەرزنجە دروست کرد. بەلاّم پاش ماوەیەك سەید موسا شەهید کرا و سەید عیسا بەتەنیا دەمێنێتەوە. ئەم زاتە سلوکی لە خزمەتی شێخ ئیسحاقی خەتلانی (خەلیفەی باوکی بووە) کردووە پاشان لە شێخ موحەممەدی نوربەخشی براشی تەریقەتی وەرگرتووە و تەریقەتی شێخ عیسا بە نوربەخشییە ناسراو بووە. ئەم زاتە لە عیلمی زاهیر و باتین زۆر دەستڕۆیشتوو بووە. چەندین گەورە زانا و عاریفی مەزنی پێگەیاندووە.شێخ لە ساڵی ٧٥٤ك وەفاتی کردووە.

٢٢٢ ئەم زاتە هەروەکو چۆن لە تەسەوف سەرامەد بووە لە زانستی شەرعیش شارەزا بووە. چەندین کتێبی نوسیووە. گەشتێکی دوور و درێژی بە جیهانی ئیسلامی دا کردووە و بە خزمەتی چەندین پیاوچاك گەیشتووە. چەندین گەورە عاریف و زانا بونەتە موریدی ئەم زاتە. دواجار لە هەمەدان دانیشتووە و لە ساڵی ٦٧٣ك وەفاتی کردووە.

٢٢٣ ئەم زاتە لە خزمەتی باوکی پێگەیشتووە و بە شەهابەدین ناسراو بووە. لە هەمەدانەوە هاتووە بۆ بەغدا و لە خزمەتی عەلامەی دونیا ئەبو ئیسحاقی شیرازی خوێندویەتی. لە خزمەتی شێخ ئەبو عەلی فارمەدی تەریقەتی وەرگرتووە و زۆر کەس سلوکیان لە خزمەت دا کردووە. ئەم زاتە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری گەیلانی چاوییان بەیەکتری کەوتووە. لە ساڵی ٥٣٥ك وەفاتی کردووە.

بن السيد محمد المنصور[٢٢٤] بن السيد عبدالعزيز[٢٢٥] بن السيد عبد الله[٢٢٦] بن السيد اسماعيل المحدث[٢٢٧] بن الامام موسى الكاظم بن الامام جعفر الصادق بن الامام محمد الباقر بن الامام علي زين العابدين بن الامام الحسين بن الامام علي بن ابي طالب كرم الله وجهه والسيدة فاطمة الزهراء بنت رسول الله وخاتم الانبياء والمرسلين محمد المصطفى صلى الله تعالى عليه وسلم .

---

٢٢٤ هەر لە منداڵییەوە دەستی بەخوێندن کردووە و لە خزمەتی زۆر زانا خوێندویەتی. لە تەسەوفیش باڵادەست بووە. زۆر پابەندی سونەتی حەزرەت بووە. دوای ئەوەی بەغدای بەجێهێشتووە چووە بۆ وڵاتی عەجەم و پاشان چۆتە هەمەدان خزمەتی دین و موسڵمانانی کردووە.

٢٢٥ ئەم زاتە دوای وەفاتی باوکی چۆتە خۆراسان و لەوێ گەلێك خزمەتی دینی کردووە. ئەوەندە خوداناس و خواپەرست بووە ناوی لەناو خەڵکی دەرکردبوو. لە ساڵی ٤١٠ك لە خۆراسان وەفاتی کردووە.

٢٢٦ گەورەی سادات و شێخی زەمان بوە. چیاوێکی زانا و خواناس بووە. لە خزمەتی شێخ جونەیدی بەغدادی پایەکانی تەسەوفی بڕیووە. گەڵێك کەڕامەت و شتی سەیری لێدەگێڕنەوە. لە ساڵی ٣٠٢ ك لە بەغدا وەفاتی کردووە.

٢٢٧ لە بەغدا لەدایك بووە. لە خزمەتی ئیمام موسای باوکی عیلمی ڕیوایەت و دیرایەت فێربووە. لە زانستی فەرموودە گەلێك شارەزا بووە. گەلێ جار لەگەڵ شێخ مەعروفی کەرخی بەیەکەوە بوون. چۆتە خۆراسان و سەردانی ئیمام ڕەزای برای کردووە دواتر گەڕاوەتەوە بەغدا و خەریکی عیبادەتی خوا بووە. لە ساڵی ٢٣٠ ك وەفاتی کردووە.

## ٨-شێخ ( پیری تەریقەت ):

نازناوێکە بەسەر پیاوانی ئایینی ئیسلامی براوە. کەسێك خاوەنی پلەوپایەیەك بێ لە زانستدا. لە ئوسوڵی تەریقەتدا هەموو وەلییەك مورشید نییە، بەڵام دەبێ هەموو مورشیدێك وەلی بێت.

لە قورئاندا بە شێوەی جیاواز چوار جار هاتووە.

ئیمامی ئەبو حامیدی غەزالی دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: الشیخ فی قومه کانبی فی امته. واتە شێخ لەناو گەلەکەی خۆی وەکو پێغەمبەرﷺ وایە لە نێو ئوممەتەکەی .

پیرانی تەریقەت: ڕێگای بەرەو خودان. چاوساغی دەرگایانێکن کە لەسۆنگەی ئەوانەی بەخوا دەگەی.

شێخ ئەبو مەدیەنی مەغریبی: شێخ بە ڕەوشتی خۆی پاك و پاڵفتەت دەکا.بە ڕێوشوێنی خۆی پەروەردەت دەکا، بە نور و ڕۆشنایی خۆی ناخت ڕووناك دەکاتەوە.

سەید ئەحمەدی ڕیفاعی: شێخ پابەندی قورئان و سوننەتت دەکات، لە شتی داهێنراو و تازەگەر دوورت دەخاتەوە.

شێخ نەجمەدینی گەورە: شێخ باوکێکی ڕوحانییە، ئەو موریدانە لە پشتی ویلایەتی ئەو لە دایکبوون و منداڵی ڕۆحی ئەون . ئەو موریدانە دەبنە خزم و کەسی یەکدی.

شێخ حەسەنی شازلی: شێخ ئەو کەسەیە لە دونیا و دوارۆژ بەهۆی زوهدەوە بەرەو سانەوەت دەبا، هەرگیز بەرەو ماندووبوونت نابا.

شێخ ئیبراهیمی دەسوقی: شێخ باوکێکی پەنهانییە.

شێخ کەمالەدینی قاشانی: شێخ بریتییە لە کەسێکی پێگەیشتوو لە هەر سێ زانستەکانی شەریعەت، تەریقەت و حەقیقەت.

لە چەمکی کەسنەزاندا:شێخ وەکیلی پێغەمبەرﷺ و قورئانی پیرۆز شەریعەت و تەریقەتە، ئەمەش واتە جێنشینی خودایە لەسەر زەوی.

مەرجی شێخی تەریقەت گەلێك زۆرن و بەڵام سەرەکییەکان ئەمانەن:

١–شێخی تەواو و موکەمیل دەبێ لەلایەن شێخێکی ترەوە مۆڵەتی پێبدرێت و شاهیدی بۆ زانیاری و دڵکرانەوەی بدرێت.

٢–زانای شەریعەت و تەریقەت بێ و هەموو مەقامەکانی بە تەواوی بڕی بێت.

٣–هەڵسوکەوتی بە پێی قورئان و سونەتی پێغەمبەرﷺ بێ.

٤–بتوانێ مورید پێبگەیەنێ و سودی دەروونی هەبێت. بە مانای وشە دکتۆری دڵ و دەروون بێ.

٥–دڵسۆزی ئوممەتی پێغەمبەرﷺ بێ و خزمەتی موسڵمانان بکات.

## بەشی سێەم/ ژیاننامەی ئەم ڕشتە پیرۆزە

### ١-حەزرەتی ڕەسولەلاّ موحەممەدی کوڕی عەبدولاّ ﷺ

ناوی موبارەکی موحەممەدی کوڕی عەبدولاّی کوڕی عەبدولموتەڵیبە. دایکی ناوی ئامینەی کچی وەهەبە. نەژادی پێغەمبەرﷺ دەچێتەوە سەر قورەیش، قورەیش لە نەوەی حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمن. باپیرانی پێغەمبەرﷺ هەموویان یەکتاپەرست و پیاوچاکی سەردەمی خۆیان بوینە. پێغەمبەرﷺ لە شاری مەککە و لە ولاّتی حیجاز لە ڕۆژی دووشەممەی ١٢ ڕەبیعول ئەوەلی ساڵی فیل بەرامبەر ٢٠نیسانی ساڵی ٥٧١ زایینی هاتۆتە دونیاوە. پێغەمبەرﷺ هەر لە سکی دایکدا بووە کە باوکی وەفاتی کردووە پاشان هەر زوو دایکی کۆچی دوایی کردووە لەبەر بێکەسی ناچار بووە چۆتە لای مامی خۆی ئەبوتاڵیب. پێغەمبەرﷺ هەر لە منداڵییەوە نیشانەی گەورەیی و خێر و بەرەکەتی لێدیار بوو هەر لەو تەمەنە چەندین موعجیزەی لێدەرکەوتن. سەلارترین منداڵی مەککە بوو لە تەمەنی هەرزەکاری خەریکی شوانی و بەردەستی مامی بووە لە کاری بازرگانیدا. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی خەدیجە خانی داخوازی کرد و هاوسەرگیریان ئەنجام دا. لەو زەواجە موبارەکە دوو کوڕ و چوار کچ بوون. پێغەمبەر ﷺباشترین کەسی شاری مەککە بوو لە هەموو ڕوویێکەوە، خودای دەناسی و لەسەر پەیڕەوی حەزرەتی ئیبراهیم خوداپەرستی دەکرد تاوەکو لە تەمەنی چل ساڵی لە ڕۆژی دووشەممەی (١) شوباتی ساڵی ٦١٠ز بوو بە پێغەمبەرﷺ و هەموو دونیای بە چرای وەحی ڕوناک کردەوە. هەوڵ

و کۆششێکی بێوەچانی دەسپێکرد. سەرەتا بانگەوازی بۆ پەیامەکەی خۆی بە نهێنی دەکرد تا هەندێ کەسی لە دەور کۆبوونەوە. کۆڕی ئامۆژگاری پێغەمبەرﷺ لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم بوو. بەرەبەرە بانگەوازەکەی پێغەمبەرﷺ ئاشکرا بوو ئیدی پێغەمبەر ﷺو یاران کەوتنە ژیانێکی زۆر سەخت و ناڕەحەت، بە جۆرێ خۆشییان نەما و سزا و ئازاری سەرانی قوڕەیش لە هەموو لایەك تەنگی پێهەڵچنین. ئەو ئازاردان و ئەشکەنجەدانە وای لە پێغەمبەرﷺ نەکرد ساردببێتەوە و بانگەوازەکەی ڕابگرێت بەڵکو گەرم و گوڕتر بوو لەسەر کارەکەی و پتر دینەکەی پەرەی دەسەند. بۆ زیاتر فراوان کردنی سنوری دین پێغەمبەر ﷺجۆرەها ڕێگەی گرتەبەر لەوانە چوون بۆ تائیف و کۆبونەوە لەگەڵ خەڵکی مەدینە و دەیان ڕێگەی تر. لە شەوی هەیینی لە ٢٧ رەجەبی ساڵی دوازدەی پێغەمبەرایەتی لە بەشێکی شەودا بە گیان و جەستە چووە (مسجد الاقصى) لەوێش بەرزکرایەوە بۆ هەر حەوت ئاسمانەکان و هەر لەو شەوەدا گەڕایەوە مەککە بەم ڕووداوە دەوترێ ئیسڕا و میعراج. پێغەمبەرﷺ کە زانی خۆی و هاوەڵانی تەواو تەنگیان پیهەڵچنراوە، ناچار بوو خۆی و یارانی ڕێگەی کۆچ بگرنە بەر ، بۆیە دوای سێزدە ساڵ بانگەوازی لە شاری مەککە لە ٢٢ ئەیلولی ساڵی ٦٢٢ز بەرەو مەدینە کۆچییان کرد. پێغەمبەر ﷺلە مەدینە پێشوازییەکی شایستەی لێکرا و وەك گەورەی مەدینە دەست بەکار بوو، لە مەدینە چەندین کار و بەرنامەی جێبەجێکرد و توانی لە کاتێکی زۆر کەم بناغەی دەوڵەتێکی پتەو بچەسپێنێ. دوای ماوەیەکی کورت دەرگای شەڕ بە ڕووی پێغەمبەرﷺ کرایەوە. وانەبێ پێغەمبەرﷺ هەر لە مەیدانی

بانگەوازی و پێغەمبەرایەتی لێهاتوو بێ بەڵکو لە مەیدانی نەبەردیدا شۆڕەسوارێکی ئازا و جەسور بوو بەرد خۆی لەبەر نەدەگرت. چەند شەڕێکی قورس لە نێوان موسڵمانان و بێباوەڕان بەرپا بوو لەوانە: بەرد ، ئوحد، ئەحزاب، تەبوك ، موئتە...

ئەو شەڕانە وایان لە پێغەمبەرﷺ نەکرد لە گەیاندن خاوبێتەوە بەڵکو پتر ڕژد بوو لەسەر ئیسلام. چەندین وەفدی ناردە لای پاشا و سەرۆکەکانی ئەو کات، ئەو کارەی پێغەمبەرﷺ یەکەمین وەفد ناردنە بۆ پەیامی دین. لە ماوەی ئەو دە ساڵەی کە پێغەمبەرﷺ لە مەدینە بوو بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام و ڕێبازی حەق بوو. خەڵك لە هەموو لایێکەوە ڕوویان لە دین کرد، جوانی ئیسلام و سونەتی پێغەمبەر ﷺخەڵکی لە خۆ کۆکردبۆوە. ڕۆژانە بە دەیان کەس ئیمانی دەهێنا. کە پێغەمبەرﷺ لە دونیا دەرچوو ژمارەی هاوەڵەکانی ١٢٤٠٠٠ صەحابە بوو. دوای چەند ساڵێك پێغەمبەرﷺ ویستی ئازادکردنی مەککەی لا گەلاڵە بوو بۆیە بەو کارەش هەستا و جێبەجێی کرد. دوای تەواو بوونی پەیامی قورئان و چەسپاندنی بنەماکانی ئیسلام کاری پێغەمبەرﷺ لەسەر زەوی تەواو بوو بۆیە لە تەمەنی شێست و سێ ساڵی لە ڕۆژی ١٢ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١١ك بەرامبەر هەشتی حوزەیرانی ساڵی ٦٣٣ز لە شاری مەدینە گەڕایەوە خزمەت باری تەعالا و دونیای فانی بەجێهیشت.

## گەورەیی پێغەمبەرﷺ

– ئیمامی عەلی و حەزرەتی ئیبن عەبباس فەرمویانە: خوای گەورە هەر پێغەمبەرێکیﷺ نارد بێ بەڵێنی لێوەرگرتووە: ئەگەر ئەو زیندوو بوو و حەزرەتی موحەممەد نێردرا بە پێغەمبەرﷺ ، ئەبێ ئیمانی پێبێنی و یارمەتیشی بدا. هەم بەڵێنیش لە ئۆمەتەکەی خۆی وەربگرێ: ئەگەر ئەوانیش زیندوو بوون و حەزرەتی پێغەمبەر ﷺکرایە پێغەمبەرﷺ، ئەبێ ئیمانی پێ بێنن و یارمەتی بدەن.

– لە حەدیسێکدا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: من لە لای خوا کۆتایی پێغەمبەران بووم هێشتا باب ئادم لە لاشە قوڕەکەی دا بوو و گیانی نەهاتبووە ناو لاشەکەی. حەدیسەکە سەحیحە و ئیمامی ئەحمەد و بەیهەقی ڕیوایەتییان کردووە.

## موعجیزەکانی پێغەمبەرﷺ :

–کە بیری حودەیبییە ئاوی تێدا نەما بوو پێغەمبەرﷺ تیرێکی لە تیردانەکەی خۆی دەرهێنا و تیرەکەیان چەقاندە ناو بیرەکەو بیرەکە پڕبۆوە.[٢٢٨]

–پڕژاندنی وردکەبەرد و خۆڵ بەرەو چاوی کافران و پڕ خۆڵ بوونی چاوەکانیان.

---

٢٢٨ مێرگ و گوڵزاری بەهار بۆ گەشتیارانی ژیانی پێغەمبەری نازدار مەلا عەبدوڵا عەبدولعەزیز هەرتەلی، لا٣٩٣

-خەبەردان لە ڕووداوی داهاتوو.

-دوعای چاك بونەوە بۆ نەخۆش و بریندار.

-هاتنی قورئان بۆی.

## ٢-ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب کرم الله وجهه

خەلیفـەی حـەزرەتی پێغەمبـەرﷺ شـێری خـودا زانـای حەقیقـەتی ئەحمەدی مەکتەبەی سیڕی سەرمەدی سەرکردەی غەزا و چلچرای حیکمەت و زانســت هــاڕونی حــەزرەتی ڕەســولەلا نــاوی تــەواوی عــەلی کــوڕی عەبدولمەنافی کوڕی عەبدولموتەڵیبە. چەندەها نازناوی هەیە لەوانە: شێری خودا، دەروازەی شاری زانست، حەیدەری کەڕاڕ، ساحێب زولفیقار، فاتیحی قەلای خەیبەر، باوکی حەسەن، باوکی حەسەنەیین...

ئیمام عەلی لە ساڵی ٢٣ پێش کۆچی لەدایکبووە. لە شاری مەککە دواتر لە مەدینە دواجار لە کوفە ژیاوە.

پێغەمبەرﷺ لە ڕۆژی ڕزگارکردنی خەیبەر فەرمووی بەیانی ئەم بەیداغە دەدەمــە پیاوێـك کــە خــودا دەرگاکــەی بـۆ دەکاتــەوە. ئــەو خــودا و پێغەمبــەرﷺی خۆشــدەوێت و خـــودا و پێغەمبـــەریشﷺ ئـــەویان خۆشدەوێت) بەیانی بەیداغەکەی دایە ئیمامی عەلی کرم الله وجهه [٢٢٩]

---

٢٢٩ موسوعه الکسنزان:٢٣/٣٧٣-٣٧٦

## کەڕامەتێکی ئیمامی عەلی:

دەگێڕنــەوە یــەکێك لەوانــەی ئیمــامی عــەلی ( کــرم اللـــه وەحـــە) خۆشدەویست دیلێکی ڕەش پێست بوو دزی کرد بوو هێنایان بۆ لای ئیمـام عەلی ئیمام بە دیلەکەی وت: ئایا دزیت کردووە؟ دیلەکە وتی: بـەڵێ. ئیمـام عـەلی فـەرمانی دا دەسـتی دیلەکـەیان بـڕی. دیلەکـە ڕۆیشـت و گەیشـتە سـەلمانی فارسـی و ئیبنولکـوا. ئیبنولکـوا وتـی: ئـەوە کـێ دەسـتی تـۆی بڕیووە؟ دیلەکە وتـی: پێشـەوای ئیمانـداران، گـەورەی موسـڵمانان ، زاوای پێغەمبەرﷺ ، مێردی فاتیمەی بەتول. ئیبنولکوا وتی ئیمام عـەلی دەسـتی تۆی بڕیوە هێشتا مەدحی دەکەی و پێیداهەڵدەڵێی؟ دیلەکـە وتـی: بۆچـی پێیداهەڵنـەڵێم لـە کاتێکدا لەسـەر حـەق دەسـتی بڕیـوم و منـی لـە ئـاگری جەهەنـەم ڕزگـارکردووە. حـەزرەتی سـەلمان گوێی لـەو باسـە بـوو ، چـوو ئیمامی عـەلی لـێ ئاگـادار کـردەوە. ئیمـام عـەلی بـە دوای دیلەکـەی نـارد و دەستەکەی لەسەر باسکی دانایەوەو بە مێزەرێ بۆی پێچایەوەو هەندێ لـە خوا پاڕایەوە، ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لـە دەنگێـك بـوو لـە ئاسمانـەوە هات و وتی مێزەرەکە لابـدە کـە مێزەرەکـەمان لادا دەسـتی دیلەکـە وەکـو خۆی لێهاتبۆوە[٢٣٠].

هەندێك نوسراو و کتێب دراوەتە پـاڵ ئیمـامی عـەلی: نهـج البلاغـة، جنـة الاسماء الحرز، خطبة البیان، فصل الخطاب، مفتاح النجاة.

---

٢٣٠ جامع الکرامات الاولیاء: ١/ ١٤٣

ئیمامی عەلی لە شەوی هەینی لە حەڤدەی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ك لە تەمەنی ٦٣ ساڵی شەهید کرا.

## ٣-ئیمامی حوسێن( علیه السلام )

ناوی موبارەکی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلییە(سەلامی خودایان لەسەر بێت) نازناوی گەورەی گەنجانی بەهەشت و ڕێحانەی پێغەمبەرەﷺ[٢٣١] . لەساڵی چوارەمی کۆچی لەدایکبووە. هەر خودی پێغەمبەرﷺ ناوی لێناوە. ئیمامی حوسێن لە ڕووی شێوە و سیماوە زۆر بە پێغەمبەرﷺ چووە.

## -کەرامەتێکی ئیمامی حوسێن:

زانایان دەگێڕنەوە: هەر کەسێ بەشداری لە شەهیدکردنی ئیمامی حوسێن کردبێت بێ بەلاَ و موسیبەت نەمردووە. ئەو قەومە خراپەی ئەویان شەهید کرد تا ڕۆژی دوایی بە بەردەوامی بەر نەفرینی خوا و خەڵك کەوتوون. ئیمامی حوسێن لە ڕۆژی عاشورا و لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لە (١٠)ی موحەڕەمی ساڵی ٦١ك لە تەمەنی ٥٨ ساڵی شەهید بوو ٣٣برینی ڕم و ٣٤ زامی شمشێری بە جەستەی موبارەکی وەبوو، بە سمی ولاَغان هەموو ئێسقان و پەراسووی لاشەیان ورد و خاش کرد، لەو ڕۆژە کارەساتێك بەسەر بنەماڵەی پێغەمبەرﷺ هات کە هەرگیز زمان و قەڵەم

---

٢٣١ پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی(هما ریحانتي فی الجنة) واتە حەسەن و حوسێن ڕێحانەی منن لە بەهەشت.

ناتوانن تۆماری بکەن. بەو قوربانی دانە ئیمامی حوسێن دەرسێکی زۆر گەورەی فێری هەموو مرۆڤایەتی کرد و گەورەترین قوربانی لە پێناو دادپەروەری دا.

## ٤-ئیمامی عەلی ئەسغەر( زینەلعابیدین )( علیه السلام )

ناوی پیرۆزی عەلی کوڕی ئیمامی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلییە. چەند نازناوێکی هەیە لەوانە: زەینەلعابیدین، عەلی ئەسغەر[٢٣٢]، سەججاد(زۆری سوجدە دەبرد).

ئیمامی زەینەلعابیدین لە شاری کوفە لە ساڵی ٣٨ ك هاتۆتە دونیا. دایکی ناوی سولافەی کچی یەزدەگوردە(کۆتا پاشای فارسەکان بووە) ناسناوی ئەم خانمە شەهزنان بووە.

ئیمام تەریقەتی عەلییەی لە باوك و باپیری خۆی و لە خانەدانی ئەحمەدی بۆ ماوەتەوە. ئیمام هاوچەرخی شێخ حەسەنی بەسرِی و سالمی کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر و موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صەدیق و زەهری و شەعبی و ئیبنوسیرین بووە.

ئیمام هەندێك حاڵاتی ڕوحی زۆر عەجایبی هەبووە، هەر کاتێ خەریکی دەست نوێژ شوشتن بوایە ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، پێیان دەگوت قوربان خێرە؟ دەیفەرموو ئەرێ نازانن من بەرامبەر کێ دەوەستم. هەر کاتێك بۆ

---

٢٣٢ تاوەکو لە عەلی ئەکبەری برای جیا بکرێتەوە کە لە کارەساتی کەربەلا شەهید بوو.

نوێژ ئامادە بوایە، ڕەنگی دەگۆڕا... دەڵێن: لە شەو و ڕۆژێکدا هەزار ڕکات نوێژی کردووە. جارێك ئاگر لە ماڵی ئەو بەردەبێت لەو کاتەدا ئیمام لە سوجدە بوو، خەڵك هەموو هاتن و وتییان ئەی کوڕی پێغەمبەری خوداﷺ ئاگر ، ئەی کوڕی پێغەمبەری خوداﷺ ئاگر، کەچی ئەو سەری بەرز نەکردەوە هەتا ئاگرەکەش کوژایەوە، لەوەش سەیرتر هێندە لەگەڵ نوێژەکەی تێکەڵ ببوو بە ئاگرەکەشی نەزانی بوو[٢٣٣].

زوبێری کوڕی ئەسلەمی مەکی دەفەرموێ: جارێك لە خزمەت جابیری کوڕی عەبدولاّ بووین(سەحابەی پێغەمبەرﷺ بوو)، ئیمام زەینەلعابیدین بە موحەممەد باقری کوڕی گوت: هەستە بچۆ سەری مامت ماچ بکە، موحەممەد باقر چوو سەری جابیری ماچ کرد، جابیر چونکە کوێر بوو نەیناسی، فەرمووی ئەو منداڵە کێ بوو؟ ئیمام زەینەلعابیدین فەرمووی: ئەوە موحەممەدی کوڕم بوو، جابیر زۆر کەیف خۆش بوو، توند موحەممەد باقری لە باوەش گرت و فەرمووی : ئەی موحەممەد باقر، موحەممەد کە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو، سەلامت لێدەکا، خەڵکەکە لایان عەجایب بوو، گوتیان قوربان چۆن پێغەمبەرﷺ سەلامی لێدەکا ؟ جابیر فەرمووی: جارێك لە خزمەت پێغەمبەرﷺ بووم، حوسێنی لە باوەشدا بوو، یاری لەگەڵ دەکرد، ڕووی موبارەکی کردە من و فەرمووی: ئەی جابیر ، ئەمە حوسینە کوڕێکی دەبێ، ناوی عەلی دەبێ، لە ڕۆژی قیامەتدا فریشتەیەك بانگ دەکا و دەڵێ: زەینەلعابیدین بفەرموێ بچێ بۆ بەهەشت. دووبارە پێغەمبەرﷺ

---

٢٣٣ موسوعة الکسنزان:٢٣/ ٣٨١–٣٨٥

فەرمووی: ئەی جابیر زەینەلعابیدینیش کوڕێکی دەبێ ناوی موحەممەد دەبێ، فەرموی ئەگەر مایت و نەمردی و توشیان بووی، سەلامی منیان پێڕابگەیێنە. فەرمووی بەلاّم ئەی جابیر لە دوای چاوپێکەوتنیان زۆر نامێنیتەوە، ڕاوی دەڵێ: سبحان الله لەپاش چوار ڕۆژ حەزرەتی جابیر وەفاتی فەرموو[٢٣٤]. ئیمام لە ساڵی ٩٤ك لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا لە دونیای فانی دەرچوو و لە گۆڕستانی بەقیع لە تەنیشت ئیمامی حەسەنی مامی بە خاك سپێردرا.

## ٥-ئیمامی موحەممەد باقر( علیه السلام )

ئەم زاتە شیرین ڕەوشتە کە وەکو گوڵی بەهەشتە زۆر دوعا گیرا و زانا بوو لە عیلمی زاهیر و باتین دانا بوو.

ناوی پیرۆزی موحەممەدی کوڕی عەلی زەینەلعابیدینی کوڕی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلییە. لە سێی سەفەری ساڵی ٥٧ك لە شاری مەدینەی مونەوەرە لە دایکبووە. دایکی ئیمام موحەممەد فاتیمەی کچی ئیمامی حەسەنە. تەریقەتی پیرۆزی عەلییەی لە باوکی خۆی ئیمام زەینەلعابیدین وەرگرتووە. هاوچەرخی شێخ حەسەنی بەسرِی و شێخ حەبیبی عەجەمی و سوفیانی سەوری و ئیمامی ئەبو حەنیفە بووە.

٢٣٤ مەجلیسی ئەولیا ب٢ لا٢٣٥

## کەڕاماتێکی ئیمام

دەگێڕنەوە پیاوێك بەناوی ئەبوبەسیر کوێر بوو هات بووە خزمەتی ئیمام موحەممەد تا دوعای بۆ بکا و خودا بینایی چاوەکانی پێبداتەوە، جا ئیمام دەستی پیرۆزی دێنێ بەسەر چاوەکانی کابرا و هەردوو چاوەکانی کابرا وەکو جارانیان لێدێتەوە، چاك دەبنەوە[235].

ئیمام لە ساڵی ١١٤ك تەمەنی ٥٧ ساڵی گەڕایەوە لای خوا و لە گۆڕستانی بەقیع هەر بە جلوبەرگەکەی خۆی کە وەسیەتی کرد بوو سپاردەی خاك کرا[236].

## ٦-ئیمامی جەعفەری صادق( علیه السلام )

گەورەی ئوممەتی پاکی موستەفا، خاوەنی عیشق و دەرسی با سەفا، مەدرەسەی بورهان و جێگەداری باپیری خۆی ئیمامی جەعفەر لە ماڵباتی حەزرەتی غەوسی عالەم موحەممەد موستەفا (صلی الله علیه وسلم) لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٨٣ك لە شاری مەدینە لە دایك بووە. ئیمامی جەعفەر لە خزمەتی باوکی خۆی ئیمامی موحەممەد باقر تەریقەتی عەلییەی وەرگرتووە.

---

٢٣٥ بنەماڵەی زانیاران لا١٢.

٢٣٦ موسوعة الكسنزان:٢٣/٤٧٣-٤٧٧.

## کەڕاماتی ئیمام جەعفەر

–هەنـدێ پیـاوی زاڵـم و خوانـەناس یـەکێك لـە دیلـە ئازادکراوەکـانی ئیمامیان کوشت بوو هێشتا شەوێك بەسەر ئـەو ڕووداوە ڕانـەبرا بـوو ئیمـام نوێـژی کـرد و دوعـای لێکـردن. بـە ئـەمری خـوا ئیمـام خـۆی گـوێی لـە قاووقیژەی مردنی پیاوکوژەکە بوو کە خودا لە کۆڵی کردەوە.

–ئیمـام داوای هـەر شـتێکی کردبایـە و پێویسـت بوایـە دەیفـەرموو: یـا ئیلاهی پێویسـتیم بـەو شـتە هەیـە سبحان اللـە هێشـتا دوعایەکـەی تـەواو نەدەکرد ئەو شتەی بۆ ئامادە دەبوو. ئیمام جەعفەر مامۆستای ئیمام ئەبو حەنیفەیە. ئیمام جەعفەر زۆری ئەزیەت لە دەستی خەلافەتی بەنی ئومەییە بینیوە. ئیمام جەعفەر لە تەمەنی ٦٥ ساڵی لە شاری مەدینـەی منـەورە لـە ساڵی ١٤٨ك لە دونیای فانی دەرچوو و لە گۆڕستانی بەقیع لـە تـەك بـاب و باپیری خۆی نێژراوە.[٢٣٧]

## ٧-ئیمامی موسای کازم( علیه السلام )

ناوی موسای کوڕی جەعفەری سـادقی کـوڕی موحەممـەد بـاقری کـوڕی عەلی زەینەلعابیدینە. بـە کـازم مەشـهورە، لـە سـاڵی ١٢٩ك لـە شـوێنێ لـە نێوان مەککە و مەدینە لە دایکبووە.

---

٢٣٧ موسوعة الكسنزان:٢٣/٢٤٠-٢٤٣.

## کەرامەتی ئیمام:

ــ شەقیقی بەلخی دەفەرموێت: لە ساڵی ١٤٩ك لە ڕێی حەج دا لە بیابانی حیجاز بە خزمەتی کەسێکی زۆر بە ویقار گەیشتم تاکوتەنیا و بێ توێشوو بوو. منیش لە دڵی خۆم دا گوتم: ئەم کوڕە گەنجە لە شێوە بەرگی ئەهلی تاعەتدا خۆی پیشان دەدا دەچم بۆ لای تا کەمێك سەرزەنشتی بکەم کاتێ لێی نزیك بومەوە فەرمووی: ئەی شەقیق (( اجتنبوا کثیرا من الظن ان بعض الظن اثم[٢٣٨])) هەستا و ڕۆیشت لە پێش چاوم ون بوو منیش لە دڵی خۆم دا گوتم چەندە سەیرە ئەم کەسە چۆن ناوی منی زانی و چۆن لە خەیاڵی دڵم ئاگادار بوو؟ مەگەر ئەوە یەکێك بێت لە ئەولیای خواو لە پیاوە باشەکان. جا شەقیق دەڵێ لە شوێنێکی تریش دا هەمان لاوم بینی خەریکی نوێژ کردن بوو فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە. منیش وتم: با بڕۆمە پێشەوە بەڵکو دەرسێك لەم لاوە وەربگرم نزیکی بومەوە، کاتێ نوێژەکەی تەواو کرد. فەرمووی: ئەی شەقیق خودای پەروەردگار فەرمویەتی((وانی لغفار لمن تاب[٢٣٩])) پاش ئەو فەرمودەیە ڕۆیشت و لەبەر چاوم ون بوو.

دوای ئەوە باوەڕم هاتە سەر ئەوەی کە ئەو کەسە یەکێکە لە دۆستەکانی خودا، بۆیە بە شوێنیدا گەڕام هەتا لە شوێنێکی تردا چاوم پێی

---

٢٣٨

٢٣٩ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى (طه :٨٢)

بەڕاستی من زۆر لێبوردوم لەو کەسەی تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێت پاشان بەردەوام بووبێ لەسەر ئەو ڕێبازە.

کەوتەوە، کاتەکە کاتی نوێژ بوو، موسڵمانان بۆ ئاوی دەست نوێژ ماتڵ بوون، جا ئەم گەنجە هاتە لای بیرێ کە لەم ناوەدا بوو، لەسەر بیرەکە ڕاوەستا و فەرمووی: خودایە هیچ شتێ نییە ئاوی لەم بیرە پێ هەڵگۆزم ئەم شەربە بێ پەتە نەبێ. کە تەماشام کرد ئاوی بیرەکە بەرز بویەوە و ئەویش دانەویەوە و ئاوی لێ خواردەوە و دەست نوێژی شۆرد. جا ئاوی بیرەکە وەکو جارانی لێ هاتەوە، ئەویش چوویەوە بۆ شوێنی خۆی. من کە ئەمەم دیت شوێنی کەوتم، لە ڕێگەدا دیتم هەندێ لمی کردە ناو شەربەکە کە بە دەستییەوە بوو، شەربەکەی هەڵگرت و گەیشتینە شوێنێك بە منی فەرموو: وەرە با پێکەوە ئەم خواردەمەنییەی کە خودا داویەتی بیخۆین. جا شەربەکەی هەڵڕژاندە سەر سفرەکە و تەماشام کرد خۆراکێکی بەتام و خۆش بوو هەندێکم لێ خوارد. هەرگیز تامی وام نەچەشت بوو. سێ ڕۆژ دوای ئەمە ئارەزووی خواردنم نەکرد دوای ئەمە پرسیم ئەو کەسە کێیە ؟ وتیان ئەمە موسای کوڕی ئیمامی جەعفەری صادقە( ڕەزای خودایان لێبێ)

–کاتێك هارونە ڕەشید ئیمام موسای کازمی بەند کرد بوو، لە خەودا ئیمامی عەلی دەبینێ کە حەڕبەیەکی بە دەستە و ئاماژەی پێدەکرد و بە هارونە ڕەشیدی وت بوو: ئەگەر موسای کازم ئازاد نەکەی بەم حەڕبەیە دەتکوژم[٢٤٠].

---

٢٤٠ موسوعة الكسنزان ٥٠٣–٥٠٦

## ٨-ئیمامی عەلی ڕەزا( علیه السلام )

ناوی بەرەکەتداری عەلی کوڕی موسای کوڕی جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالّیبە( خودا لە هەمویان خۆشنود بێ). ئیمام هاودەمی شێخ مەعروفی کەرخییە و بە ئیمام ڕەزا ناسراوە.

## کەرامەتێکی ئیمام عەلی ڕەزا:

ڕۆژێك بە پیاوێکی ساغ و سەلامەت دەفەرموێت: خۆت ئامادە بکە بۆ ئەو شتەی هەر دەبێ ڕووبدا، سبحان الله دوای سێ ڕۆژ کابرا وەفاتی کرد. ئیمامی ڕەزا لە سالّی ٢٠٣ك ژەهرخوارد کرا و شەهید بوو.

## ٩-شێخ حەسەنی بەسری( ڕەزای خوای لێبێ )

ناوی تەواوی شێخ حەسەنی کوڕی ئەبی حەسەنی یەسارە. لە مالّی ئوم سەلەمەی خێزانی پێغەمبەرﷺ لە سالّی ٢١ك لە خیلافەتی ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب لەدایکبووە. بەخزمەتی ئیمامی عەلی گەیشتووە و تەریقەتی عەلییەی لە حەزرەتی ئیمامی عەلی وەرگرتووە. شێخ حەسەن بە خزمەتی ١٣٠ سەحابەی پێغەمبەر ﷺگەیشتووە بۆیە نازناوی (سیدالتابعین) گەورەی تابیعینیان لێناوە. لە شاری مەدینە دواتر لە بەسرە نیشتەجێ بووە[٢٤١].

---

٢٤١ الموسوعة الكسنزان:٢٣/٢٥٨

شـێخ حەسـەن فەرمویـەتی: قەسـەم بـەخوا مـن حـەفتا کەسـم لـەم ئەسـحابانە دیـوە کـە لـە غـەزای بـەدردا بەشـداریان کردبـوو، بـەرگ و لیباسەکەیان خوری بوو، ئەگەر ئێستا بتاندیبان دەتـانگووت شـێتن، بـەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوان باشەکانی ئێوەیـان بدیبایـە دەیـانگووت ئەمانـە هیچییان وەك ئەهلی بەهەشت نین و فڕیـان بـە ئـەهلی بەهەشـتەوە نییـە، ئەگـەر خراپـەکانی ئێوەشـیان چـاوپێکەوتبا، دەیـانگووت: دیـارە ئەمانـە ئیمانیان بە خوا نییە!![٢٤٢]

## کەرامەتی شێخ:

کاتێك حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەی تـاوان کە سەعیدی کوڕی جوبەیری تابیعی شەهیدکرد، شێخ حەسەن دوعای کـرد و فەرمووی:ئـەی خودایـە ئـەی ئـەو خودایـەی کـە تۆڵـە لـە سـتەمکاران دەسێنیتەوە، تۆڵە لە حەججاج وەربگرەوە، سبحان الله دوای ئـەم دوعایـە کرم ناو سکی حەججاجی داگرت و حەججاج مرد.

شێخ حەسەن لە ساڵی ١١٠ك گەیشتەوە بارەگای خودای تەعالا.

---

٢٤٢ مەجلیسی ئەولیا:ب١/ل٣٨

## ١٠-شێخ حەبیبی عەجەمی قدس سره[٢٤٣]

ناوی موبارەکی حەبیبی کوڕی عیسای کوڕی محمدە، بە ڕەگەز فارسە، تەریقەتی پیرۆزی عەلییەی لە شێخ حەسەنی بەسرپی وەرگرتووە. لە بەسرە نیشتەجێ بووە. نازناوی ئەبو محمد بووە، ناونیشانی خێزانی عەجەمی بووە. ڕیوایەت کراوە شێخ حەسەنی بەسری بۆ نوێژی مەغریب دەچێتە مزگەوتێك، کە دەبینێ وا شیچخ حەبیبی عەجەمی پێشنوێژی بۆ خەڵك دەکا، شێخ حەسەن نوێژی لەدوو ناکا چونکە شێخ حەبیب فارس بوو، زمانی لە عەرەبی ڕانەهاتبوو، ئیدی شەو لە خەودا بە شێخ حەسەن دەڵێن: ئەگەر ئەو نوێژەت لەدوو حەبیب کردبا لە هەرچی گوناهی کردووتە خۆش دەبووین.[٢٤٤]

---

٢٤٣ شێخ عەبدولغەنی نابلسی دەفەرموێ: قدس الله سره، (قدس الله) واتە خوا لە لێڵی بیانیان و ئەغیاران پاکی بکاتەوە (سره) واتە حەقیقەتی کەسەکە.شێخ عەبدولا خزری دەفەرموێ: قدس الله سره: واتە خوا بە نوری ماریفەتی خۆی دەروونی ئەو کەسە لە تاریکی و دلڕەقی نەفس پاکژکاتەوە. لە چەمکی کەسنەزاندا دەڵێین: قدس الله سره واتە خودا ناخی ئەو کەسە لە کەموکوڕی و لێڵی پاکبکاتەوە و بیپارێزێ و گەشە و بەرەکەتی بۆ زێتر بکا. موسوعە الکسنزان:١٨/٧٢-٧٣.

٢٤٤ ابو یزید البسطامي، الشیخ احمد الفریدي، بیروت، لبنان،ص٩٠

## کەرامەتی شێخ:

دوعای شێخ زۆر زوو گیرادەبوو، ڕۆژێك ئافرەتێکی زۆر پیر و پـواو دێتـە لای شێخ و دەست بـەگریان دەکات و دەڵـێ: یـا شـێخ بەرهـەمی جـەرگ و سینەم کوڕێك بوو کە تاقە سەرمایەی دونیام بوو ئەوە ماوەیەکە بۆ سەفەر چووە ئێستاش نازانم ماوە یان مردووە من لە حاڵی دووری ئەو دا جـەرگ و دڵم برژاوە و خوێنی چـاوم نـەماوە داوات لێدەکـەم دوعـام بـۆ بکـەی شـێخ فەرمووی: پیرەژن لە ماڵ و سامان چیت هەیە؟ پیرەژن دوو درهەمی هێنـا. شـێخ فـەرمووی بیبەخشـە بـە هـەژاران. پـیرەژن بەخشـی شـێخ فـەرمووی بگـەڕێوە ماڵـەوە ان شـا اللـە بـە مـراز و مەبەسـت دەگـەیت. کـە پـیرەژن گەڕایـەوە مـاڵ بینـی وا کوڕەکـەی هاتۆتـەوە. پرسـیاری لـە چـۆنیەتی هاتنەوەی بارودۆخی کوڕەکەی کرد. کوڕەکەی وتی: بە خودای گـەورە مـن هەر لەم سەعاتەدا لـە شـاری کرمـان بـووم شـیرم بـۆ مامۆسـتاکەم دەکـڕی بایەکی زۆر بەهێز هەڵیکرد گوێم لە دەنگێك بوو وتـی : ئـەی بـا ئـەم کـوڕە بگەێنە بە فلانە شار ئێستاش وا خۆم لای تۆ بینیەوە نازانم ئەو شـتە چـۆن ڕویدا. شێخ لە ساڵی ١١٩ك بۆ دیوانی خوداگەڕایەوە.[٢٤٥]

---

٢٤٥ سـوودم لـەم سەرچـاوانە بینیـوە: الموسـوعة الكسـنزان: ٢٥٣/٢٣. جـامع الكرامات الاولياء:٣٨٧/١

## ١١-شێخ داودی تائی قدس الله سره

ناوی موبارەکی داودی کوڕی نەصیرە و نازناوی تائییە و بە باوکی سولەیمان بانگکراوە. لەسەر مەزهەبی حەنەفی بووە. تەریقەتی عەلییەی هەبووە. شێخ لە کوفە دانیشتوە. ئال و بەیتی پێغەمبەرﷺی زۆر خۆشویستووە. بەر لە وەفاتی، شێخ مەعروفی کەرخی بە خزمەتی شێخ داود گەیشتووە. هەر زوو شێخ داود دەرکی بەوە کردووە کە شێخ مەعروف توانای هەڵگرتنی ڕازەکانی تەریقەت و عیرفانی هەیە بۆیە وەکو جێنشینی خۆی خەرقەی ئیرشادی بە شێخ مەعروفی کەرخی بەخشیوە. شێخ لە کاتی سوجدەلە ساڵی ١٦٥ك ئەمری خوای بەجێهێناوە.[٢٤٦]

## ١٢-شێخ مەعروفی کەرخی قدس الله سره

مەحرەمی ڕازی ئیلاهی، خاوەنی بەیرەقی شاهی، مەخزەنی دووڕی کەمالی چەرخی، ناسراوە بە شێخ مەعروفی کەرخی. ناوی تەواوی مەعروفی کوڕی فەیروزان بووە لە شاری بەغداد لە دایك بووە. لەسەرەتای تەمەنیدا بنەماڵە و ماڵباتی ئەو لەسەر دینی مەسیحی بوینە. دواتر لەسەر دەستی شێخ مەعروف هەر هەمویان موسڵمان بوینە. بە خزمەتی داودی تائی و ئیبن سەماك و ئیمام عەلی ڕەزا و بەکری کوڕی خەنیس و سڕی سەقەتی و ئیمام ئەحمەدی حەنبەل گەیشتووە. لە دوو باڵەوە تەریقەتی وەرگرتووە:

---

٢٤٦ سودم لەم سەرچاوانە بینیوە: طبقات الأولياء ابن القلن، طبقات الصوفية الشيخ عبدالرحمان السلمي، موسوعة الكسنزان الشيخ محمد الكسنزان

یەکـەم/ شـێخ مـەعروف لـە شـێخ داودی تـائی ئـەویش لـە شـێخ حـەبیبی عەجـەمی ئـەویش لـە شـێخ حەسـەنی بەسـڕی ئـەویش لـە ئیمـام عـەلی وەرگرتووە. دووەم/ لـە ئیمـام عـەلی ڕەزا ئـەویش لـە ئیمـام موسـای کـازم ئەویش لە ئیمام جەعفەری صادق لە ئیمـام عـەلی زەینەلعابیـدین لـە ئیمـام حوسێن لە ئیمام عەلی.

## کەڕامەتێکی شێخ مەعروفی کەرخی:

شـێخ مـەعروفی کـەرخی بەسـەر ئـاودا دەڕۆیشـت گوتیـان یـا شـێخ تـۆ بەسەر ئاودا دەڕۆیت ئەویش فـەرمووی هـەرگیز بەسـەر ئـاودا نەڕۆیشـتووم بـەڵکو ئەگـەر ویسـتبێتم بپەڕمـەوە کـەناراوەکان بـۆ یـەکتر هاتونەتـەوە و پەڕیومەتـەوە[٢٤٧]. شـێخ مـەعروف لـە ڕۆژی دووی موحـەڕەمی سـاڵی دوو سەدی کۆچی لە شاری بەغـدا وەفـاتی کـردووە. مەرقەدەکـەی زیارەتگـەی موسڵمانانە و پیاوچاکان وتویانە: تریاق مجربە.

## ١٣-شێخ سڕی سەقەتی قدس سره

شێخی مەزن و ڕابەری گەورەی تەریقەت و شەریعەت ناوی سـڕی کـوڕی موفلیسە. بە ناوی سەقەتی مەشهور بووە. لە شاری بەغداد لە دایـك بـووە. هاوچـەرخی شـێخ مـەعروفی کـەرخی و شـێخ جونەیـدی بەغـدادی و شـێخ حـەبیبی ڕاعـی بـووە. تەریقـەتی پـیرۆزی عەلییـەی لـە شـێخ مـەعروفی

---

٢٤٧ موسوعة الكسنزان:٢٣/ ٤٩٦ ، مەجلیسی ئەولیا:١٢٠

وەرگرتوە[٢٤٨]. چەند ڕیوایەتێك سەبارەت بە سەرەتای دەست پێکردنی بە زوهد و خواپەرستی دەگێڕنەوە وەکو: جارێکیان شێخ مەعروفی کەرخی تەشریف دێنێتە لای سرِی سەقەتی و یەتیمێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت بە سرِی سەقەتی دەڵێت: کراسێك بۆ ئەو یەتیمە بکە، شێخ سرِی سەقەتی دەفەرموێ: بەسەر چاوان، ئیدی شێخ مەعروف دەفەرموێ: یا ڕەبی خوا ئاسودەت بکا. شێخ سرِی سەقەتی دەفەرموێ: لە پاش دوعایەکەی شێخ مەعروف بە تەواوی دونیام لە پێش چاوان ڕەش بوو بۆ نوێژی بەیانی چومە مزگەوت گوتیان ئەی سرِی سەقەتی ئەو بازاڕەی دوکانەکەی تۆی لێیە ئیمشەو سوتاوە، کە چوینە بازاڕ بە ئەمری خوا دوکانەکەی من نەبێ هەموو بازاڕەکە سوتا بوو هەر لەو کاتە شوکر و حەمدی خوام کرد. شێخ سرِی سەقەتی دەفەرموێ: کە ئەو حاڵەتەم چاوپێکەوت هەرچی لە دوکانەکەمدا هەبوو بەخشیمەوە و دام بە دەروێشان و ڕووم کردە خواپەرستی. پاش چەندین ساڵ شێخ فەرمووی ئەو سی ساڵە تۆبە لەو حەمد و شوکرانەیە دەکەم کە ئەو ڕۆژە کردومە و قازانجی خۆم لە بە پێش قازانجی خەڵکی خست و بۆماڵی دونیا حەمد و شوکری خودام کرد. شێخ جونەیدی بەغدادی فەرمویەتی: لە نەخۆشی وەفاتی شێخ سرِی سەقەتی خاڵم چومە خزمەتی، باوەشێنێکی لا بوو هەڵمگرت و دەستمکردە باوەشێنی، چاوی هەڵبڕی و فەرمووی: باوەشێنم مەکە، چونکە تۆ نازانی ئاگر بە با هەر خۆش دەبێ. شێخ لە ساڵی ٢٥٣ك بارگەی تێکنا و بەرەو

---

٢٤٨ موسوعة الكسنزان: ٢٣/٢٨٩-٢٩١

مەلەکوتی ئەعلا لە شەقەی باڵی دا، لـە ڕۆژئـاوای بەغـدا ئەسـپاردەی خـاك کرا.[٢٤٩]

## ١٤-شێخ جونەیدی بەغدادی قدس الله سره

قوتبی ئاسمانی حەقیقەت خاوەنی سیڕ و دیققـەت سـەیدی دوو تائیفـان سـولّتانی زاهیـدان و زانایـان نـاوی جونەیـدی کـوڕی موحەمـەدی کـوڕی جونەیدە. لە شاری بەغداد لە دایکبووە وهەر لەوێش ژیاوە. شێخ بە بنەچە کـوردە. تەریقـەتی پـیرۆزی عەلییـەی هـەبووە. شـێخ هـەر لـە منداڵییـەوە نیشـانەی زیرەکـی و نـوری خـودایی لـە نێوچـەوانی دیـار بـووە بـەڵام ئـەم نیشـانانەی هـەر ئـەهلی دڵ هەسـتییان پێکـردووە. دەگێڕنـەوە ڕۆژێـك بـە ئیبنوشورەیح( زانایەکی شـەرعی بـووە) دەڵێـت: ڕێگـای ئێمـە نـزیکترە لـە ڕاستی لە ڕێگای ئێوە. ئیبنوشورەیح داوای بەڵگەی لێدەکا، شـێخ جونەیـد داوا لە پیاوێك دەکا کە بەردێك بهاوێژە نێو ئەڵقە و کۆڕی دەروێشان، کـابرا وا دەکـا، ئیـدی هـەموو دەروێشـەکان هاواریـان کـرد ( اللّـە) دواتـر شـێخ فەرمووی بەردێك باوێژە ئەڵقەی شەرعزانان(مەلایان) هەمویان وتییان: کاکە ئـەوە حەڕامـە تـۆ بـۆ بێزارمـان دەکـەی؟!ئیتر ئیبنوشـورەیح سـەری بـەرز کردەوە و عوزری هێنایەوە.

٢٤٩ مەجلیسی ئەولیا:ب١/لا ١٣٠

## کەرامەتی شێخ:

ڕۆژێك شێخ دانیشت تاوەکو ئامۆژگاری خەڵکی بکات لەسەر چاکە کە ئەم دانیشتنەی یەکەمین دانیشتنی بوو وەکو شێخ، تازەلاوێکی گاور لەسەری وەستا و وتی: مانای ئەو فەرمودەی پێغەمبەرﷺ چییە( اتقوا فراسة المؤمن انه ينظر بنور الله واتە: لە دەرك و بینینی ئیماندار پارێزگاری بکەن چونکە ئەو بە نوری خودا دەبینێت.) یەکسەر شێخ جونەید فەرمووی: مانای وایە تۆ ئێستا دەبیە موسڵمان چونکە تۆ گاوری و باوەڕت بە پێغەمبەرﷺ نییە، یەکسەر گەنجەکە شایەتومانی هێنا و موسڵمان بوو.

حەزرەتی شێخ لە ساڵی ٢٩٧ك وەفاتی فەرموو و لە ڕۆژئاوای بەغداد نێژراوە.[٢٥٠]

## ١٥-شێخ ئەبوبەکری شیبلی قدس الله سره

ناوی خۆی دەلفی کوڕی جەحدەرە. لەقەبی شیبلییە و بە ئەبوبەکر مەشهورە. لە شاری بەغداد لە ساڵی ٢٤٧ك لەدایکبووە و هەر لە بەغداد ژیاوە لەسەر مەزهەبی مالکی بووە و تەریقەتی پیرۆزی عەلییەی هەبووە. شێخ جونەیدی بەغدادی دەربارەی شێخی شیبلی دەفەرموێ: هەموو قەومێك تاجێکی هەیە، تاجی ئەم قەومەش(ئەهلی تەریقەت) شێخی شیبلییە[٢٥١].

---

٢٥٠ موسوعة الكسنزان: ٢٣/٢٤٤-٢٤٧

٢٥١ موسوعة الكسنزان: ٢٣/٤٦

## کەرامەتی شێخ:

شێخ ئەبوبەکر دەفەرموێ: پەیمانم لەگەڵ خودا بەست هەرگیز شتێك نەخۆم ئەگەر حەلاڵ نەبێت، جارێك لە ناوچەی بەراری دەسوڕامەوە دار هەنجیرێکم بینی دەستم بۆ درێژ کرد تا هەندێك بخۆم. دارەکە دەنگی لێ بەرز بویەوە و وتی: پەیمانەکەت بپارێزە و لە بەرهەمی من مەخۆ من داری جولەکەیەکم.

شێخ حاڵێکی زۆر بەهێزی لێ بووە هیچ هەست و نەستی نەما بوو تەنها لە کاتی نوێژەکانی نەبێ دەهاتەوە سەر هۆش و هەر کە لە نوێژەکە دەبویەوە حاڵەکەی دەهاتەوە سەری.[٢٥٢]

شێخ ئەبوبەکری شیبلی لە شەوی جومعەی ٢٧ی زولحیجەی ساڵی ٣٣٤ لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵی وەفاتی کردووە.

## ١٦-شێخ عبدالواحیدی یەممانی( تەمیمی ) قدس سره

ناوی پیرۆزی شێخ عبدالواحیدی کوڕی عەبدولعەزیزی یەممانییە. شۆرەتی خانەوادەیان تەمیمییە و نازناوی ئەبولفەزڵە. تەریقەتی نورینی عەلییەی لە شێخ ئەبوبەکری شیبلی قدس سره وەرگرتوە. حەزرەتی شێخ لە شاری بەغداد نیشتەجێ بووە دواتر گەشتی خوراسانی لە ئێران کردووە. شێخ عەبدولواحیدی یەممانی لە مزگەوتی مەنصور فەرمودەی دەخوێندەوە و چەندەها ئەڵقەی زیکر و زانستی هەبووە کە نەك موریدان

---

٢٥٢ جامع الكرامات الاولياء: ج٢/ ص٦٦

تەنانەت شێخەکانی تریش تێیدا ئامادە دەبوون. حەزرەتی شێخ لە ساڵی ٤١٠ك لە خوراسان لە دونیا دەرچووە.[٢٥٣]

## ١٧-شێخ ئەبو فەرەجی تەڕسوسی قدس الله سره

ناوی موبارەکی ئەم زاتە محمدی کوڕی یوسفی کوڕی عەبدولڵایە. هەندێ دەڵێن ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدولڵایە. نازناوی تەڕسوسیە کە بۆ ناوی تەڕسوس دەگەڕێتەوە( شارێکە لە تورکیا) کاتی خۆی شێخ ئەبو فەرەج کۆچی بۆی کردووە و لەوێدا نیشتەجێ بووە. شێخ ئەبو فەرەج لە شاری تەڕتوس لە سوریا لە دایکبووە. تەریقەتی پیرۆزی عەلییەی لە شێخ عەبدولواحیدی یەممانی (تەمیمی) وەرگرتووە. لە زانستەکانی فەرمودە و فیقه و تەسەوف بەناوبانگ بووە. لە ساڵی ٤٤٠ لە بەغداد یان لە تەرسوس کۆچی دوایی کردووە.[٢٥٤]

## ١٨-شێخ عەلی هەکاری قدس الله سره

ناوی پیرۆزی عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یوسفی هەکارییە. بە شێخولئیسلام و بە هەکاری بەناوبانگە. لە ناوچەی هەکاری لە ساڵی ٤٠٩ك لە دایکبووە. تەریقەتی عەلییەی لە شێخ ئەبو فەرەجی تەڕسوسی وەرگرتووە[٢٥٥]. شێخ عەلی هەکاری چاوی بە ئەبو عەلای مەعەڕی کەوتوە و

---

٢٥٣ موسوعة الكسنزان: ٣٦٣/٢٣.

٢٥٤ موسوعة الكسنزان:٣٣/٢٣.

٢٥٥ موسوعة الكسنزان:٣٨٨/٢٣

گوێی له ئەبو عەلا گرتووە کاتێك لێی جیابۆتەوە هەندێ له دۆستانی شێخ پرسیاریان دەربارەی ئەبو عەلا لێکرد کە بیر و باوەڕی چۆنه و چی لێ بینیوە؟ شێخ عەلی فەرمووی: ئەبو عەلا موسڵمانە( لەو سەردەمە وەها لە نێو خەڵکی بڵاو ببۆوە کە ئەبو عەلا هەڵگەڕاوەتەوەو ڕەخنەی لە دین هەیە بەڵام الحمدلله شێخ عەلی ئەو گومانەی ڕەواندەوە.) هەندێ لە زانا گەورەکان گوێیان له شێخ عەلی گرتبوو لە کاتی وەعز و ئامۆژگاری دوای وەعزەکه زاناکان بە شێخیان وت بوو: بە ڕاستی تۆ شێخی ئیسلامی( شیخ الاسلام) بەڵام شێخ عەلی فەرموو بووی : من شێخێکم له ئیسلامدا( نەوەك شێخی ئیسلام)[256]. شێخ موحەممەد عەلی هەکاری دوای خوێندن و پێگەیشتن هاتۆتەوە کوردستان و له دەوروبەری شاری ئامێدی نیشتەجێ بووە. ئەم زاتە عاریف و خواناسێکی زۆر گەورە بووە... لەم ناوچە گەڕاوە و ئامۆژگاری خەڵکی کردووە و تەریقەتی بڵاوکردۆتەوە، هەر لەوێ وەفاتی کردووە و لەناو چیا لە نزیك گوندی (دێر ئاش) نێژراوە. شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە بە سەردانێك هاتۆتە کوردستان چۆتە زیارەتی مەزاری شێخ موحەممەد عەلی هەکاری[257] حەزرەتی شێخ لە ساڵی ٤٨٦ك لە دونیا دەرچووە و له دەڤەری هەکارییە لە سنوری پارێزگای دهۆك لە کوردستانی پیرۆز، ئێستاش مەرقەدەکەی زیارەتگای موسڵمانانە و خەڵکی بۆ بەرەکەت دەچن.

---

٢٥٦ علماءنا فی خدمة العلم و الدین للشیخ عبدالکریم المدرس:٣٨٧

٢٥٧ ئیسنکلۆپیدیای هەولێر:ب٣،تەریقەتی قادری،عبدالله سەید محمد/ لا١٣٠٢

## ١٩-شێخ ئەبو سەعیدی مەخزومی قدس الله سره

مورشیدی شێخی عالەمی ئیسلام، خۆشەویست و جاداری خەیرولئەنام، قوتبی فەلەکی تەریقەت، قازی عادل و شاری حەقیقەت ناوی پیرۆزی (موبارەکی کوڕی عەلی کوڕی کوڕی حەسەنی کوڕی بندارە) نازناوی مەخزومییە کە بۆ بەنی مەخزوم دەگەڕێتەوە، لە هەندێ سەرچاوەشدا ئەلمەخرەمی هاتووە کە گەڕەکێکی بەغدای دێرینە.

لە شاری بەغداد لە ساڵی ٤٤٦ك هاتۆتە دونیا و لەسەر مەزهەبی حەنبەلی بووە( هەر شێخ خۆی یەکێك بووە لە پێشەوایانی مەزهەبی حەنبەلی). جەنابی شێخ تەریقەتی عەلییەی لە شێخ عەلی هەکاری وەرگرتووە.

حەزرەتی شێخ قازی هەموو قازییەکانی بەغداد بووە، دواتر قوتابخانەیەکی لە ( باب الازج) ی ڕۆژهەڵاتی بەغداد داناوە، بە فیقە و تەسەوف ناوبانگی دەرکردووە. شێخ بە دادپەروەری و پشتیوانیکردنی ستەملێکراوان ناسراوە لە خودا نەبێت لە هیچ کەس نەترساوە. لە کەشفەکانی ئەوەبوو کەسی چاك و خراپی هەر لە دوور دەناسییەوە. لە ١٨ی موحەڕەمی ساڵی ٥١٣ك لە دونیا دەرچووە و لە (باب الحرب) نێژراوە[٢٥٨].

---

٢٥٨ بۆ ژیانی شێخ سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: أضواء على الشيخ عبدالقادر الكيلاني و إنتشار طريقة، www.kasnanzan.

**گەورەمان شێخ عەبدولقادری گەیلانی ( حەزرەتی غـەوس ) ( قــدس الله سره العزیز )**

شـێخی شـێخەکانە و چـرای ڕووناکییــە. زیندووکـەرەوەی سـوننەت و ئایینە، بازی خودایە[٢٥٩]. حەزرەتی شـێخ عەبـدولقادری گـەیلانی (قـدس الله سره العزین)سەییدە و لە دایك و باوکێکی خواناس و ديندار و سەيید هاتۆتە دونیاوە. باوکی شێخ ناوی سەیید عەبـدوڵلاّی زاهـد کـوڕی یـەحیای کـوڕی موحەممەد کوڕی داود کوڕی موسا کـوڕی عەبـدوڵلاّ کـوڕی موسـای جـۆن کوڕی عەبدوڵلاّی مەحەز کوڕی حەسـەنی موسـەنا کـوڕی حەسـەنی کـوڕی ئیمام علی کوڕی ئەبو تالیب (کرم الله وجهه) بوو خودایان لێ ڕازی بێـت بـە گشـتی ، وە لـە دایکیـەوە ئـوم لخـەیر (ئومولجبـار) فاتیمـە کچـی سـەیید عەبدوڵلاّی سەومەعی زاهیـد کـوڕی ئیمـام جەمالـەدینی سـەیید موحەممـەد کـوڕی سـەیید مـەحمود کـوڕی ئیمـام ئـەبی عـەتا عەبـدوڵلاّ کـوڕی ئیمـام کەمالەدین عیسای کـوڕی ئیمـام سـەید ئـەبی عەلائـەدین موحەممەدلجـەواد کوڕی ئیمام عەلی ڕەزا کوڕی ئیمام موسـای کـازم کـوڕی ئیمـام جەعفـەری سادق کوڕی ئیمام موحەممەدی باقر کوڕی ئیمام زەینەلعابدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی ئیمام عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیـب (کـرم الله وجهـە) وە خـودا لەهەموویان ڕازی بێت .

---

٢٥٩ بازوڵاهی ئەشهەب ، بازی ئەشهەب(شـەهێنی شێرئاسـا، بـازی بـۆر) شـێخ موحەممەدی حەنبلی دەفەرموێ: شێخ عوقەیل یەکەمین کەس بوو وشـەی بـازی ئەشهەبی بۆ گەورەمان حـەزرەتی عەبـدولقادری گـەیلانی بـەکار هێنـا. موسـوعە الکسنزان: ٣/ ١٩

شێخ عەبدولقادری گەیلانی (قدس الله سره العزیز) لەساڵی (٤٧٠کۆچی –١٠٧٧ زایینی) لەشارۆچکەی گەیلان کە دەکەوێتە پشتی تەبەرستانەوە لە دایك بووە، فەرەزان شێخ شەمسەدینی دیمەشقی دەڵێت : باوکی حەزرەتی شێخ لەشێخەکانی گەیلان بوو وە دوعای قەبوڵ دەبوو ، ئەگەر تورە ببوایە ئەوە خودا یەکسەر تۆڵەی بۆ دەکردەوە ، ئەگەر حەزی لە شتێك بوایە ئەوا خودای گەورە بۆی بەجێ دەهێنا و بۆی دەکرد وەك ئەوەی خۆی بیەوێت و، لەگەڵ ئەوەی پیر ببوو و بێ هێز ببوو بەڵام زۆر سوننەتی دەکرد و بە بەردەوام زیکری دەکرد ، ملکەچ و لەخواترساو بوو. لە پاراستنی حاڵی خۆی ئارامگر بوو، پێش هاتنی ڕووداوێك خەبەری لە ڕووداوەکە دەدا ئیدی ڕووداوەکە وەکو قسەکەی ئەو دەهاتەجێ.

– لە دایکی شێخ دەگێڕنەوە کە حەزرەتی شێخ عەبدولقادر لەدایك بوو لە ڕۆژانی ڕەمەزان مەمکی نەدەگرت و شیری نەدەخوارد، کاتێك ڕۆژی هاتنی ڕەمەزان هەور بوو خەڵکەکە مانگیان نەبینی هاتن بۆ لام، منیش وتم ئەمڕۆ شیری نەخوارد وە دەرکەوت ئەو ڕۆژە ڕەمەزان بوو بەمەش ناوبانگی دەرکرد لە وڵاتی گەیلاندا .

## سەرەتای گەشتی شێخ:

حەزرەتی شێخ عبدالقادر (قدس الله سره العزیز) لەم خێزانە خوداپەرستە زاهیدە پەروەردە کرا تاکو گەیشتە تەمەنی هەژدە ساڵی، داوای لەدایکی کرد کە بیبەخشێتە خودا ، ئەویش داواکارییەکەی جێ بەجێ کرد ، حەزرەتی شێخ ڕووی لەبەغدا کرد ئەو کات بەغداد جێگای

ئەهلی زانست بوو ، خاوەنی کتێبی (قلائـد الجـواهر) دەڵێـت : کەحـەزرەتی شێخ بەرەو بەغدا چوو حـەزرەتی خـدر (خـدری زینـدە) پێشـی لـێ گـرت و فەرمووی فەرمانم پێ نیە بچیتە ناو شارەوە تا حـەوت سـاڵی دی ، ئـەویش حەوت ساڵ لەسەر ئاوی دیجلە مایەوە تەنها ئەوەی دەسـت بکەوتبایـە لـە سەوزە و میوە دەی خوارد تەنانەت گەردەنی موبارەکی شین و مۆر ببـوو، لەشەوێکدا گوێی لەبانگێك بوو دەی ووت ئـەی عەبـدولقادر بـڕۆ نـاو شـاری بەغداوە ئەویش کە ڕۆیشتە نـاو شـارەوە. شـەوێکی بارانـاوی و سـارد بـوو چوو بۆ لای تەکیەی شێخ حەمماد دەبـاس کـە پـێش گەیشـتنی ئـەو شـێخ حــەمماد دەبــاس فــەرمووی دەرگــای تەکیــە دابخــەن و ڕووناکییــەکان بکوژێننەوە ، حەزرەتی شێخ عەبدولقادر لە پێش دەرگـای تەکیـە دانیشـت خوداش خەوی دا بەسەریداو نوست ، کە بەیانی هات و دەرگا کراوە شـێخ عەبدولقادر هاتـە ژوورەوە شـێخ حـەمماد هەسـتا و باوەشـی بـە حـەزرەتی شێخ عەبدولقادردا کرد و گریـا و ووتـی : ئـەی کـوڕم عەبـدولقادر دەوڵـەت ئەمڕۆ بەدەستی ئێمەیە سبەینێ بە دەستی تۆیـە ئەگـەر بەدەسـتەوە گـرت بەزەییت بەم ڕیش سپییە (ئیختیارە) بێت.

## ڕەفتاری ڕێگای تەسەووف بوو:

شێخ عەبدولقادر (قدس الله سره العزيز) خەرقەی پیرۆزی لەقازی ئـەبی سەعیدی موبـارەکی وەرگـرت و لەبـەری کرد.شـێخی مەخرەمی(مـەخزومی) لـەو کاتـەدا شـێخی تەریقـەت بـوو. ئـەویش لەشـێخ عـەلی هـەکاری وەری گرتبوو تا دەگاتە خزمەتی حەزرەت.

– شێخ داودی مەنبەجی دەفەرموێ ڕۆژێ لای شێخ عوقەیل بووم پێیان وت لە بەغدایێ باس و خواسی گەنجێکی سەیدی ناعەڕەب کەوتۆتە سەر زاران ناویشی عەبدولقادرە شێخ عوقەیل فەرمووی بەناوێ خوای لە ئاسمانێ باس و خواسی ئەو گەرمترە ئەو شێرەکوڕە پایەی بڵندە و لە مەلەکووتی ئەعلاوە بە بازی ئەشهەب بانگێشت کراوە. ئەو عەبدولقادرە دەبێتە تاقانەی سەردەمی خۆی و ئەمر(ئەو شتانەی پەیوەندی بە دونیای دڵ و دەروێشییەوە هەیە) لەلایەن ئەوەوە دەدرێت و لەویشەوە دەردەچێت[260].

## قوتابخانەکەی:

ئەبی سەعیدی مەخرەمی قوتابخانەیەکی جوانی لەباب لئەزج هەبوو. دوای خۆی دای بەگەورەمان حەزرەتی شێخ عەبدولقادر (قدس الله سره العزیز) بۆیە شێخ لەوێدا قسەی بۆ خەڵکی بەزمانی ئامۆژگاری و بیرهاتنەوە دەکرد. کەراماتی زۆر لێی ڕوویدا خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێ دەکرد تاکو وای لێ هات خەڵکان لە ڕێگاکانی دەوروبەری قوتابخانە بۆگوێگرتن دادەنیشتن. پاشان قوتابخانەکەی گەورە کرد و، دەوڵەمەندەکان بە ماڵ و هەژارەکان بە کارکردن قوتابخانەکەیان فراوان کرد، ئەو قوتابخانەیە لەساڵی ( ٥٢٨- کۆچی) تەواو بوو، بە ناوی حەزرەتی شێخەوە ناودێر کرا ، بووە جێگای خوێندن و فتوادان و ئامۆژگاری کردن و ئیجتهاد کردن لەزانست و کرداردا ، فراوانی زانستی حەزرەتی شێخ لەهەرچوار مەزهەبەکە وایکردبوو خەڵکی

---

٢٦٠ موسوعة الکسنزان:١٩/٣

زۆر لە زانایان و پیاوچاکان لەهەموو وولاّتانەوە ڕوویان تێبکەن ، شێخ بووە پەروەردەکاری موریدان لە عێراق، لە قوتابخانەکەی زۆر لە ئەولیاو زاناکان پێی گەیشتن پاشان بەنێو ولاّتاندا بلاّو بوونەوە بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵکی. زۆربەی خەڵکی بەغدا لەسەر دەستی شێخ تۆبەیان کرد. زۆربەی جولەکە و نەسرانیەکان لەسەر دەستی موسڵمان بوون، لەسەر مینبەر قسەی حەقی دەکرد بەوانەی کە بە دوای زاڵم و زۆردارەکان کەوتوون .

کە خەلیفە موقتەفی قازی یەحیای کوڕی سەعیدی کە بەناو بانگە بەکوڕی موزاحیمی ستەمکار کردی بەقازی موسڵمانان، حەزرەتی شێخ لەسەر مینبەر فەرمووی : ستەمکارترین کەس کراوەتە بەرپرسی موسڵمانان ئەی بەیانی ولاّمت چی یە لای خودای بەزەیی و دلۆڤان، خەلیفە لەرزی و گریا هەر لەو کاتەدا ئەو قازییەی لەسەر کارەکەی لابرد.

## کتێب و دانراوەکانی:

زۆر کتێبی نوسیوە وەکو : الغنیة ، المواهب الرحمانیة ، تفسیر القران الکریم ، الرسالة الغوثیة ، تنبیه الغبي الی رؤیة النبي ، سر الاسرار في التصوف ، فتوح الغیب یواقیت الحکم ، الفتح الرباني والفیض الرحماني ، الرسالة الوصایا ، الفیوضات الربانیة .

## پلەو پایەی:

ئەو پلە و پایەی بە حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی قدس الله سره لەنزیک بوونەوە و ڕێزلێنانی درابوو، بەکەسێکی دییکە نەدرابوو.حەزرەتی شێخ توانا داری و کار ڕاپەڕاندن (التمکین والتصریف) پێ درابوو. ئەولیایە

گەورەکان و شارەزایانی ڕێگای خودا ملکەچی بوون، چاودێری خـودایی بـۆ حـەزرەتی شـێخ دیـار بـوو، خـاوەنی زانسـتی قوتبیـەت بـوو وە تـاجی غەوسیەت لەسەری بوو. خەرقەی تەسەڕوفی گشـتی لەهـەموو بوونـەوەر دا لەبەری کردبوو ( واتە خاوەنی دەسەڵات بوو بەسەر هـەموو بوونـەوەرەکان کە هەیە لەم بوونەدا ) گەورە ئەولیاکان لە ڕاستگۆیان و ئەبدالەکان لـە ژێـر فەرمانی ئەودا بـوون بـە فـەرمانی خـودا ، کۆکـەرەوەی زانسـتی ئاشـکرا و پەنهانی بوو و هەموو ئەولیاکان ملکەچ وگوێڕایەڵی ئـەو بـوون و، حـەزرەتی شێخ دەیفەرموو ئەو پێیەی مـن لەسـەر ملـی هـەموو وەلـی و ئەبدالەکانـە. ئەبدال (١٠) کەسن (الابدال العشرە) .

## کەڕاماتەکانی

– لـە زۆر ڕیوایـەتی بەناوبانگـەوە دەگێڕنـەوە لـە کۆمـەڵێك لەشـێخە گەورەکان و زانا بەڕێزەکان و پیاوچاکان و باوەڕ پێکراوەکان کە حەزرەتی شـێخ (قـدس الله سـرە العزیـز) لـە مەجلیسـەکەی خۆیـدا کـە لـە سـەر کورسییەکەی دانیشتبوو قسەی بۆ خەڵکی دەکرد فەرمووی پێم لەسەر ملی هەموو وەلییەکی خودایە لەو کاتە لـە مەجلیسـەکەی دا هـەموو شـێخەکانی عێراق لەو مەجلیسەدا دانیشتبوون لەوانە شێخ ئەبو نەجیبی سـەهرەوەردی و شێخ قەزیب ئەلبانی موسڵاوی و شێخ ئەبو سعود ئەحمەدی کـوڕی ئـەبی بەکری عەتار و ئەوانەی دیکەش لەوانەی ئامـادە بـوون و ئامـاددە نـەبوون ،هەموویان ملکەچی فەرمانی شێخ بوون تەنها پیاوێك لەئەسبەهان ملکەچی نەکرد یەکسەر حاڵەکەی لێ وەرگیراوە .

– هەروەها شێخ(قدس الله سره العزین) فەرمووی: لەکاتی تێکۆشانمدا بووم گوێم لەیەکێك بوو دەیفەرموو پێم: ئـەی عبـدالقادر تۆمـان بـۆ خـەو بـەدی نەهێناوە ئێمە تۆمان خۆش ویست کە هیچ نەبووی تۆش لە ئێمە بـێ ئاگـا مەبە کە ئێستا تۆ شتی..

– لە عودەی کوری موسـافیرەوە (ڕەزای خـوای لێبێـت) ووتـی: جارێـك حەزرەتی شێخ (قدس الله سره العزیـن) قسـەی بـۆ خـەڵکی دەفـەرموو لـەو کاتـەدا بـاران بـاری هەنـدێك لـە دانیشـتوانی مەجلیسـەکە هەڵسـان بـڕۆن، حەزرەتی شێخ (قدس الله سره العزین) سەری بـەرەو ئاسمـان بـەرزکردەوە فەرمووی: من کۆیان دەکەمەوە تۆ بڵاوەیـان پـێ دەکـەیت، بـاران لەسـەر مەجلیســەکە وەســتا و یــەك دڵــۆپی دی نــەباری بــەڵام لــەدەرەوەی قوتابخانەکەی دەباری.

– عومەری بەزاز دەڵێت: لە ڕۆژی هەینی دا کە پازدەی جەمادی یەکـەم بوو لەساڵی (٥١٦کۆچی) لەگـەڵ گـەورەم حـەزرەتی شـێخ عەبـدولقادر (الله سره العزین) چووین بۆ مزگەوت. نەم بینی یەکێك سەلامی لێ بکـات، لـەدڵی خۆمدا وتم هەموو ڕۆژی هەینییەك زۆر بەزەحمەت دەگەینـە مزگـەوت لەبـەر قەڵــەباڵغی خــەڵکی لەســەر حــەزرەتی شــێخ (الله ســره العزیــن) لــەم بیرکردنەوەیـە بـووم، حـەزرەتی شـێخ تەماشـای کـردم بەزەردەخەنـەوە و خەڵکان ڕوویان لەحەزرەتی شێخ کرد و کۆبونەوە تا وای لـێ هـات کەوتنـە نێـوان مـن و ئـەو ، لـەدڵی خۆمـدا ووتم بـارودۆخی یەکـەم باشـتر بـوو لـەم بارودۆخەی ئێستا، حەزرەتی شـێخ ڕووی تێکـردم و فـەرمووی تـۆ ئەمـەت

دەویست، نازانی دڵی خەڵکان بەدەستی منە. ئەگەر بمەوێ ڕووم تێدەکەن ئەگەر نەمەوێ نامبینن.

– کەرامەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (قدس الله سره العزیز) زۆرە و بێ ژمارەیە ئەگەر بمانەوێت باسی بکەین ئەوە چەندەها پەرتووك بەشی ناکات ، لێرەدا باسی چەند نمونەیەکمان کرد ، ئەوەی دەیەوێت زیاتر بزانێت ئەوە با بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە باسی کەرامەتەکانی دەکات .

## دەرچوونی لەدونیا :

حەرزەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی (قدس الله سره العزیز) دوای ئەوەی کەتەمەنی خۆی لە گوێڕایەڵی و خوداپەرستی بەسەر برد ئەو دونیایەی بەجێ هێشت. شێخ لەبەغدا لەشەوی شەممە هەشتی ڕەبیعی دووەم ساڵی ( ٥٦١- کۆچی / ١١٦٥- زایینی) کۆچی دوایی کرد. هەر بە شەو لە ناو قوتابخانەکەی خۆی لە باب لئەزج لە بەغدا بەخاکیان سپارد لەبەر زۆری قەڵەباڵغی خەڵك کە کۆڵان و جاددە و بازاڕ و قوتابخانەکەی پڕببوو لەخەڵك، بۆیە ناتوانرا بە ڕۆژ بە خاکی بسپێرن خوا لێی ڕازی بێت.[٢٦١]

٢٦١ بڕوانە کتێبی تەریقەتی عەلیی قادری کەسنەزانی، نوسینی شێخ موحەممەدی کەسنەزان و وەرگێڕانی خەلیفە ڕەشید کەسنەزانی.

## ٢١-سەید شێخ عەبدوڕەزاقی گەیلانی قدس الله سره

ناوی تەواوی شێخ عەبدوڕەزاقی کوڕی حەزرەتی مەولانا عەبدولقادری گەیلانییە. نازناوی تاجەدینە و بە ئەبوبەکر بەناوبانگە. لە سالّی ٥٢٨ك لە بەغداد لەدایکبووە، لەسەر مەزهەبی حەنبەلی بووە. تەریقەتی قادرییەی لە جەنابی باوکی وەرگرتووە و بۆتە جێگەنشینی حەزرەتی گەیلانی. لە ناوچەی حەلبەی ڕۆژهەلاّتی بەغداد نیشتەجێ بووە. حەزرەتی شێخ عەبدوڕەزاق زاهیدێکی زۆر گەورە بووە، خۆی لە خەڵکی گۆشەگیر کرد بوو، زۆری خوداپەرستی دەکرد و پیاوێکی هەتا بڵێی ڕەوشت بەرز و بێ فیز و دڵفراوان بووە و لەگەڵ مورید و قوتابییەکانی خۆی زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی کردووە. حەزرەتی شێخ لەسەر هەژارییەکەی زۆر ئارامگربووە و لەسەر مەنهەجی سەلەفی سالّح ژیانی بردۆتە سەر. حەزرەتی شێخ دەفەرموێ: تەسەوفی ڕاستەقینە بریتییە لە سەرچاوەی یەکتاپەرستی(تەوحید).

ناوی هەندێ لە کتێبەکانی شێخ: جلاء الخواطر، الاربعون عن اربعين شيخ( فى الحديث). جەنابی شێخ لە سالّی ٦٠٣ك لە شاری بەغداد لە دونیا دەرچووە و لە باب الحرب نێژراوە[٢٦٢].

---

٢٦٢ شێخ عبدالقادری گەیلانی و. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، موسوعة الكسنزان:٢٣/٣١٦

## ٢٢-حەزرەتی شێخ داودی ثانی (دووەم) قدس الله سره

ناوی پیرۆزی شێخ داودی کوڕی سلێمانی کوڕی شێخ عبدالوهابی کوڕی حەزرەتی غەوسی ئەعزەم مەولانا شێخ عبدالقادری گەیلانییە. نازناوی داودی ثانییە هەروەها گوتراوە کە بە (العداد– الهداد) ناسراو بووە. ئەو شێخە نازدارە لەسەر مەزهەبی حەنبەلی بووە. تەریقەتی پیرۆزی عەلیی قادریەی لە شێخ عبدالرزاقی گەیلانی وەرگرتووە. حەزرەتی شێخ داود هاوزەمانی شێخ محمد غریب الله و حافیزی دمیاتییە. شێخ داود لە شاری بەغداد نیشتەجێ بووە. لە باپیری خۆی گوێی لە حەدیس گرتووە. زۆر گرنگی بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و بڵاوکردنەوەی حەدیس داوە. نەوەکانی شێخ لە مەعرەی نوعمان لە حەمای سوریا گیرساونەتەوە. تەفسیری قورئانی بە چوار بەرگ کردووە، کتێبێکی تریشی لە فیقهی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل هەیە. لە ساڵی ٦٤٨ك لە دونیا دەرچووە و لە گۆڕستانی (الحلیە)نیژراوە.

## ٢٣-سەید شێخ موحەممەد غەریبولا قدس الله سره

ناوی پیرۆزی موحەممەد هانسویە، نازناوی غەریبولاّ و بورهانەدینە. هاوزەمانی یوسفی کوڕی عەلی کوڕی موحەممەدی حوسەینییە. تەریقەتی موبارەکی عەلیی قادری لە شێخ داودی سانی وەرگرتووە. سەرەتا لە هیندستان دواتر لە بەغداد پاشان لە دیمەشق دواتر لە تورکیا پاشتر لە هیندستان نیشتەجێ بووە. حەزرەتی شێخ محمد لە کاتی گەشتی بۆ تورکیا تەریقەتی قادریەی لەوێ بڵاوکردۆتەوە لەو کاتەدا تەریقەتەکەی بە

ناوی ( تەریقەتی قادری هیندی) ناسراو بووە. حەزرەتی شێخ ژمارەیەکی زۆری کتێب نوسیوە گرنگترینیان( نفائس الانفاس)ە.

## ٢٤-شێخ عەبدلفەتاحی سەییاح قدس الله سره

ناوی پیرۆزی عەبدولفەتاحی سالحییە، نازناوی سەییاحە[٢٦٣] (گەڕیدە، چونکە بەردەوام لە سەفەر بووە و گەشتی کردووە) جەنابی شێخ لە سالحییە لە دایك بووە کە ناوچەیەکە لە دیمەش لەسەر شاخی قاسیون. سەید حوسێن فەوزی لە کتێبی ( عقود الجواهر) دەربارەی شێخ عبدالفتاحی سەییاح دەفەرموێت: زانای خوایی، سەید عبدالفتاحی سەییاح. لە حەزرەتی شێخ عبدالفتاحەوە دەگێرنەوە کە فەرمویەتی: دونیا لە لای ئەولیاکانی خودا قێزەوەنە ئەولیا ڕقیان لە دونیا دەبێتەوە، دونیا دۆستی خۆی هەیە هەرکەسێك هاوڕێی دۆستانی دونیا بێت ئەوا ئەولیای خوا ڕکیان لێدەبێتەوە.

## ٢٥-شێخ موحەممەد قاسم قدس الله سره

ناوی محمد قاسمە و نازناوی بەغدادییە. شێخ لەسەر مەزهەبی حەنەفی بووە. ئەحمەد جەمال لە قەسیدەی( السلسلة الذهبیة فی سند الطریقة القادریة) سەنەدی شێخەکەی خۆی دەگەیێنێتە شێخ محمد صادق پاشان شێخ موحەممەد قاسم و دەنوسێت:

---

٢٦٣ یەکێك لە پایەکانی تەریقەت بریتییە لە سەفەر بەر قەدەم واتە گەشت کردن بە پێ.

عن شيخه قاسم نجم الائمة من          شاعت فضائله تربو على الشجر

واته: لـه شـێخی خـۆی( محمـد قاسـم) کـه ئەسـتێرەی ئوممـەتان بـووە کەسـێك بـووە کـە فـەزڵ و پلـه و پایـەی بڵاوبۆتـەوە و لەسـەر دارەکـانیش نەقشـی بەسـتووە. لـە ژیـانی خۆیـدا گرنگـی بـە بڵاوکردنـەوەی زانسـت و زانیاری داوە، وەختانێك کە لە بەغداد بووە قوتابی و فێرخوازی لـە بەسـرە و زوبێر و شام بۆ هاتووە.

## ٢٦-شێخ موحەممەد صادق قدس سره

ناوی موبارەکی ئەو زاتە موحەممەد صادقی کـوڕی عەبـدوڵای جوەینـە. نازناوی بەغدادییە، لەسەر مەزهەبی حەنەفی بـووە. تەریقـەتی شـوعلەداری قـادری لـە شـێخ محمـد قاسـم وەرگرتـووە. حـەزرەتی شـێخ محمـد صـادق دۆستایەتی شێخ موحەممەدی نۆدەهی( باوکی حەزرەتی شـێخ ئیسـماعیلی ولیـانی ) کـردووە. هـەروەها دۆسـتایەتی شـێخ محمـدی کـوڕی ئەحمـەدی عوقەیلەی مەکی کردووە هـەروەها هاوڕێیـەتی شـێخ عومـەر عەبدولجـەلیلی ئیلهـە ئابـادی(٩٩٢-١١١٤) بـۆ مـاوەی ٣٢ سـاڵ لـە ناوچـەی (کەنکـەوە) کردووە.

لە بەغداد دواتر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە مەککەی پـیرۆز نیشـتەجێ بووە هەورەها گۆتراوە لە بەغداد بووە پاشان لە گوندی (کاکۆ زەکـەریایی) پاشان لە گوندی هەزار گۆڕەی پشت کێوی کاران لـە ناوچـەی سـنە کـە بـە خالیدییە ناسراو بووە نیشـتەجێ بـووە. پاشـان هاتۆتـەوە کـاکۆ زەکـەریا. سەید یوسفی کوڕی مەلا عەبدولجەلیل لە دەستنوسی ( الانتصـار للاولیـاء )

نوسیویەتی(( شێخ محمد صادق یەکێك بووە لە چوار ئەوتادەکە و خاوەنی تەسەڕوفات بووە لە چارەکی زەوی بە وشکانی و ئاو و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تەریقەتی لە شێخ محمد قاسم وەرگرتووە))

حەزرەتی شێخ محمد صادق لە دەوروبەری ١٠١٠ك لە دونیا دەرچووە و لەبەرامبەر دایکی موسڵمانان حەزرەتی خەدیجەی کوبرا نێژراوە.

## ٢٧-شێخ حوسێنی بەحرانی=بەحرێنی(بەسرِی) قدس الله سره

ناوی شێخ حوسێنی بەحرانیی، نانـاوی بەحرانییـە چـونکە لـە وڵاتـی بـەحرەین هاتۆتـە دونیـا بـە بەسرِایش ناسـراوە چـونکە لـە شـاری بەسـرِە نیشـتەجێ بـووە. تەریقـەتی قادریـەی لـە شـێخ محمـد صـادقی بەغـدادی وەرگرتــووە هــەروەها تەریقــەتی پــیرۆزی نەقشــبەندی لــە یــەکێك لــە خەلیفەکانی شێخ جیهان ئابادی[264] وەرگرتووە. شـێخ نـورەدینی بریفکـانی قادری لە نامەیەکدا نوسیویەتی: شێخ حوسێنی بەسرِی تەریقەتی لە سـەید لاهوڕیش وەرگرتووە[265]. لە بـەحرەین پاشـان لـە ئێـران پاشـان لـە بەسـرِە

---

[264] شێخ جیهان ئابادی: ناوی کەلیموڵای جیهان ئابادی کوڕی نـوڕوڵای کـوڕی موحەممەد ساڵح موهەندیس سەدیقییە لە پیاوە گەورەکانی تەریقەتی چەشتییە( ١٠٦٠-١١٤١) لـە هیندسـتان دواتـر لـە حیجـاز دانیشـتووە، دواتـر گەڕاوەتـەوە هیندستان و ژمارەیەکی زۆری کتێب نوسیوە و تەفسیری قورئانیشی کردووە.

[265] کاتێك لەو سیلسیلە موبارەکەدا دەبینی یەکێك لە شێخەکان دوو تەریقـەت یان زیاتری وەرگرتووە ئەمە مانای وایە ئەم شێخە سـەرەتا لای شـێخێك بـووە و سلوکی کردووە هەتا شێخەکەی وەفاتی کردووە یان شـێخەکەی خـۆی ڕێپێـداوە

دانیشتووە. شێخ حوسێنی بەحرێنی ژمارەیەکی بەرچاو دانـراوی لـە باسـی ئاداب و سلوك هەیە و لە نوسینێکیدا ژمارەیەکی زۆر تەریقەتی باسـکردووە و ناو سیلسیلەی ئەو کەسانەی تۆمارکردووە کە تەریقـەتی لەسـەر دەسـتی وەرگرتوون.

## ٢٨-شێخ ئەحمەدی ئەحسائی قدس الله سره

نــاوی پــیرۆزی مورشــیدی زەمانــە ئەحمــەدی کــوڕی زەینــی کــوڕی ئیبراهیمە. لە سـاڵی ١١٦٦ك لـە ئەحسـا هاتۆتـە دونیـا و لەسـەر مەزهـەبی حەنەفی بووە. تەریقـەتی پـیرۆزی قادرییـەی لـە شـێخ حوسـێنی بـەحرێنی بەسرایی وەرگرتووە. دوای پێگەیشتنی خۆی سازداوە بۆ فێربوونی زانسـتە شەرعییەکان و لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەستی کـردووە بـە سـلوك و دوای وەرگرتنی ئیجازەی ئیرشـاد، تەریقـەتی پـیرۆزی قادریـەی لـە بەسـرە و لـە باشـوری عێـراق بڵاوکردۆتـەوە، پاشـان هاتۆتـە بەغـداد و دواتـر چـووە بـۆ حیجاز بە مەبەستی حەجی ماڵی خودا و لـە پـاش تـەواوکردنی ڕێـوڕەسمی حەج لە ڕێگەی مەدینەی منـەوەرە لـە سـاڵی ١٢٤١ك وەفـاتی کـردووە. لـە نـەوەکانی شـێخ ئەحمـەدی ئەحسـائی، شـێخ موحەممـەدی کوڕیـەتی کـە

---

بچێتە لای کەسێکی دی. بۆیی بـە نسـبەتی تەریقەتـەوە ئـەو ئـەمجۆرە کارانـە دروستە نمونە شێخ عەبدولقادری گەیلانی لای شێخ حـەممادی دەببـاس و شـێخ سەعیدی مەخزومی و هیتریش سلوکی کردووە بـەڵام دواجـار خەرقـەی لـە شـێخ سەعیدی مەخزومی وەرگرتووە. شێخ مـەعروفی کـەرخی و چـەند شـێخی تـریش ئەم جۆرە کارانەیان کردووە. بەڵام دوو شێخ لە یەك کاتدا دروست نییـە و کـاری مورید شڵۆق دەکا.

شوێنی باوکی خۆی گرت بۆوە بۆ دەرس گوتنەوە و کاروباری تەکیە و ئـەم شێخە بەرهەمی نوسراوی زۆرە. شـێخ ئەحمـەد زۆر موریـدی سـەرکەوتوو و چاکی لە عێـراق و حیجـاز لـە دوای خۆیـدا بەجێهێشـتووە بـەناوبانگترینیان شێخ ئیسماعیلی ولیانییـە. دەگێڕنـەوە لـەو کاتـەی کـە شـێخ ئەحمـەد بـە تەمەنا چوو بوو دەیفەرموو: لە چاوەڕوانی کەسێك دام کـە ئـەو ئەمانەتـەی پێغەمبـەری ﷺ تەسـلیم بکـەم، کاتێـك شـێخ ئیسـماعیلی ولیـانی بـینی و تەریقەتی دایێ، حەزرەتی شێخ فەرمووی: الحمدلله کـە خـودا یارمـەتی دام کە ئەو ئەمانەتەی پێغەمبەر ﷺ بگەیێنم.

## ٢٩-شێخ ئیسماعیلی ولیانی قدس الله سره

ناوی پیرۆزی سەید شێخ ئیسماعیلی کوڕی سەید محمدی کـوڕی سـەید بابا عەلی کوڕی سەید بابا ڕەسولی گەورەیە ڕیشیەی باوانی دەگەڕێتەوە بـۆ گـەورەی شـەهیدان حـەزرەتی ئیمـام حوسـێنی کـوڕی ئیمـام عـەلی( علـیهم السلام). جـەنابی شـێخ بـە پـیری ولیـانی مەشـهورە چـونکە ئـەو شـوێنەی خەلوەی تێدا کێشاوە بـە ولیـان[٢٦٦] ناسـرا بـوو. شـێخ ئیسـماعیل لـە سـاڵی ١٠٨١ك(١٦٧٠ز) دایـك بـووە. سـەبارەت بـە شـوێنی لـەدایك بـوونی بـەپێی سەرچاوەکان لە گوندی نۆدێ لە نزیك قەڵاچوڵان یان لە گوندی قـازان قایـە لە نزیك شاری سلێمانی لەدایکبووە[٢٦٧].

---

٢٦٦ ولیان یان وەلییان= دوو وەلی، ئەوانیش شێخ ئیسماعیل و شێخ حەسـەنی برایەتی. ولیان ئێستا گوندێکە سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

٢٦٧ محمد الخال، الشیخ معروف النودهی: لا ٨٧

سـەرەتا لـە خزمـەتی بـاوکی و شـێخ عەبـدوڵای سـوێری کـە قوتـابی و موریدی باوکی بووە دەسـتی بـە خوێنـدنی شـەرعی کـردووە و بەهرەیـەکی چاکی لە زانستی شەرعی و تەریقەت و عیرفان دا بە دەست هێناوە، پاشان هەر بۆ ئەم مەبەستە سـەردانی شـاری بەغـداد دەکـات لـە بارەگـای (شـێخ عەبدولقادری گەیلانی) چـاوی بـە (شـێخ ئەحمـەدی ئەحسـائی) دەکـەوێت، ماوەیەك لە خزمەتی ئەم زاتـە دا دەمێنێتـەوە، پاشـان ئیجـازەی عیلمـی و ئیجازەی تەریقەتی قـادری و ئیرشـاد لـەم زاتـە وەردەگرێـت. دوای ئیجـازە وەرگرتن هاتۆتەوە کوردستان و لە دێی قازان قایە نیشـتەجێ بـووە[٢٦٨]. لـە قازان قایە دەست بەکاری ئیرشاد و تەریقەتدان دەکـات، پـاش خزمـەتێکی زۆر لـەم ناوچـەیە ئینجـا ڕوو لـە ناوچـەی بادینـان دەکـات بـە مەبەسـتی بڵاوکردنەوەی تەریقەت لەوێ لە گوندی گردی ڕێوی (ئێسـتا بۆتـە ناحیـەی رۆڤیا) نیشتەجێ دەبێـت، بـەهۆی خواپەرسـتی زۆری ئـەم زاتـە و بینـینی دەیان کەڕامەت لە لایان خەڵکی ئەم ناوچەیەوە، بۆیە خەڵکی ڕوو لـە شـێخ ئیسماعیل دەکەن و بەسەدەها کەس تەمەسوکی لەسەر دەست وەردەگرن.

شێخ ئیسماعیلی ولیانی هەشت کـوڕی لـە دوای خـۆی بـە جێـدەهێڵێت ئـەوانیش: عەبـدوررزاق، عەبدوسـەلام، عەبدولکـەریم، مـەحمود، مـەعروف، عەبـدوڵڵا، ڕەسـول، یـەحیا) کـە هەریەکـەیان لەسـەر ڕێبـازی باوکیـان ڕۆیشتوونەو کەڵەپیاوی گەورەیان لێدەرچووە و خزمەتی زۆریان بـە ئـاییني پیرۆزی ئیسلام و تەریقەت کردووە لە گشت ناوچەکانی کوردستان وە دوای

---

٢٦٨ موسوعة الكسنزان:٢٣/٢٢٥

ئەوانیش نەوەکانیان تا ئەمڕۆ خزمەت بە ئـایین و تەریقـەت دەکـەن، شـێخ ئیسـماعیلی ولیـانی بـەهۆی ئـەوەی ئیرشـاد و خزمـەتێکی زۆری کـردووە و خاوەن هەزارەها مورید بـووە، کـە ئـەوانیش پـاش خـۆی خزمـەتێکی زۆری ئەم ڕێبازەیان کردووە لەوانە: شێخ حەسەنی گڵـە زەردە کـە براشـی بـووە بەڵام تەمەسوکی لـە لای شـێخ ئیسـماعیل کـردووە، هـەروەها شـێخ عـەلی دۆلپەمۆ، شێخ موئمینی سازانی، مولانـا عـەلی شۆشـێ، مولانـا ئیسـماعیلی تەبرێزی و شێخ موحییـەدینی کـەرکوك کـە بـرازی خۆشـی بـووە، وە زۆری تریش.

## کەڕامەتی شێخ:

دەگێڕنەوە هەرکاتێ حـەزرەتی شـێخ کەسـێکی تـازەی تـەریقـەت بدایـە دەستی ڕەش دەبوو ڕەنگی دەستی دەگۆڕا بۆیە دوای تـەریقـەت دان داوای لە خزمەتکارەکەی دەکرد ئاوی بۆ بهێنێ و دەسـتی خـۆی بشـوا جـا کـاتێ دەستی دەشوشت ڕەنگی دەستی وەکو جارانی لێدەهاتـەوە پـاش ئـەوەی خزمەتکارەکەی چەندینجار ئـەوەی کەڕامەتـەی لێـدیت پرسـیاری لـە شـێخ کرد: قوربان سرِی ئەو ڕووداوە چییە؟ شێخ فەرمووی: کوڕم ئـەو ڕەشـی و چڵکە لـە کاریگـەری تـاوانی موریدانـە کـە دێتـە نێـو دەسـتم، ئـەوان پـاك دەبنەوە چونکە تەریقەت تاوانی پێشووی خەڵکی دەسڕێتەوە[٢٦٩].

شـێخ ئیسـماعیلی ولیـانی بـۆ مەبەسـتی ئیرشـاد سـەردانی ولاتـی شـام دەکات لەوێ خەڵکی زۆر گیرۆدەی خۆشەویستی شێخ دەبـن و تـەمەسـوکی

---

٢٦٩ سراج السالكين، الشيخ حسين القاضي: ص١٢

لەلا وەردەگرن و دەبن بە موریدی شێخ، لە کاتی گەڕانەوەی لە وڵاتی شام لە سالی (١٧٤٥ز) شێخ ئیسماعیل لە شاری موصل چەند ڕۆژێك لە لای موریدەکانی دەمێنێتەوە، بەڵام هەر لەوێدا نەخۆش دەکەوێت لەکاتی نەخۆشییەکەی شیعرێکی ١٤٦بەیتی دەنوسیٚ و بەرەبەرە مەرگ تاوی بۆ دێنیٚ تا لە تەمەنی ٧٧ ساڵی وەفات دەکات، ئینجا لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمی موبارەکی دەهێننەوە بۆ گوندی رۆڤیا و لەویٚ ئەسپەردەی خاکی دەکەن، شێخ محمدی کەسنەزان قدس الله سره مەرقەدێکی جوان و شایستەی لەسەر ئەرکی خۆی بۆ دروست کردووە. مەرقەدی پیرۆزی شێخ ئێستاش بە زکر و زیارەت ئاوەدانە.

**هەندیٚ لە شیعرەکەی شێخ ئیسماعیل:**

| | |
|---|---|
| لە عیشقی تۆ مەهجەبینم | شیت و شەیدا و غەمگینم |
| بەبیٚ تۆ نابیٚ تەسکینم | ڕەحمیٚ بکە بەم عاجزە |
| لە هیجرانت دەناڵێنم | ئەسران لەچاو دەبارێنم |
| غەمان لە دڵ دەتارێنم | ڕەحمیٚ بکە بەو عاجزە |
| ڕەحمیٚ بکە جەفاکێشم | قوربانت بیٚ کەم و بیٚشم |
| من دەروێشێکی دڵ ڕێشم | ڕەحمیٚ بکە بەو عاجزە |
| فەقیر و عاجز و پیرم | بە داوی دلبەرم گیرم |
| نیمە مەکان و تەدبیرم | ڕەحمیٚ بکە بەو عاجزە |
| دەردم زۆرە دڵ حەزینم | قوربانت ڕۆحی شیرینم |
| بەندەیەکی کەمترینم | ڕەحمیٚ بکە بەو عاجزە |
| دەرمانم کە دەردەدارم | بمکوژە یا بکە چارم |

نـەماوە سـەبـر و قـەرارم		ڕەحـمێ بـکە بەو عاجـزە
گەر بمکوژی بە خەنجـەرم		یان بە سەنگ بشکێنی سـەرم
من دەست لە تۆ هەڵناگرم		ڕەحـمێ بـکە بەو عاجـزە
دێـوانـەگی بـوو بە حالّم		قـوربـانت بێ سەر و مالّم
من لە دوایی تۆ عەبدالّم		ڕەحـمێ بکە بەو عاجزە

## ٣٠-شێخ موحیەدینی کەرکوك قدس الله سره

ناوی تـەواوی سـەید شـێخ موحەممـەدی کوڕی سـەید حەسـەنی کـوڕی سەید محمدی نۆدێی بـەرزنجی حوسـەینییە. نازنـاوی (موحییـەدین)ە. لـە سـاڵی ١١٣٣ك لـە گونـدی قولـە لـە دایـك بـووە. حـەزرەتی شـێخ لەسـەر مەزهەبی شافیعی بووە. تەریقەتی پـیرۆزی قادریـەی لـە شـێخ ئیسـماعیلی مامی( پیری ولیانی) وەرگرتووە.

شـێخ لەسـەرەتای تەمـەنی لـە قولـە بـووە دواتـر لـە سـاڵی ١١٧٩چـۆتە کەرکوك. شێخ زۆر زانا و زاهید و خواناس بووە. شـێخ یـەکێك بـووە لـە شـێخە هەرە بەناوبانگەکانی کورد و هەموو سەردەمی خـۆی. دەرسـی شـەرعی لـەلای زانا ناودارەکانی ئەو کاتی کوردستان خوێندووە، لەگـەڵ بـاوکی ڕۆیشـتوون بـۆ حیجـاز و لـەو سـەفەرە زانیارییـەکی زۆری کۆکردۆتـەوە. کـورد دەڵـێن شـێخ موحیـەدین لـە عـەجاییباتی خـودا بـووە و بەهرەمەنـدێکی ئیلاهـی بـووە لـە تەسەوفدا. زانای گەورە ئیبنولحاجی جێشـانەیی و شـێخ عـەبولڕەزاقی دێلێـژە گـەلێ تـاریفی شـێخ محێـدینیان کـردووە. شـێخ عەبـدولڕەزاق دەفـەرموێت: لـە کۆساری گلەزەردەدا کەم تەختەبـەرد هەیـە کـە شـێخ محێـدین نوێـژی لەسـەر نەکرد بێ و سوجدەی بۆ خودا لەسەر نەبرد بێ.

## کەرامەتی شێخ:

شێخ یاسینی بەرزنجەیی دەفەرموێ: لەگەڵ شێخ محێدین کەوتینە ڕێ بۆ بەرزنجە، کاتێ لە دێی گلەزەردە دەرچووین باوکم ( شێخ رەسوڵی بەرزنجەیی) فەرمووی: ئێوە ئەمڕۆ لە ئاوی تانجەڕۆ مەدەن ئاوەکەی زۆرە، من سوارم دەرئەچم، ئێوە ڕاوەستن تا ئاوەکە دەنیشێتەوە، باوکم بە سواری ڕۆیشت. ئەو ڕۆیشت و ئێمە ماینەوە، زۆری پێنەچوو شێخ محێدین هات و دەستی گرتم و فەرمووی: بێن بە شوێنما، ڕۆیشتە ناو چەم و ئێمەش بە دوایا لە چەم پەڕینەوە، کە تەماشام کرد دەبینم لەشمان تەڕ نەبوو بوو، کاتێ گەیشتین، باوکم فەرمووی ئەمە کاری محێدینە، ئەگەر نا ئێوە ئەو پیاوە نەبوون وا لەو ئاوە دەربچن. حەزرەتی شێخ دانراوی زۆری هەیە لەوانە: بحر الانساب، جامع الفوائد، برا الألام، مجمع الجواهر، ابدال الأعمال، معاون الال فی فضائل الآل، جلیب الراحة و الأفاقة فی رفع الفاقة، رسالة فی الافاق، اصلاح النفوس و کشف الکروب.

حەزرەتی شێخ لە ساڵی ١١٩٥ك گەڕایەوە ژێر عەرشی ڕەحمەت و لە شاری کەرکوك نێژراوە[٢٧٠].

## ٣٠-شێخ عەبدوصەمەدی گلەزەردە قدس سره

ناوی تەواوی عەبدوصەمەدی کوڕی شێخ حەسەنی گلەزەردەی کوڕی شێخ محمدی نۆدێیە. نازناوە (فضل الدین)ە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی

---

٢٧٠ بۆ ژیانی شێخ موحیەدین سوودم لە هەرسێ سەرچاوەی : موسوعە الکسنزان و بنەماڵەی زانیاران و علمائنا فی خدمە العلم و الدین وەرگرتووە.

عیبادەت بووە. ئەو زاتە لای مەلا محمدی جێشانە خوێندویەتی. جەنابی شێخ لەسەر مەزهەبی شافیعی بووە. تەریقەتی قادری لە برای خۆی شێخ محی الدینی کەرکوك وەرگرتووە، هەر لە شێخ موحییەدین ئیجازەی ئیرشادی وەرگرتووە. زۆر کەس لە خزمەتی ئەو پێگەیشتوون لەوانە شێخ حسینی قازان قایە، شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەحەسەن و شێخ ئەحمدی ئیمام وشێخ مەعروف نۆدێ گەلێ ستایشی ئەم سەیید عەبدوصەمەدەی کردووە. یاسای شێخ عەبدوصەمەد وا بووە لە پێش نوێژی نیوەڕۆ دەرسی گوتۆتەوە و، لە پاش نوێژی عەسر خەریکی ئادابی تەریقەت بووە و، شەوان لە ماڵی خۆیان خەریکی خوداپەرستی بووە. حەزرەتی شێخ گەلێ زمانی خۆی پاراستووە، دەڵێن: قسەی ناڕەوای بە دەمدا نەهاتووە و، فەرمویەتی: زمانێ کە یادی خوای پێ ئەکرێ و ئەوترێ حەیفە شتی ناڕێکی پێدا بێت[٢٧١]. چەندین بەرهەمی نوسراوی هەیە لەوانە: تحفة الصلاة، حاشیة علی شرح الالفیةی للسیوطي، شرح دلائل الخیرات، منظومة مشایخ الطریقة القادریة. جەنابی شێخ لە ساڵی ١٢٣٤ك وەفاتی فەرمووە.[٢٧٢]

## ٣٢-شێخ حوسەینی قازان قایە قدس سره

ئەم زاتە گەورەیە ناوی شێخ حوسەینی کوڕی شێخ مەحمودی کلێسەی کوڕی شێخ ئیسماعیلی ولیانییە. جەنابی شێخ لە دێی قازان قایە لەدایکبووە و ژیاوە بۆیە بە شێخ حوسێنی قازان قایە بەناوبانگە. شێخ

---

٢٧١ بنەماڵەی زانیاران مەلا عبدالکریمی مدرس لا ٣٣٥-٣٣٦

٢٧٢ موسوعة الکسنزان:٢٣/٣١٨

هــەموو مەڕاتیبــە ڕوحییــەکانی لەســەر دەســتی شــێخ عەبدوصــەمەدی گلەزەردە بڕیوە و بۆتە مورشیدی تەریقەتی قـادری. فـەتحولاّ مەجیـدی لـە باسی سیلسیلەی تەریقەتی قادری کەسنەزانی دەڵێ:

کاکە شێخ حوسێن قازان قایەیە　　　　　هەزاران مورید وا لە سایەیە[٢٧٣]

شێخ حوسێن پێنج کوڕی هەبووە لەو پێنجە شێخ عەبـدولقادری قـازان قایــە بۆتــە جێنشـینی بـاوکی. سەرچـاوەکان زانیارییــەکی وەهایـان بـۆ نەنوسیوین لە بارەی ئەم زاتە.

## ٣٣-شێخ عەبدولقادری قازان قایە قدس الله سره

ناوی پیرۆزی سـەید شـێخ عەبـدولقادری کوڕی سـەید حەسـەنی کـوڕی سەید مەحمودی کوڕی سـەید شـێخ ئیسـماعیلی ولیانییـە( ڕەزای خـودا لـە هەمویان) نازناوی قازان قایەیە[٢٧٤]. لە نەوەکانی شێخ: شێخ عەبدولکەریمی باوکی شێخ حەسەنی قەرەچێوار و شێخ حوسێن و شێخ موحیـەدین. شـێخ عەبـدولقادری قـازان قایـە تەریقـەتی پـیرۆزی قادریـەی پـەیڕەو کـردووە. حــەزرەتی شــێخ دەکاتــە خــاڵی حــەزرەتی شــێخ عەبدولکــەریمی شــاهی کەسنەزان و موڕشیدی شاهی کەسنەزانە. حەزرەتی شێخ ئـەهلی کەشـف و کەڕامەت بووە. سیلسیلەی ئیقلـیمگیری کەسـنەزان لـە دوای ئـەم شـێخەوە دەست پێدەکات. خانەوادەی شێخ هەر هەموویان ئەهلی تەقوا و خواناسـی

---

٢٧٣ گوڵزاری دەروێشان ، شکر الله دوهاروت، سنه،چ١ ن١٣٩٠

٢٧٤ قازان قایە: گوندێکی ناوچەی قەرەداغە.

و زوهد بوون زۆریـان خزمـەتی موسـڵمانان کـردووە. سەرچـاوەکان زۆریـان لەسەر شێخ عەبـدولقادر نەنوسـیوە بـەڵام بـەس ئـەوەی نـاوی لـە نـاو ئـەو سیلسیلە موبارەکە بێ بەسیەتی شایەتی قوتبی زەمانی بۆ بدرێ. لە سـاڵی ١٢٤٠ك حەزرەتی شێخ بەرەو بارەگای ڕەحمانی باری کرد[٢٧٥].

## ٣٤-حەزرەتی شێخ عەبدولکەریم شاهی کەسنەزان (الله سره)

حـەرزەتی شـێخ عەبدولکـەریمی شـاهی کەسـنەزان (الله سـره العزیـز) لەسـاڵی (١٢٤٠کۆچـی) لـە ناوچـەی قـەرەداغ لـە پارێزگـای سـلێمانی لـە کوردستان لەدایکبووە، تەریقەتی کەسنەزانی بەناوی ئـەم شـێخەوە نـاونرا، گـەنجێکی پـڕ بـیرو بـاوەڕ و خوداپەرسـت و ڕوو لـەخودا بـوو بـەو پـەڕی توانایـەوە، نمونەیـەکی بـێ وێنـە بـووە، پێشـەوایەکی بـێ هاوتـا بـوو، بلێسـەیەکی ڕووناککـەرەوە بـوو بـۆ لـەناوبردنی تاریکیـەکان و چـرایەکی ڕووناککەرەوەی ڕێگای خوداپەرستان بوو. ئەو لەسەر ڕێگاکەی باپیری بوو کە پێغەمبەر ﷺ بوو لە چەسپاندنی پێگـەکانی ئیسـلام و دروسـت کردنـی دەروونـی مرۆڤایـەتی لەسـەر بناغـەی ڕووحیـەکانی قورئـانی پـیرۆز، بۆیـە بەهەموو توانا و باوەڕییەوە ڕووی کردە خودا هەموو شـتێکی لـە کاروبـاری دونیا پشت گوێ خسـت کـە لـەزیکری خـودا دووری بخاتـەوە. لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی سـلوکدا لەسـەر دەسـتی حـەزرەتی کاکـە ئەحمـەدی شـێخ

---

[٢٧٥] سـوودم لـەم سەرچـاوانە وەرگرتـووە: علماءنـا فـی خدمـة العلـم و الـدین ص٣٢٠-٣٢١، www.kasnazan.com

دەستیپێکردووە بەڵام دوای ماوەیەك لەسەر فەرمانی کاکە ئەحمەد دەچێتە خزمەت شێخ عەبدولقادری قازان قایەی خاڵی و لای ئەو دەست بە خەڵوەتکێشان دەکات و لە خەڵکی دوورکەوتەوە و بەتەنیایی زیکری خودای دەکرد بۆ گەیشتن و نزیك بوونەوە لەخودا.

– لە خەلوەتدا ڕێگایەکی گرتبووەبەر کە کەس پێش ئەو نەیگرتبووەبەر (١٦٠٠) ڕۆژ مایەوە و خەریکی تێکۆشان بوو (مجاهدە) بۆ گەیشتن بە جیهانی تەجەلا و هەق، ئەو پێشبینی یە جێ بەجێ بوو کە باوکی بە کچەکەی ووت واتە (دایکی حەزرەتی شیخ ) پێش شووکردنی بەچەند سالێك، پێی فەرموو دوای شوکردنت تۆ منداڵێکت دەبێت کە دەبێتە زیندووکەرەوەی ئایین، و دەبێتە جێنیشینی پێغەمبەر ﷺ.

– لە سەرەتای گەنجێتیەوە دەستی کرد بە تێکۆشان و چووە خەڵوەتەوە، لە کێوی (سەرگرمە) بۆ ماوەی چوار ساڵ دوورکەوتەوە لەبەرچاوی خەڵکی، کەس شوێنەکەی پێ نەدەزانی گەڵای دار و قوڕی خاوێن خواردنی ئەو بوو بەڕۆژ زیکری خودای دەکرد و بەشەو خەریکی شەونوێژ بوو، دوای ون بوونی بۆ ئەو ماوە درێژە خەڵکی وایان زانی مردووە و نەماوە بەڵام دواتر دەرکەوت شێخ ماوە. لە نیعمەتی خودا لە خەودا جێگای خەڵوەکەی بە براکەی پیشاندرا، کە براکەی لە خەو هەستا بەپەلە ڕۆیشت بۆ بینینی کە گەیشتە لای سەری سوڕما لەوەی بینی چونکە شێخ عەبدولکەریم لە گیانەلا بوو لەوانە بوو بمرێت، برایەکەی پرسیاری خواردنەکەی لێیکرد لەم ماوەیەدا ئەویش هەندێك قوڕی سووری تێکەڵاو بەگەڵای دار پێ دا و فەرمووی: بیخۆ، ئەویش خواردی هەستی لەزەتی

شرینی کرد کە لەوە خۆشتر نییە پاش ئەو خواردنە دوو هەفتـە هیچی پـێ نەدەخورا هەستی بەبرسیەتی نەدەکرد .

– حەزرەتی شێخ عەبدولکەریم ناسراوە بەنازناوی شاهی کەسنەزان (اللە سـره) ، خـودا فـەرمووی ﴿ الم(١)ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ(٢)الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (٣) البقرة. ناوی تەریقەتی عەلی قادری بەوە نراوە لەکاتی ئەوەوە تـاکو ئـامڕۆ بەم ناوە نـاوی دەبـەن (تەریقـەتی عـەلیی قـادری کەسنـەزانی)، حـەزرەتی شێخ لەدێی کرپچنە لە نزیك سەنگاو جـێگیر بـوو، ئـەویٚ بـوو بـە سـەنتەری ڕێنمایی کردنی ئایینی، تەکیەی دروست کرد و قوتابخانەی ئاینی دانا، بـوو بە جێگای ڕووتێکردنی موریدان و شـوێن کـەوتووانی، بـوو بـە مینبـەرێکی زانست و ڕووناکی و بووە شوێنی مەبەستەکانی قوتابیانی هەق و هەقیقـەت لەهەموو جێگایەکی دونیاوە.

## سیفەتەکانی:

– حـەزرەتی شـێخ عەبدولکـەریمی شـاهی کەسـنەزان قدس سره پیـاوێکی خوداپەرسـت و سـۆفی بـوو، زاهیـد و لـەخوداترس بـوو ژیـانی پـڕ بـوو لـە تێکۆشانی لەگەڵ نەفس و داماڵینی جەستە لە هەموو سـیفەتە خراپـەکان و دەست پێوە گرتنێکی توند بە سونەتی پێغەمبەر ﷺ، تێکۆشان بەرنامـەی ئەو بوو، بۆیە داوا لە موریدان دەکات لـەو بەرنامەیـە دەرنەچـن، پـەیڕەوی تێکۆشان و خاوێن کردنەوە و پاڵفتەیی بکەن تاکو هەر موریدێك ببێتە خۆڵ و خاك کە باش و خراپ بەسەریاندا تێپەڕ دەبێت، ئەویش هـەر شـتی باشـی

لێـی سـەوز دەبێـت وە زۆر ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەر ﷺ ی دووبـارە دەکردەوە کە فەرموویەتی (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ویده) واتا موسڵمان ئەو کەسەیە موسڵمانان لەدەستی و زمانی پارێزراون.

## فەرموودەکانی:

– شێخ عەبدولکەریم (قدس الله سره العزیز) فەرموویەتی: ڕۆڵەی خۆم ئەوەی لە دونیا دایە خەیاڵـە و بـەرەو نـەمان دەچـێت، پیـاوی دونیـا تـەها غـەمی دونیایانـە، پیـاوی دواڕۆژ تـەنها غـەمی دوارۆژیانـە، ئاگاداربـە لـە بانگەشەی درۆ.

– ئـەوەی خـواردت لەناوچـوو، ئـەوەی لەبـەرت کـرد کـۆن بـوو ئـەو کردەوەی کردوتە دەیبینیتەوە ئەگەر چاکە بێت یان خراپە، گەڕانەوەت بـۆ لای خودا مسۆگەرە و دەبێت هـەر بچیت، دەبێـت لـە خۆشەویستانت هـەر دابڕێیت.

–دونیا سەرەتایەکەی لاوازی و بێزارییـە وە دواییەکـەی مـردن و گـۆڕە، دڵەکەت بە خودا ببەستە و پشـت لـەوانی دیکـە بکـە، ڕەفتـارت باڕەفتـاری هــەژاران بێــت، ڕاســت بــە لەگــەڵ شــەریعەت و نیەتەکــەت بپــارێزە لــە وەسوەسەی خراپ، دڵەکەت بگرە لە ڕۆیشتن بۆ لای خەڵکی، نـانی وشـك و ئـاوی سـوێر لـە دەرگـای خودابخـۆ، گۆشـتی تـەڕ و هـەنگوین لـە دەرگـای خەڵکی مەخۆ، دەست بگـرە بـەو هۆیـەی کـە دەبێتـە هـۆی دابـین کردنـی ژیانی ڕۆژانەت لە ڕێگای شەرعەوە لە دەست کەوتنێکی حەڵاڵ.

– ئـەی موریـد ئاگـادار بـە لـە دڵشـكاندنی هـەژاران و سـیلەی ڕەحـم بەجێبێنە ڕێز لەخزمان بگرە، و لەوانە خۆش بە كە ستەمت لێ دەكـەن بـێ فیـز بـە لەگـەڵ ئەوانـەی خۆیـان بەگـەورەتر دەزانـن لـە تـۆ، زۆر سـەردانی هەژاران بكـە و هاوڕێیـەتیان بكـە، پێداویسـتیەكانی هـەتیوان دابـین بكـەو ڕێزیان لێ بنێ.

## كەرامەتەكانی

–یەكێك لەموریدەكانی داوای لەحەزرەتی شـێخ كـرد كـە پێغەمبـەر ﷺ لەخەودا ببینێـت زۆر شـەیدای بینـینی بـوو، حـەزرەتی شـێخ پێـی فـەرموو گەیشـتن بـە پێغەمبـەر ﷺ ئاسـان نییـە، بـا بـڕۆین بـۆ فـلاَن ئەشـكەوت، ڕۆیشتن كە گەیشـتنە ئەشـكەوتەكە دەروێشـكە بـینی پـڕە لـە زێـڕ و شـتی نایاب، حـەزرەتی شـێخ پێـی فـەرموو ئەمـە مـاڵ و سـامانی خودایـە تـۆش پیـاوێكی هــەژاری بەشــی خــۆت هــەڵبگرە لــەم ســامانە ڕزگــارت دەبێـت لەهەژاری، موریدەكە ووتـی مـاوەی بیسـت سـاڵە تێكۆشـان دەكـەم لەگـەڵ نەفســەكەمدا دواڕۆژ بــەدونیا ناگۆڕمــەوە، ڕازیــم بەهــەژاری خــۆم داوای دەوڵەمەنــدی ناكــەم حــەزرەتی شــێخ فــەرمووی: لــەم تاقیكردنەوەیــە سەركەتووبویت، ئەم شـەو بخـەوە دەگەیتـە خزمـەتی گـەورەی بونـەوەران پێغەمبـەر ﷺ موریدەكـە نوسـت و بـە حـەزرەتی پێغەمبـەر ﷺ گەیشـت. حەزرەت پێـی فـەرموو: لـێم نزیـك بـەرەوە، عەبدولكـەریمی كـوڕم تـۆی بـۆ بینینی من هەڵبژاردووە.

– له كاتی حەزرەتی شێخ عەبدولكەریمی شاهی كەسنەزان(قدس الله سره العزین) پیاوێكی جولەكە ڕووی كردە كرِپچنە پێی وابوو زانستی سیمیا لای شێخ بەدەست دەكەوێت تاكو بتوانیٚ كانزا بكاتە زێڕ، بیٚ ئەوەی هۆی هاتنەكەی دەربڕیٚ ڕۆژێك حەزرەتی شێخ دەچوو بۆ لای حەوزە ئاوەكە كەدەست نوێژی لیٚ هەڵدەگرت و نوێژی دەكرد، حەوزەكە لەدەرەوەی گوند بوو، لە ڕێگادا چاوی بەجولەكەكە كەوت و پێی فەرموو ئەوەی تۆ بۆی هاتووی ئەوە مەبەستی ئێمە نیە تەماشای ئەو بەردەی پێشت بكە كە بەپەنجەی موبارەكی ئیشارەتی بۆ كرد یەكسەر ئەو بەردە بوو بەزێڕ فەرمووی بیبە بۆ خۆت و بڕۆ، جولەكەكە سەری سوڕما و وتی باشە بۆ ئەم زانستە بۆ خۆتان بەكار ناهێنن بەدەوڵەمەندی بژین، حەزرەتی شێخ لەوەڵامدا فەرمووی ئەگەر ئەوەمان بوێت ئەمەمان پیٚ نادرێت ، جولەكەكە یەكسەر لەسەر دەستی شێخ موسڵمان بوو و تەوبەی كرد، بەم شێوەیە حەزرەتی شێخ پشتی لە لەزەتەكانی دونیا كردبوو و نەی دەویست، بەوەش خودا (علم اللدن) زانستی لەدونی پێی دابوو كە توانای گۆڕینی شتەكانی بۆ زێڕی ساغی هەبوو هەركاتێك بیویستبا، بەلاٚم هەرگیز نەی ویستووە و تەنها نزیك بوونی خودای ویستووە.

– حەزرەتی شێخ عەبدولكەریم ڕۆیشت بۆ بەرزنجە بۆ زیارەتی باپیرەكانی كە گەیشتە نزیك گوندەكە خەڵكێكی زۆر پێشوازییان لیٚ كرد، لەناویاندا زانایان و پیاوانی ئاینی تێدا بوو، یەكێك لەزانایەكان لە دڵی خۆیدا ووتی چۆن شێخێك وەك شاهی كەسنەزان ڕیشی نەبێت ، كە حەزرەتی شێخ لەزیارەت مەرقەدەكانی باپیرەی بووەوە كە زۆر لە موریدەكان و

خــەڵکی لەدەوروبــەری کــۆ بوونــەوە ڕووی موبــارەکی کــرد لــە زاناکــەو فەرمووی: مامۆستا ڕیش لە بناغەی خوداپەرستی و کۆڵەگەکانی نیە، بەڵکو خوداپەرســتی لــە دڵســۆزی و نییــەت پاکییــە بــۆ خــودا بــەکردەوە و لەخوداترسان و تێکۆشانە لە ڕێگای خودا.

—ســاڵێك گرانــی بــوو خــەڵکان لەبرســان دەمــردن حــەزرەتی شــێخ عەبدولکەریم (قدس الله سره العزيز) لەگـەڵ خوارزایـەکی خـۆی ڕۆیشـت بـۆ لادێیەکی نزیك کرِبچنە بۆ ئەوەی هەندێ جۆ بکرِێت بـۆ نـان. خوارزایەکـەی ووتی: خالۆ گومانی تێدا نییە تۆ قوتبی ئەو زەمانەی بۆ داوا لەخودا ناکەی دەوڵەمەندمان بکات لەم ساڵەدا کـە خـەڵکان لەبرسـان دەمـرن. حـەزرەتی شێخ گوێی لەم قسەیە بوو بە دارەکەی دەستی ئاماژەیەکی کردە بـەردێکی گەورە کە لەسەر ڕێگاکـەیان بـوو بەردەکـە بـوو بـە دوو بەشـەوە، هەنـدێك لیرەی زێڕی لێ هاتـە دەرەوە، خوارزایەکـەی ووتـی: خـالۆ بەسمانـە ئـەوە دەوڵەمەند بووین، حەزرەتی شێخ پێکەنی و دیسان ئیشارەتی بۆ بەردەکـە کـرد و لیرەکـان لـەناو بەردەکـە دیـار نـەمان فـەرمووی کـوڕم حۆقەیـەك جۆبەسمانە، زێڕ بۆ دڵدارانی و دونیاداران باشە.

## وەفاتی شێخ

دوای چەسپاندنی کۆڵەگەکانی تەریقەت وە زیندوو کردنەوەی سـونەتی پێغەمبەر ﷺ وە گەڕانەوەی سەر بەرزی ئیسلام ، لەساڵی (١٣٢٠—کۆچی) لـەدونیا دەرچـوو و کوڕەکـەی شـێخ عەبـدولقادری کەسـنەزان قدس الله سره لەسـەر بەرماڵی شێخایەتی دەست نیشـانی کـرد. زۆر کـەس فـەزڵ مـەقامی شـاهی

کەسنەزانیان باس کردووە لەوانەش کاك ئەحمەدی شێخ. کاتێك حاجی کاك ئەحمەدی شێخ لە حەج گەڕاوەتەوە بە مەبەستی زیارەتی شاهی کەسنەزان هاتۆتە کربچنە، شاهی کەسنەزانیش بەخۆ و بە دەروێشەوە پێشوازی کردووە. کاك ئەحمەدی شێخ فەرمووی: ئەوەی پێیناکرێت بچێتە بەغدا بۆ زیارەتی غەوسی گەیلانی با بێت و زیارەتی مامم شێخ عەبدولکەریمی شاهی کەسنەزان بکات.

شاعیری ناسکبێژی کورد شارۆخ هەورامی ئاوا وەسفی شاهی کەسنەزانی کردووە:

سەد هەزاران دڵ تیا چوو تاکو یاریٚ هاتە ڕوو
گش فیدا بوون تاکو یاریٚ، نازداریٚ هاتە ڕوو
چومە سەیری گوڵشەن و باخی هەموو عالەم چەدیم
بولبولاٚن خوێنیان ڕژا تا گوڵعوزاریٚ هاتە ڕوو
تاویٚ سەیری مەیکەدەی پڕ جەزبی جانانە کە
عاشقان قوربان کران تاکو نیگاریٚ هاتە ڕوو
بوونە قوربانی حوسەین و عاشقانی ئەهل و بەیت
بۆیە شاهی کەسنەزانی وا بە جاریٚ هاتە ڕوو
شێخ کەریمە فەخری غەوسە ناو دڵی پێغەمبەرە
بۆ تەریقەت شاهی خاوەن زولفەقاریٚ هاتەڕوو
پڕتەوی ئەنزاری یەزدانە و نیشانەی بارییە
خۆشە دەروێشی کەوا قوتبی مەداریٚ هاتووە

شـوکری خالیق ئەو لە دونیا دا بە زاهیری گەر نەما
قـادری ڕۆڵــەی وەکــو شـێــری شـکــاریٚ هــاتەڕوو
هــەر لــە ئــەو بــوژایــەوە پاییزی عەشق و عاشقی
بــۆ تــەریـقـەت بـۆ شـەریـعـەت نەوبەهاریٚ هاتەڕوو
دایــە دەسـتی شا حوسێنی عاریف و مەردی خودا
ئــەو کـەسـەی وا وەك هـەتاوی کۆهساریٚ هاتەڕوو
بــوو بــە جــاداری هــەمـوو، عـەبدولکەریمی قادری
وەك عــومـەر باهەیبەت و فــاروقی کـاریٚ هاتــەڕوو
ڕەحمەتی خوایە کەوا شێخ مـوحەممەد مورشـیـدە
بێــقــەرارانــی تــەریـقــەت هــا قــەراریٚ هــاتەڕوو
بــا بـڵێــم شـاروخـەکەی ئـوستام و شەمسەدینمە
مــەولەوی یـەعـنی ئەمن چوون تاقەیاریٚ هاتەڕوو[٢٧٦]

## ٣٥-حەزرەتی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان ( قدس الله سره العزیز )

شێخ عەبـدولقادری کەسـنـەزان(قـدس الله سـره العزیز)هـەتا بڵێـی پیـاوێکی خواناس و دونیانەویست و ڕیـازەتکێش بـوو. هێنـدەی کەشـف و کەڕامـەت هەیە نایێتە نوسین ژمارەیەکی زۆر مورید و ئەهڵی دڵ لە دەورەی بوون. لە پێناوی خوا زۆری خۆی ماندوو کـردوو و زۆری بەخشـیوە بـە تایبـەت زۆری خزمەتی نەخۆش و هەتیوان کردووە وەك ئەو ئایەتـە داوای دەکـات ﴿فَأَمَّـا

٢٧٦ عاشقی خوایە کەسنەزانی، شارۆخ هەورامی، سنە ،چ١،لا١٣٨٤،٣٨ك

الْيَتِيمَ فَلاَ تَقْهَرْ (٩) الضحى﴾ . لەكاتی جەنگی جیهانی یەكەم بەهۆی ئەوەی شێخ لایەنگیری ئینگلیزی نەكرد و شەڕی لە دژی ئینگلز ڕاگەیاند ناچار حەزرەتی شێخ لەگەڵ بنەماڵەكەی و هەندێك موریدان كۆچیان كرد بۆ وولاّتی ئێران كە گەلانی ئێران خەریك بوو ئایینەكەیان لەبیر دەچووەوە بەرەو نەفامیەت دەگەڕانەوە، ئێران ڕووناك بوەوە بە ڕووناكی ئەم غەوسە گەورەیە كە هەموو جێگایەكی ڕووناك كردەوە باوەڕی جێگیر كرد لەدڵەكانیان دا وە ڕووناكی ئیسلام سەر لەنوێ لەوێ بلاّو بوەوە. خەڵكی فێری ڕەوشتەكانی پێغەمبەر ﷺ و سونەتە پیرۆزەكانی كردەوە تاكو وای لێ هات ڕووناكی تەریقەت لەهەموو لایەكی وولاّتی ئێران بلاّو بوەوە.

سەودایی شاعیر( شێخ ئیسماعیلی دۆلاّن، ئامۆزای شێخ عەبدولقادری كەسنەزان بووە بەو بۆنەیەوە ئەم پارچە شیعرەی نوسیووە:)

شێخی موهاجیر مەخروونی مەلول
نوتفەی تاهیرەی ڕەسولی مەقبول
وە سەرگرەدت وام عەمۆزای پاك دین
جە سولالەی ساف خەتمولمورسەلین
پۆستنشینەكەی غەوسی گەیلانی
وەكیلی موتلەق شاهی ولیانی
خۆ من جە دووریت خاتر پڕ هوونم
دیدە پڕ ئەسرین خاتر زەبوونم
خۆ من جە دووریت ئەسرین ڕێزامەن
ڕۆح جە یاتاخگەی بەدەن بێزامەن

جـە دووری بـالآت جـــەرگــم بــڕاوە
پـــیـری و نـەخــۆشی بــخـەرە لاوە
پەروانـەی پەشێو پەرداخ بێ پەرداخ
پەڕ و باڵ سوفتە کەفتەی تۆی یاتاخ
پیــری تاڵ شـووم، سەرگەردانی دەرد
ڕەفیق و موئـنـیـس هـەنـاسانی سەرد
چـــەم وە ئـیـنـتـیـزار ڕاگـەی نورینت
هـەڵــوەدای بۆسەی شەوقی جەبینت
ئیسەش ئەی ئازیز وە جوابی نامەم
وەش ئەکەی دڵی سووتاوی ماتەم[٢٧٧]

**فەرموودەکانی:**

– ئەی مورید کراسی تەوبەکەت بەپاك وخـاوێنی لەبـەر بکـە. هەرکـەس شەریعەت جێ بەجێ نەکات ئەوە موریدی ئێمە نییە. دەبێت موریـدی ئێمـە پابەند بێت بەشەریعەت و تەریقەت و دینداری و خۆپاراسـتن و وە دووربێـت لە تەماحکاری.

–هەر کەسێ ڕقی خۆی بخواتــەوە، لـەوە خـۆش ببێـت کـە کـە سـتەمی لێکردووە ئەوە خودا پلەو پایـەی بـەرز دەکاتــەوە بـۆ ڕیـزی پیـاو چـاکان. وەدەیفەرموو ئەگەر غەیبەتتان کرد غەیبەتی دایـك و باوکتـان بکـەن ئـەوان لەهەموو کەس لە پێشترن بۆ بەدەسـت کـەوتنی چـاکەکانتان وە هـەروەها

٢٧٧ دیوانی سەودایی،لا٨٦،عوسمان هەورامی ١٩٩٥، بەغداد

دەیفەرمووو ئاگادار بن لەبانگەشـەی درۆ چـونکە ڕوو ڕەشـی دەکـات و چـاو کوێر دەکات. ئەوەی کەوتۆتە ناو درۆ و غەیبەت و بوختان کردن بەناموسی خەڵکیدا نابێتە پیاوچاك، چۆن داوا دەکات لەخودا لە ڕیزی ڕاستگۆکان بێت کەخۆی کەوتووەتە ناو شتی هیچ و پووچ داوای پیاو چاکی نەکـەی کـە تـۆ لەفەرمانی خوداکەت دەرچووی، خودا پێت دەڵێت شەرم ناکەیت دەڵێی من نزیکم لەخودا هێشـتا جلـەکانت لـە پیسـی خـاوێن نەکردووەتـەوە تـاکو لام دابنیشی سکی خۆت پڕکردووە لەحـەرام و بەپێیـەکانت بـەرەو گونـاهکردن دەڕۆی، تۆش ئەو داواکارە درۆزنەیت.

## وەرع ( خۆپاراستن لە شتی گوماناوی ):

حەزرەتی شێخ (قدس الله سره) لە گوندێك دەژیا لە ئێران کە گوندەکە موڵکی خێزانێکی هەژار بـوو یـەکێك لەدەرەبەگـەکان داگـیری کردبـوو بۆیـە حەزرەتی شێخ (قدس الله سره) خواردنەوەی ئاوی ئـەو گونـدە یـان بـەکار هێنانی ئاوەکە بۆ هەر مەبەستێکی دیکە بێت لە خۆی حـەرام کردبـوو ، بـۆ دابین کردنی پێویستیەکانی ئاوی بەفری بەکاردەهێنا لە ماوەی ئەو چـەند ساڵەی لەو گوندە بوو، لەبەر ئەوەی وای دانابوو ئاوی ئـەو گونـدە حەرامـە چونکە لەخاوەنەکەی خۆی زەوت کراوە .

–حەمدی ساحیبقران وشێخ قادری شێخ کەریمی کەسنەزان:

دوای ئـەوەی حەمـدی سـاحێبقران لـە گونـدی (نـژمار) لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەلات ماوەیـەکی زۆر لــە مــاڵی شــێخ قــادری کرپچــنە مــابوەوە کــە هەردوکیان ئاوارەبون، دوای شەڕی دەربەندی بازیـانی سـالی ١٩١٩، دواتـر

ئینگلیزەکان لێبوردن بۆ حەمدی دەردەکەن و دەگەڕێتەوە بۆ سلیمانی، بەڵام لەبەرئەوەی حەمدی زۆر دۆست و نزیکی شێخ قادری شێخ کەریمی کەسنەزان بووە بۆیە ئەم شیعرەی بۆ شێخ قادر نوسیووە:

وا عەجەب ماوم کە ماوم بۆ بە بێ تۆ نامرم
وام ئەزانی کەڵکی ئانێ هیجری دولبەر ناگرم
شێخ و دەروێش و مورید و زاهید و پیر و جوان
گەر بە بێ عەشقت موسڵمانن ئەوا من کافرم
ئەم سەری ڕووتە لەبەر بێ قودرەتی عاشق نییە
تاجی خورشیدم لەسەر دایە کە شێتی **قادرم**
وەك مەجوسی عالەمێ سوجدە دەباتە عاشقت
چونکە سوتاوی فیراقی تۆم و پشکۆی ئاگرم
چونکە مونکیر زۆرە قوربان تۆ وەرە بنوێنە ڕوو
با قەمەر وەك سینە کەم قورسی ڕۆژیش داگرم
مەسکەنم مەیخانەیە مەستی شەڕابی ئولفەتم
حەزرەتی ساقی دەزانێ سیڕی قەلبی زاکیرم
تو خوا ڕەحمت ببێ ڕووی دڵ لە(حەمدی)کە دەمێ
با ببێتە مەزهەری نوری خوایی زاهیرم[٢٧٨]

---

٢٧٨ دیوانی حەمدی، لێکۆڵینەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین،چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی ل٣٠٢، ١٩٨٤

## - کەڕاماتەکانی

حەزرەتی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان کەڕاماتی بەناوبانگ و زۆری هەیە لەوانە :

—یەکێ لەدەرەبەگەکان و ستەمکارەکان دەست درێژی کردبووە سەر پیاوێکی سەید لە بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ ئەو سەییدە چوو بۆ لای حەزرەتی شێخ (قدس الله سره) سکالای خۆی لەو ستەمکارە کرد، ئەویش فەرمووی ئارامت هەبێت خودا ماوە دەدات بە ستەمکار بەڵام لە بیری ناکات تۆ لای ئێمە بمێنەوە سکالاکەت دەگەیەنیینە باپیرمان پێغەمبەر ﷺ دوای ماوەیەکی کورت خودا شێوەی جەستەی ستەمکارەکەی گۆڕی بە شێوەی جەستەی ئافرەت، دوو مەمکی لێ پەیدا بوو، دەنگ و سەروو چاوی گۆڕا، ستەمکارەکە ویستی بە هەموو شێوەیەك چارەسەری خۆی بکات بەڵام بێ سوود بوو. ناچار بوو کە بێت بۆ لای حەزرەتی شێخ (قدس الله سره) بەگریانەوە و دەیووت ئەمە لێدانی تۆیە بەمن کەوتووە دەستی کرد بەپاڕانەوە و دەی ووت من ستەمم لەو پیاوە سەییدە کرد، هەر دەپاڕایەوە تاکو حەزرەتی شێخ فەرمووی: بەڕاستی تەوبە بکە و جارێکی دیکە نەگەڕێیتەوە سەر ستەمکردن، خودا بەبەزەییە و لە گوناه خۆشدەبێت، ئەویش تەوبەیەکی ڕاستی کرد، جەستەی وەکو پێشوو گەڕایەوە شێوەی خۆی.

— پیاوێك لە ڕوسیا لەخەودا حەزرەتی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان (قدس الله سره) بینی ، بوو بە کەمەندکێشی حەزرەتی شێخ، ئەو پیاوە هەستا ڕووی کردە عێراق و لە ڕێگا نیشانەی ڕووناکایەتی دەبینی بۆ

پیشاندانی ڕێگاکە تاکو گەیشتە شاری سلێمانی و لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحمودەوە گیرا و تۆمەت بارکرا بەوەی کە سیخورە وە فەرمانی لە سێدارەدانی درا ، پێش کاتی لە سێدارەدانی شێخ مەحمود لەخەودا حەزرەتی شێخی بینی وە پێی فەرموو ئەوە موریدی منە بەری بدە. ئیدی شێخ مەحمود دووپیاوی لەگەڵ نارد. کە گەیاندیانە لای حەزرەتی شێخ پیاوە ڕوسییەکە موسڵمان بوو و تەوبەی لەسەر دەستی کرد، حەزرەتی شێخ ناوی نا (سیف الله ) فەرمانی دا بەفێرکردنی لەبارەی ئاین و تەریقەتەوە، ئێستاش نەوەکانی ماون لە سلێمانی، ناوی لە تۆمارگەی نفوسی سلێمانی بەناوی سیف الله شێخ قادر نوسراوە.

–حەزرەتی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان قدس سره بە ڕێیەکدا دەڕۆیی چاوی بەچۆلەکەیەکی مردار بووەوە کەوت موریدانی لەگەڵ دابوو بەیەکێك لەموریدانی فەرمووی ئەو چۆلەکەیەم بۆ بێنن فەرمووی ئەم چۆلەکەیە نەمردووە بەڵام زیکرەکانی لە بیرچووە هەندێك چرپەی دا بەگوێی چۆلەکەدا فووی لێ کرد چۆلەکەکە فڕی و ڕۆیشت.

–لە دێی کرپچنە پۆلیسێکی تورك هەبوو زۆر زیارەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری دەکرد. ڕۆژێك ژنەکەی وەفاتی کرد، پۆلیسەکە زۆر دڵتەنگ بوو هانای هێنا بۆ لای شێخ عەبدولقادری کەسنەزان قدس سره و قورئانێکی بە دەستەوە بوو ووتی: بۆ خاتری ئەم قورئانە ئەی سوڵتان عەبدولقادر بگە بەخێزانەکەم وەفاتی کردووە، حەزرەتی شێخ کە لەم بارودۆخە ئەم پیاوەی بینی قورئانی بەدەستەوەیە. بەپێی پەتی هەستا و بەڕاکردن بەرەو قورئانەکە لەبەر گەورەیی قورئان و فەرمووی مردووەکە لەکوێیە

ڕۆیشت بە دوای دا، و گەیشتە ماڵی پیاوەکە تەماشای کرد خەریکن دەی شۆن، فەرمووی داپۆشن بەس هەردوو چاوی بەدەرەوە بهێڵن کەچوو بۆ لای ئافرەتەکە عەسایەکەی بەرەو ڕووی ئافرەتەکە کردوو فەرمووی ان شا الله نەمردووە سێ جار دووبارەی کردەوە ئافرەتەکە چاوی کردەوە و گەڕاوە بۆ ژیان دوای ئەو پرسیاریان لەئافرەتەکە کرد لەبارەی مردنەکەیەوە ئەویش ووتی: ڕووحەکەم دەرچوو بەرەو ئاسمان دەنگێك هات دەی ووت بیگەڕێنەوە بۆ جەستەکەی خۆی لەبەر ئەوەی سوڵتان عەبدولقادری کەسنەزان داوای دەکات کە بەئاگا هاتم تەماشام کرد لە ناو ئێوەدام .

## وەفاتی:

حەزرەتی شێخ ( قدس الله سره العزیز) لە ئێران مایەوە تاکو لە ساڵی (١٣٤٠- کۆچی بەرانبەر ١٩١٩زایینی) کۆچی دوایی کرد و نازناوی بووە (غەوسی کۆچەر لەبەر ئایینی خودا (الغوث المهاجر في دین الله) وەکو باپیرەی پێغەمبەر ﷺ بوو کە لە شاری مەککە وە بۆ شاری مەدینە کۆچ کردووە. دوای خۆی کوڕەکەی خۆی بە شێخی ئەم تەریقەتە کە حەزرەتی غەوس سوڵتان حوسەێنی کەسنەزان (قدس الله سره العزیز) دانا. لەبەر داکۆکی کردنی موریدان تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ کوردستان لە دێی کربچنە بەخاکیان سپارد.

–وەفاتنامەی حەزرەتی شێخ قادر کەسنەزان لەلایەن سەید بەهائەدین شەمسی قورەیشی:

ڕەفێقانی تەریقەت بێن بە جارێ با ببین فانی
لە هیجرانی وەفاتی شێخ عەبدولقادری سانی
درێغا زاهیدی خەڵوەتنشین و شێخی مومتازم
ڕیفاعی مەشرەب و مەلەك تەریقی غەوسی گەیلانی
چراغی خانەدانی موستەفا و ئەرشەدی سادات
موتیعی دەوڵەتی ئیسلام موتیعی ئەمری یەزدانی
عوبودیەت مەقام و ئەحمەدی سیرەت مەلەك شێوە
نوفوسی عیسەوی دەستی یەد مووسا عیمرانی
سواری چاپوکی مەیدانی عیرفانی فەنا فی الله
ئەمینی زەهرەی قودسی ڕەفێقی ئەهلی ڕوحانی
سەداقەت حەزرەتی سدیق عەدالەت عومەری فاروق
تەریقەت حەیدەری کەڕاڕ حەیا مانەندی عوسمانی
لە فەیزا مەزهەری فەیزی جونەید و شیبلی و کەرخی
لە وەرعا کاکە ئەحمەد شێخ مەعروفی سولەیمانی
مەقامی زیکری و ناڵەی کەف و دەف تێکەڵی یا حەی
لە تەکیەی شێخدا سەیرە مەلایك دێنە سەیرانی
شەهی مەسنەدنشینی موڵکی فەقرە و جاهی دەروێشی
جبەی پەشمینی خۆی نادا بە تاج و تەختی سوڵتانی

قادر ئیبنولکەریم بوو گەوهەری ئەسڵی کەڕامەت بوو

چ گەوهەر گەوهەری فەخری بەشەر بێ مەعدەن و کانی

تەریقەت ڕوو سەداقەت گۆ حەقیقەت جو قەناعەت خوو

لە مەیدانی ڕەزای حەقدا نەبوو کەس مەردی مەیدانی

دەڵێن تەشریفی بۆ عوقبا لە دنیا کۆچی خێری کرد

باشە با بەسەر دا کەین قوڕی عالەم موریدانی

چ غەوغایە مەگەر فەوتی خەلیفەی غەوسی بەغدایە

سەدای شین و فەغان بەرزە لە عالەم دا لە هیجرانی

چییە دەروێش بڵێ ئەمڕۆ لە تەکیەی شێخی دەروێشان

سەدای زیکر و نەدای تەهلیل نییە وەك جاری جارانی

سەفای دنیا نەما شێخم کە تەشریفی لە دنیا چوو

بەهەشتی شاد و خوڕەم کرد سەفای دا حوڕ و غیلمانی

نەما سافی سەفای ئایینەکەی ئایین ئیسلامی

تەم و گەرد و غوباری دا بە مێرئاتی موسڵمانی

مورید و موخلیس و مەنسوب دەپرسن گەر لە حاڵی من

لە هیجرانا (بەهائەدین) دەباری خوێن لە چاوانی

لە شێخی کەسنەزانی گەر نەزانی کەی وەفاتی بوو

لەگەڵ شین و غەما بۆ خۆت خەریك بە تا کە دەیزانی

## حەزرەتی شێخ حوسەینی کەسنەزان (سوڵتان حوسێن) قدس الله سره

سوڵتان حوسەینی کەسنەزان لە ساڵی (١٣٠٦- کۆچی) کە دەکاتە (١٨٨٥- زایینی) لە دێی کربچنە لەدایك بوو. قورئان و زانستەکانی فیقهی خوێندووە، گەنجێکی تێکۆشەر بوو. لەوەرگرتنەوەی مافی چەوساوەکان لەستەمکاران زۆر ئازا بووە. زۆر بەتەنگ زیندووکردنەوەی حوجرە و فەقێیانەوە بووە. لە سەردەمەی ئەودا تیغبازی قەدەغە بووە و شێخ حەزی لی نەکردووە.

- حەزرەتی شێخ حوسەین قدس الله سره زۆر حەزی لەشاخ و کێو بوو زۆر تێیدا دەگەڕا تاکو پێیان دەووت سوڵتانی شاخەکان، زۆر دیندار و خوداپەرست بوو لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا بەردەوام بەڕۆژوو بوو وە زۆر سەخی و بەخشندە بوو، ئەوەی دەستی بکەوتبایە دەیدایە هەژاران و بێ باوکان و بێوەژنەکان، ڕۆژێکیان بێوەژنێك داوای هەندێك پارەی کرد بۆ منداڵەکانی، لەو کاتەدا حەزرەتی شێخ حوسەین (قدس الله سره العزين) هیچی نەبوو لە پارە و سامان ددانێکی کە زێڕ بوو لەدەمی خۆی کێشایەوە و پێی دا بۆ ئەوەی بیفرۆشێت و پارەکە بۆ منداڵەکانی سەرف بکات، حەزرەتی شێخ دوای نیوەشەو ڕووی دەکردە ئەو کێوانە بۆ خوداپەرستی و لەنێوان دڕك و داڵدا پاڵی دەدایەوە تاکو بەیانی بۆ ڕاهێنانی نەفسەکەی، بەشێك لەسامانی تایبەتی خۆی وەك مانگانە بڕیبووەوە بۆ چەند خێزانێکی هەژار و بێ باوك لەگەڵ ئەوەشدا خواردنی تەنها نانی جۆ و گوژاڵك بوو.

**فەرموودەكانی :**

—تەریقەتی ئێمە پشتی بەستووە بەقورئان و سونەت ، خۆشەویستی ڕەوا و خاوێن كردنەوەی دەروون، ڕاستی و ئارامگرتن لەسەر ناخۆشی و موسیبەت و وەفاداری لە بەڵێندانـدا وەدڵخۆش نەبوون بەموسیبەتی موسڵمانان، چاكە بكە بەرامبەر خراپە و بەزەیی هاتن بەبێ باوكان و تێركردنی برسی و پۆشاك كردنی هەژاران پشتگیری كردنی چەوساوەكان و دووركەوتنەوە لەستەمكردن.

—ئەی مورید لەخۆشەویستی دونیا دوور بە لەبەر ئەوەی خۆشەویستی دونیا خوداپەرستی تێكدەدات چۆن سركە هەنگوین تێك دەدات، ئەی موریدی من! لەگەڵ ستەملێكراوان بە. وە لەگەڵ ستەمكاران مەبە، دونیا لەگەڵ كوفر بەردەوام دەبێت بەڵام لەگەڵ ستەم بەردەوامی نییە.

—دەیفەرموو ئەی مورید دەرگای خودا بەرمەدە و ڕووی دڵەكەت بكە لە پێغەمبەر ﷺ داوای یارمەتی لێ بكە لە ڕێی شێخەكەتەوە. بەدڵسۆزیەوە لەگەڵی ببە بۆ فێر بونی ئادابەكان (ڕەوشتەكان )، قسە كەم بكە لەكاتی حازر بوونی دا .

— ئامۆژگاری برایەكانت بكە و دڵیان پێكەوە ببەستە بەخۆشەویستی، دڵەكەت ئاوەدان بكە بەزیكر كردن، بە زیكری خوا خۆت بڕازێنەوە. پشت بەخودا ببەستە و ئارام بگرە لەوەی توشت بووە. زۆر سەڵاوات لە پێغەمبەر ﷺ بدە. لەماڵی خۆت دابنیشە زۆر مەڕۆ بۆ بازاڕ و شوێنی خۆشی. دەست بگرە بەگوریسی خوداوە، هەركەس وازی لە دونیا هێنا ئەوە خۆشی دەست دەكەوێت، ڕێز لەمیوان بگرەو بەزەییت بەخێزانەكەت

و منداڵەکانت و خزمەتکارەکەتدا بێت، لەهەموو کارێکدا زیکری خـودا بکـە. دڵسۆز بە بۆ خودا لە ئاشکراو نهێنی. وەکـردەوەی بـاش بکـە بـۆ دوا ڕۆژت (قیامەت). ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ ئەی مورید، چەند پێویستیمان هەیە بە ئامۆژگارییەکانی لەم ڕۆژەدا.

## خزمەت کردنی بە ئەهلی فەقێ و زانایان :

حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسەین کەسنەزانی قوتابخانەیەکی ئـایینی لـە دێی کربچنە درووسـت کـرد و لەسـەر مەسرەفی خـۆی چـەند مامۆسـتایەکی ئاینی و قوتابی دابین کرد بۆ خوێندنی حەدیس و ڕێزمـان و فیقـه و زانسـتە ئاینییەکان، ژمارەی ئەو قوتابیانە کـە لـەو قوتابخانەیـە دەیـان خوێنـد لـە بیسـت قوتـابی زیـاتر بـوو وە سـاڵانە لـەم قوتابخانەیـە چـەندەها زانـا دەردەچوون کە شارەزا بوون لەزۆر بواری زانستدا.

## کەرامەتەکانی:

-حەزرەتی شێخ بە موریدێك کە ناوی (عەزیزە)وتووە، بڕوات بۆ موسـڵ بـۆ ئیرشـاد کردنـی خـەڵکان ئـەم موریـدە هـەژارە لـەدڵی خۆیـدا لەگـەڵ حەزرەتی شێخدا کەوتە قسـە کـە بـێ توانایـە و زمـانی عـەرەبی نازانێـت و ڕێگای موسڵ شارەزا نییە، لەگەڵ ئەمەشدا داوای لێ کرا بڕوات و موریدێکی شەل لەگەڵ خۆی ببات کـە لـەو بـێ تواناتـرە، کارەکـەی زیـاتر ئـاڵۆز کـرد لەسەری، سـەفەرکردن لـەو کاتـەدا ئاسـان نـەبوو نـە ئوتومبێـل هـەبوو وە نـەقیرتاو، دەبێـت یـان بـەپێ بـڕۆن یـان بەسـواری وولاغ، بـەڵام بەئاسـانی

گەیشتە  شاری موسڵ، ئەوهایە فەرمانی خودا بۆ ئەوەی ئیرشاد بکات لەوێدا. ئەم دوو دەروێشە چوونە ماڵی پیاوێکی هەژار لەکەلاوەیەکدا، دراوسێی ئەم هەژارە ماڵێکی مەسیحی بوون کە پیرەژنێکی نەخۆشیان هەبوو کە دەساڵ بوو لەسەر جێ بوو، کەزانیان ئەم دوو موریدە هاتوون، چوون بۆ لایان و داوای دوعایان لێیان کرد بۆ چاکبونی نەخۆشەکەیان وە وتیان ئەگەر نەخۆشەکە چاك ببێتەوە ئەوە پەنجا لیرەتان دەدەینێ، ئەوانیش وتیان ئێمە کاروکردەوەمان تەنها بۆ خودایە و پاداشتمان لای خودایە، کە پیرەژنەکەیان هێنا خەلیفەکە گۆچانەکەی گەیاندە نەخۆشەکە و دوای داواکردنی یارمەتی لە حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسێن (قدس الله سره) بە ئیزنی خودا نەخۆشەکە هەستاوە سەرپێ و چاك بوەوە کە خەڵکی موسڵ ئەمەیان بیست زۆر خەڵکی ڕوویان لێ کردن و هەر لەوانەی نەخۆش بوون و پێداویستیان هەبوو، هەندێ لەئەهلی تەریقەتەکانی دیکە پێیان ناخۆش بوو داوایان لێیان کردن کەموسڵ بەجێ بهێڵن.

– یەکێك لەخەڵکی ئەستەمبول لە تورکیا نەخۆش بوو. لە زۆربەی پایتەختەکانی ئەوروپا هاتووچۆی لای پزیشکی دەکرد بەلاّم بێ سود بوو، شەوێك لەخەویدا پیاوێك هات پێی ووت: وەرە بۆ کرپچنە لە عێراق دوای تەریقەت وەرگرتنت چاك دەبیتەوە، کابرا کە لە خەو هەستا بڕیاری بەرەو کربچنە بێت، کە گەیشتە کرپچنە، حەزرەتی شێخی  بینی، کە لەگەڵ موریدەکانی خۆی دانیشتبوو، ئەو پیاوەش خۆی دا بەسەر دەستی دا و دەستی ماچ کرد، بە ماچکردنی دەستی دەی ووت تۆ منت بانگ کرد، ئەوە هاتم حەزرەتی شێخ فەرمووی تەریقەت وەربگرە و بڕۆ خەڵوەتەوە چل ڕۆژ

چاك دەبیتەوە ئەویش فەرمانەكانی حەزرەتی شێخی بەجێ هێنا و چاك بوەوە .

–موحەممەد خان سلێمان یەكێك بوو لە سەردارەكانی هۆزی جاف، زەكاتی نەدەدا و وەنەدەچوو بۆ حەج كە فەرز ببوو لەسەری، هات بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ لە كرپچنە پێنج لیرەی لەناو پەڕۆیەكدا دای بەیەكێك لەموریدانی حەرزەتی شێخ بۆ تەكیەكە كە لیرەكانیان لەبەردەمی شێخدا دانا، فەرمووی ئەم لیرانە بنێرنەوە بۆ موحەممەد خان سلێمان پێی بڵێن تەكیە پارەی حەرام قەبوڵ ناكات، با زەكاتەكەی بدات و حەجی لێ بكات ئەو كاتە چی دەداتە تەكیە بابیدات .

–خەلیفە مەحمود لەگەڵ هەندێك مورید لەچەمچەماڵەوە دەڕۆیشتن بۆ كرپچنە بۆ زیارەتی حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسەین (قدس الله سره) هەندێك پارەی تەكیەیان پێ بوو كوڕی خەلیفە كە ناوی موحەممەد بوو ڕۆیشت دەرمان چای كڕی بۆ تەكیە لەو پارەیە عانەیەك(عانە چوار فلسە)مابوەوە، خەلیفە بە كوڕەكەی ووت بڕۆ بەو پارەیەیش دەرمان چای بكڕە بۆ تەكیە، پارەی تەكیە لای خۆت مەهێڵەوە ئەویش ڕۆیشت دەرمان چای پێ كڕی كە گەیشتە لای حەزرەتی شێخ و زیارەتیان كرد، حەرزەتی شێخ سەری بەرز كردەوە و فەرمووی: ئەی خەلیفە مەحمود پیرانی تەریقەت ماڵی تەكیەییان لێ ون نابێت ئەگەر عانەیەكیش بێت، چونكە ماڵی تەكیە هی هەژارەكانی ناو تەكیەییە و ماڵی موسڵمانانە.

– شێخ موحەممەد ساڵحی كوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری كەسنەزان دەڵێت: لە مەجلیسی حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسەین(قدس الله

سره) ئاماده بووم پـێش ویـردی عەسـر، شـێخ موسـتەفای شـێخ ئەحمـەد دەکاتـە ئـامۆزای سـوڵتان حوسـەین و بەسـوڵتان حوسـەینی ووت ویـردی عەسر زۆرە و گرانـە لەسـەر موریـدان، حـەزرەتی شـێخ سـوڵتان حوسـەێن (قــدس الله ســره) فــەرمووی: ئــەم ویردانــە فــەرمانی حــەزرەتی شــێخ عەبـدولقادری گەیلانیـە (قـدس الله سـره) ئـەو پرسـیارەی دووبـارە و سـێ بارەوە کرد لە حەزرەتی سوڵتان حوسەین(قـدس الله سـره)ئـەویش هـەمان وەڵامی دەدایەوە کە زیکری عەسر دەستی پێ کرد بینیمان بازێك (ئاماژەیە بۆ حـەزرەتی گـەیلانی چـونکە ئـەو بـە بـاز اللـە مەشـوورە.) هـات لەسـەر دیوارەکـەی پشـتی سـوڵتان حوسـەێن نیشـتەوە و لەوێـدا مایـەوە تـاکو گەیشتیینە کۆتایی زیکرەکە یـارحیم ئـەو کاتـە فـڕی و ڕۆیشـت. حـەزرەتی شـێخ سـوڵتان حوسـەین فەرموویيـە شـێخ موسـتەفا پرسـیارت پـێ مـاوە ئەویش ووتی نەخێر وەڵامەکەم زانی.

– لە مەلا نەجمەدینەوە ئەویش لەحەمە قییتـەوە کـە موریـدی سـوڵتان حوســەین بــوو (الله ســره) دەڵێــت: ســەگەکانی کربچــنە هــەموو ڕۆژ کۆدەبوونەوە لای قەبرستانەکەی کربچنە و دەحەپین وەك ئەوەی شتێکیان بینی بێت یان گوێیـان لـە شـتێك بێـت حـەزرەتی شـێخ سـوڵتان حوسـەین فــەرمووی: ئــەوە بــەفلان کــەس دەوەڕن (دەحــەپن) کــەپارەی شــیربایی کچـەکانی دەخـوارد و ئێسـتاش لـەناو قەبرەکەیدایـە ، ئـەو کابرایـە ڕۆژێـك لەژیانی دا خزمەتی کردووم وەرن لەگەڵم بابچینە لای قەبرەکەی دوعای بـۆ بکەین بەڵکو خودا بەزەیی پیادا بێت و لێی خۆش بێـت، کـەنزیك بوینـەوە لەگۆڕەکەی حەزرەتی شێخ فەرمووی گوێ بگرن، ئێمـەش بـەگوێی خۆمـان

دەمـان بیسـت کـە سـەگێك لـەناو گۆڕەکـەدا دەحـەپێت، حـەزرەتی شـێخ سوڵتان حوسەین (قدس الله سره) دوو ڕکعات نوێژی کرد و دوعـای بـۆ کـرد دوای کەمێك دەنگەکە نەما ئێمەش زۆر دڵخۆش بووین وە لەگەڵ حـەزرەتی شێخدا گەڕاینەوە.

## وەفاتی شێخ:

حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسـەینی کەسـنەزان (قـدس الله سـره العزیـز) لەساڵی (١٣٦٠–کۆچی) بەرانبەر (١٩٣٩–زاینی) دونیای بـەجێ هێشـت بـۆ جیهانی دیکە. دوای دەست نیشان کردنـی حـەزرەتی شـێخ عەبدولکـەریمی برای (قـدس الله سـره) بـۆ شـێخایەتی ئـەم تەریقەتـە، دەرچـوونی لـەدونیا کاریگەریی زۆر بوو لەسەر موریدان بەتایبەتی و موسـڵمانان بەگشـتی لەبـەر ئەوەی ئیسلام پیاوێکی گەورەی لەدەسـت دا لـەو کاتـەی کـە ئیسـلام زۆر پێویستی بەو جۆرە کەڵەپیاوانە بوو کە خزمەتی ئایینی ئیسـلامیان دەکـرد بە گەورەترین خزمەت.

مەلا حەسەنی نەوحی بە بۆنەی وەفاتی سەید سـوڵتان حوسـێن لـە ژێـر ناوی (شیوەن بۆ شێخ حوسێن شێخ قادری کربچنە)[279] نوسیویەتی:

گـەوهـەری جـەرگـی نـەبـی چـاوی شـەریعەت ڕۆیی
ڕاگــری شـــەرعی نـەبـی پـــیـری تـەریــقـەت ڕۆیـی
ئـیـنـس و جـن وا لە گـرین، بێجگە لە دەروێشانی

---

279 دیوانی مـەلا حەسـەن نـەوحی زەنگنـە، ئا.هـەردەوێڵ کاکـەیی، چـاپخانەی شڤان،٢٠١٠ چاپی یەکەم، لا٣٤٢.

بــۆ ئـەبـێ زاری نـەکـەن چـۆمـی حەقـیـقەت ڕۆیی
چـیـیـە ئــەم شــۆڕش و گـریانــە لـە نـاو کوردانا؟
زاهـیـدی پـاك سـروشـت، خـێـوی وەدیعەت ڕۆیی
ڕۆژی دوو شـەممەی زولـحیجە، لە شانزەیی مانگا
گـیـانـی بۆ بـاغی بەهەشت ئەو بە حەقیقەت ڕۆیی
حەزرەتی شێخ حوسێن گەوهەری نوتەی حەسەنەین
ئـەو لــە ڕووبــاری شــەریـعـەت بــە غەریقەت ڕۆیی
(نەوحی) مێژووی وەفاتی (شەبەهی غەم)[٢٨٠]،وا دانا
ئــەو نــەزیــرە لــە شـەریـعـەت کـە بەشیرەت ڕۆیی
پیرەمێردی شاعیر لەژێر ناونیشانی(کەسنەزان) لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٧٨ی ساڵی ١٩٣٩دا بەمجۆرە شیوەنی بۆ سوڵتان حوسێن کردووە:
ئــازیـــز مـوشـتـاقە، ئازیز مـوشـتـاقە
دڵ هێند بۆ تەواف کەعبەت موشتاقە
ســەیـرم نــەمــاوە، تــاقــەتـم تـاقـە
لــەشــم ســووتـاوی گــڕەی فـیـراقە
گــیـرۆدەی ئــازار دەوری ئــافــاقـە
هـەر چــەند تەکلیفی (ما لا یطاق)ە

٢٨٠ شەبەهی غەم بە ڕێنوسی کۆن(شبهی غم) بـە حیسـابی ئەبجـەدی دەکاتـە ١٣٥٧ك.

قـوربــان جــارێـکـەو بـە ئـیتتیفاقـە
هـەر تـایـێ لـە تەوق زوڵفەکەت تاقە
بـیکـە بـە کەمەند بـۆ ئەم عوششاقە
تــاقــی ئـەبرۆت بۆ سوجدە ڕەواقە
میــحرابی سـەفای قوڕبی خـەلـلاقە
ســەودا خــۆراکی ڕۆحی عـوششاقە
ئـەوی بـێ عەشقە، هەر بێ ئەخلاقە
بــەو مــانگەی کەوا دوور لە مەحاقە
(کەسنەزان) بۆ دین دیدەت موشتاقە
بە مەرگت قەسەم وادەی مەرگم هات
ئــەمــڕۆ، ســبــەیـە منیش دێمە لات
ڕەشـــۆڵ، قــەتــارێ مــردن بەجێیە
ساقی! تـۆش جامێ یار چاوەڕێـیـە

## ٣٣٦-حەزرەتی شێخ عەبدولکەریمی کەسـنەزان (قدس الله سره)

حــەزرەتی شـێخ عەبدولکــەریم کـوڕی شـێخ عەبـدولقادری کەسـنـەزان لەساڵی (١٣٣٦-کۆچی) ڕێککەوتی ( ١٩١٥-زاییـنـی) لـەدایك بـوە لـە دێـی کڕپچنە لەبنەماڵەیەکی ئاینی و باوکی شێخی تەریقەت و ئیرشاد بووە، دوای باوکی و براکەی کە سوڵتان حوسەین بوو واتە حەزرەتی شێخ عەبدولکەریم پــەردوەردەکراوی دەسـتی دووشـێخی گـەورەی بـەڕێز بـوو (الله اسـرارهم)، هەرلەمنداڵییەوە بەخشیندە و دڵ ناسك بوو .

دەگێڕنەوە کە منداڵ بوو داوای بەرخی لە باوکی دەکرد کەسەری ببڕێت و بیداتە منداڵەکانی دێیەکە کە هەموویان هاوڕێی بوون، هەندێك لەپیاوان هەوڵیان دەدا داواکارییەکەی بەرپەرچ بدەنەوە، حەزرەتی شێخ عەبدولقادری کەسنەزان(قدس الله سره العزین)دەیفەرموو: داواکەی جێ بەجێ بکەن ئەو مندالآنە مافیان هەیە لەسەری ئەوەی عەبدولکەریم دەیبینێت ئێوە نایبینن، ئەو مندالآنەی کەزۆر خۆشیانی ویستووە منداڵە بێ باوکەکان و هەژارەکان بوو حەزی دەکرد خزمەتیان بکات هێشتا کەتەمەنی نەگەیشتبووە (١٠) ساڵ وە زۆر جار لەخواردنەکەی خۆی پێ دەدان.

– دواتر کە پێگەیشت مەشقی لەسەر سواری ماین کرد بووە سوار چاك، کە دەچوو بۆ ڕاوکردن زۆربەی کات کەسی لەگەڵ خۆی نەدەبرد لەبەر ئەوەی حەزی لەتەنیایی بوو، زۆر پابەند بوو بەقورئان و سونەتی پێغەمبەر ﷺ، حەزی لەخوداپەرستی و تەنیایی بوو و تێکۆشانی لەگەڵ نەفسدا دەکرد تاکو پلەیەکی بەرزی ویلایەتی بەدەست هێنا، حەزرەتی شێخ سوڵتان حوسەین (قدس الله سره) زۆر خۆشی دەویست چونکە گەورەیی و بێ فیزی و توانادار‌ی لەخزمەتکردنی ئایینی تێدا دەبینی، زۆر جار لەگەڵ خۆی دەی برد کە دەچوو بۆ شاخ بۆ خوداپەرستی چەندەها ڕۆژ و شەو لەگەڵیدا دەمایەوە. بووە ئەو کەسەی کە بتوانێ هاوڕێیەتی شێخ بکا لەخەڵوەتدا زۆریش خزمەتکردنی سوڵتان حوسێنی کردووە تاکو وای لێ هات لە ڕۆژانی دوایی تەمەنی حەزرەتی شیخ سوڵتان حوسێن (قدس الله سره العزین) بووبە وەسیلە لەنێوان حەزرەتی شێخ(لەخەڵوەتدا بوو) لەگەڵ

موریدەکانی .حەزرەتی سولّتان حوسەێن بە شێخ عەبدولکریمی فەرموو: تۆ بــۆ بــەڕێوەبردنی کاروبــاری موریــدان دانــراوی، بەمشــێوەیە شــێخ عەبدولکەریمی لەسەر بەرماڵی شێخایەتی دانا کە هێشتا خۆی لە ژیاندا بـوو و فـەرمانی بەموریـدان کـرد کـە ڕوو بکەنـە شـێخە تازەکـەیان و ئاگـاداری کردنەوە هەموو کارو فەرمانی تەریقەت و ئیرشاد بەدەستی حەزرەتی شـێخ عەبدولکەریمــە (قــدس الله ســره)بــەلاّم خــۆی واتــە ســولّتان حوســەینی کەسنەزان (قدس الله سره) لە خەڵوەتکردن مایەوە تاکو وەفاتی فەرموو و ڕۆیشــت بــۆ لای خــودای خــۆی ، موریــدان لــەدەوری حــەزرەتی شــێخ عەبدولکەریم کۆبونەوە ئیدی شێخ بە چاکترین شـێوە کاروبـاری موریـدانی بـەڕێوەدەبرد، حـەزرەتی شـێخ سـولّتان حوسـەین (قـدس الله سـره) پـێش وەفات کردنی وەسیەتی کرد فەرمووی پێغەمبەرم ﷺ لەخەودا بـینی شـێخ عەبدولکەریمی دەست نیشان کرد لە جێگای من.

## سیفەتەکانی:

نمونەیەکی سولّتان حوسەین و بـاوکی و بـاپیرەی لـە کەسـایەتی  شـێخ عەبدولکەریم دەرکەوتبوو، زاتێکی بەخشندە و ئـازا و سوارچـاك و لەشـێکی بەهێز و چاونەترس بوو، نیشانەی شکۆداری و  سام و هەیبەتی پـێوە دیـار بوو لەگەڵ ئەمەشدا ئارامگر بوو کینە و توڕەیی لەگەڵ کەسـدا نـەبوو تـەنها لەسـنوری شــەریعەتی خــودادا نــەبێت، فــەرموودەکانی بەئاشــکرایی و بــە کورتی ڕوون دەکردەوە، ئەگەر لەبارەی خوایەتی یەوە قسەی بکردایە  زۆر خـۆش حــاڵ و نــەرم بــوو و دانیشــتن لەمەجلیســیدا دڵانــی دەبــرد بــەرەو

خۆشەویستی خودا، هەژاری خۆش ویستووە لەگەڵیاندا دادەنیشت، قسەی خۆشی لەگەڵیان دەکرد و دەیدواندن و لە خۆی نزیکی دەکردنەوە، لەگەڵ بێ باوکان و بێوەژنەکان بەڕەحم بوو، وە زۆر یارمەتی دەدان. ستەم کاران و خۆبەگەورەزانەکان نەدەهاتنە مەجلیسەکەی لەترس ئەوەی ئاشکرای دەکردن لەمەجلیسەکە تەنها ئەوانە نەبێت کە تەوبەیان کردووە و گەڕانەتەوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە.

**سنگ فراوانی و میهرەبانی** : تەوبەکاری زۆر خۆش ویستووە و دڵی پێ خۆش بووە و دوعای خێری بۆ کردووە، زۆر بەزەیی بووە بۆ موریدان بەنەرمی و میهرەبانی بەرەو شەیدای خودا دەستی گرتوون. زۆر جار لەستەمکاران خۆش بووە، ئەگەر یەکێك سکاڵای بکردبایە لەستەمکارێك حەزرەتی شێخ دەیفەرموو ئارام بگرە خودا ئێمە و ئەو دەبینێت، داوا لەخودا دەکەین هیدایەتیان بدات، کەفەرموودەکەی دەگەیشت بەگوێی ستەمکارەکان یەکسەر دەهاتن و تەوبەیان دەکرد، چونکە حەزرەتی شێخ (قدس الله سره) دەرمانی چارەسازی نەخۆشییەکانی دەزانی لەفەرموودەکانیدا هەڵمەتێکی ڕەوای تێدا بوو کە ستەمکارانی دەهەژاند، ئای لەو دەنگە ڕووحیە کە چۆن ناڕەوای پوچەڵ دەکردەوە .

**پشت بەستنی( تەوەکول )**: بەردەوام پشتی بەخودا بەستبوو داوای هەر شتێکت بکردایە دوای دوعاکردن دەیفەرموو خودا بەخشندەیە (خودا کەریمە کورِم، پەنا بە خوا) ، ئەو ووشەیە چارەسازی هەموو نەخۆشییەك بوو، لە بارەی دونیاوە زۆرجار موریدانی ئاگادار دەکردەوە.

**گۆشەنشینی بۆ خودا پەرستی:** لەژوورێکی بچوکدا کەتایبەت بوو بەخۆی حەسیرێکی تێدا داخرابوو لەسەری دادەنیشت و لەپێشی دا مێزێکی بچوك کە قورئانێکی لەسەر بوو وە لەپشتییەوە شمشێرێك کرابوو بەدارەوە زۆربەی ڕۆژەکانی بەقورئان خوێندن و ویردەکان بەسەر دەبرد و زۆر نوێژی دەکرد بەتایبەتی نوێژە سونەتەکان کە زۆربەی کاتەکان ئەو کرنۆشەی دەبرد دوای نوێژی سونەتی مەغریب سەری بەرز نەدەکردەوە تاکو بانگی نوێژی عیشا و بەشەوان گوێت لەگریانی دەبوو، بەشەوان کەم دەنوست زۆر لەخودا دەپاڕایەوە، زۆر دەگریا کەم پێ دەکەنی، زۆربەی کاتەکانی بە ڕۆژوو بوو ، بەئاو ڕۆژووی دەشکاند و زۆر بەکەمی نانی دەخوارد بەڵام زۆر چای دەخواردەوە .

**دونیانەویستی:** هەرگیز دونیای نەویستووە، وە فەرموودەی زۆر لەبارەی زوهدەوە کە دەیفەرموو دونیا دەست لێدانی زۆر نەرمە بەڵام ددانەکانی تیژە و زمانەکەی ژەهراوییە و سەرمایەمان ئەوە نیە کە بۆ دونیاویستن دروستکرابین بەڵکو بۆ خوداپەرستی دروست کراوین وەك خودا فەرمووی ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) الذاريات ﴾، زوهد لەو پۆشاکە دەبیندرا کە لەبەریدا بوو ، بەساڵ زیاتر هەر ئەو پۆشاکەت لەبەری دەبینی، حەزی لەجل و بەرگی نوێ نەبوو و پێڵاوەکانی ئەو جۆرە بوو کە لە لۆکە دروست دەکرا، ئەوانەی زۆر هەژار بوون لەپێیان دەکرد، لەهەر شوێنێك دابنیشتبایە داوی جل و بەرگەکەی هەڵدەوەشایەوە، بەبەردەوامی باسی زوهدی دەکرد فەزلی دەدا بەسەر دەوڵەمەندی و دەست ڕۆیشتندا، خۆی پشتی لە دونیا کردبوو خەڵکیشی ئاگادار دەکردەوە

لەدونیا، ئەمە بەرەکەتی دانیشتنە لەمەجلیسی دینداراندا ، ئەوەی لەگەڵ ئەهلی دونیادا دابنیشێت کە هەستا لەو دانیشتنە بەشێك لە خۆشەویستی دونیا دەبات لە گەڵ خۆی دا ئەوەیشی لە گەڵ ئەهلی دواڕۆژدا دابنیشێت ئەویش کە هەستا بەشی خۆی دەبات لەو خۆشەویستییە.

## کۆچکردن و ئیرشادکردن

حەزرەتی شێخ عەبدولکەریم (قدس الله سره) کۆچی کرد بۆ دێی میرخاو لە ئێران. لەوێدا بەهەزاران مورید لەدەوری کۆبوونەوە، دەستیکرد بە ئیرشاد کردنی خەڵکی و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی تەریقەت لە نێو خەڵکیدا و لەوێدا ماوەی ساڵێك مایەوە، پاشان کۆچی کرد بۆ شاری سنە لەوێش ماوەیەك مایەوە بەهەزاران خەڵکی تەریقەتیان وەرگرت و چەندەها خەلیفە[٢٨١] و تەکیەی بۆ دانان و ڕێنماییە ڕاست و دروستەکانی بۆیان بە جێ هێشت تاکو ئێستاش نەوەکان لەباوکانەوە و ئەوانیش لە باپیرەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، پاشان چوو بۆ شاری مەشهد زۆربەی سەرۆك هۆزەکان بوون بەموریدی حەزرەتی شێخ (قدس الله سره العزیز) بەهەزاران لەموریدان کۆبونەوە لای تاکو وای لێ هات زۆر زەحمەت بوو ڕۆیشتنی لەلایەکەوە بۆ لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی بە هەزاران مورید لەگەڵیدا دەبوون بۆ هەر جێگایەك بڕۆیشتبایە.

---

٢٨١ خەلیفە: شوێنگری شێخە و براگەورەی موریدانە لە تەکیەدا بەڵام تەنها لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە، لە کاروباری ڕوحی هەروەکو موریدەکانە.

- له زۆر جێگا له ئێران گەڕا تاکو چووه شاری تارانەوه لە هەموو جێگایەکدا تەکیەی بۆ خەڵك کردەوه و ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان بەگشتی دەکرد وه دوای ئەوەی لەتاران چاوی بەزۆر خەڵك کەوت و ئیرشادی کرد و گەڕایەوه بۆ دێی میرخاو، پاشان بۆ شاری پێنجوێن لە عێراق و لەدێی بوبان(نزیك سنوری عێراق و ئێران) تەکیەی دانا و خانویەکی بۆخۆیی و منداڵەکانی دروست کرد. بانگی خەڵکی دەکرد بۆ وازهێنان لەدونیا و ویستنی دواڕۆژ بەملیۆنەها مورید شوێنکەوتووی بوون لە ئێران، ئەفغانستان، پاکستان و هندستان تاکو گەیشتە ئەفریقیا وەك ولأتانی زامبیا و لە هەموو شوێنەکان تەکیە کرایەوه و خەلیفەکان دەستیان بەئیرشاد کردن کرد .

- پاشان کۆچی کرد بۆ دێی کربچنه که جێگای باوو باپیرانیەتی لەوێش ماوەیەك مایەوه و پاشان کۆچی کرد بۆ شاری کەرکوك لەوێدا جێگیر بوو، دوای ئیرشاد کردنی لەچەند شارێکی دیکە وەك بەغدا و موسڵ و حللە و نەجەف و ڕوومادی و تکریت هەولێر و سلێمانی و شاری دیکە، لەو پارێزگایانە چەندەها تەکیەی دروست کرد وه لەکاتێکدا لەکەرکوك بوو زۆر لەموریدانی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ حەج کردن و زیارەتی پێغەمبەر ﷺ.

## کەڕاماتەکانی :

کەڕاماتەکانی حەزرەتی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی زۆرن کە لەژماردن نایەت چونکه هەموو ژیانی کەڕامات بوو بۆ خزمەت کردنی ئیسلام و موسڵمانان.

– لێـرەدا باسـی هەنـدێك لـەو کەڕاماتانـە دەکـەین کەلەسـەر دەسـتی موریدەکانی جیٚ بەجیٚ دەبێت دوای مۆڵـەت دانیـان بەهەسـتانی ئـەو کـارە لەلایـەن حـەزرەتی شـێخ عەبدولکەریمـەوە قدس الله سره وەك گـرتنی کارەبـا و خواردنی مار و دووپشکەو بەگوللـەی تفـەنگ لـەخۆدان و خەنجـەر داکوتـان لەسەر تەپڵی سەر و لێدان بە شمشـێر و زەرگ و چـوونە نـاو ئـاگر، لەگـەڵ کەڕاماتی دیکە کە جیٚ بەجیٚ بوو بەدوعای ئەو وەك چاك بوون لەنەخۆشـی شێرپەنجە(سـەرەتان) وە نـەزۆکی و خـوو (صـرع) و نەخۆشـییەکانی دڵ و خەمۆکی و شێتی و زۆر نەخۆشی دیکە .

–یەکێك لە موریدان حوکمی زیندانی کردنی بە بیست ساڵ بە سەردا درا لە بەندینخانەی شاری ڕومادی لە بەرئەوەی کەس و کاری موریدەکە زۆریان داوا لە حەزرەتی شێخ کرد، حـەزرەتی شـێخ نامەیـەکی نـارد بـۆ یـەکیٚ لـە خەلیفەکانی ڕومادی داوای کرد یارمەتی بەند کراوەکە بدەن بۆ ڕزگـاربوونی لە بەندینخانە، سەرسوڕمانی خەلیفەکە لەوەدابوو کاتیٚ زانی کـە موریدەکـە سیٚ ساڵە لە بەندینخانەیە بەڵام بە هیمەتی حەزرەتی شـێخ پـاڵی پێـوە نـا کە بچێت بۆ ئەو بەندینخانەیە چوو بـۆ لای بەڕێوەبـەری ئـەو بەندینخانەیـە پرسیاری کرد کە چەند دەبێت ئەو موریدە لـە بەندینخانەیـە ئـەویش ووتـی دوای پشکنینی تۆمارگاکانی بەندینخانە وا دەرکەوت کە بـەیانی ماوەکـەی تەواو دەبێت وئازاد دەکرێت کە بەیانی هات خەلیفەکە چوو موریدەکەی لە بەندینخانە هێنایەماڵەوە.

–کاتێك حەزرەتی شێخ (قـدس الله سـره العزیـز) لـە ژوورەکـەی هاتـە دەرەوە بینـی یـەکێك لـە سـەرۆك هۆزەکـە بـە سـەر دەسـتی کـەس و

کارەکەیـەوە هێنایانـە نـاو تەکیـەوە ووتیـان پزیشـکەکان ووتویانـە ئەمـە نەخۆشـی شـێرپەنجەی هەیـە و چارەسـەری ناکرێـت، کـە حـەزرەتی شـێخ چاوی بـە نەخۆشـەکە کـەوت فـەرموی: ئەمـە نەخۆشـی شـێرپەنجەی نییـە بەڵکو کاریگەری ژەهرێکە تووشی بـووە پـێش چـل سـاڵ ئـەوانیش ووتیـان بەڵێ لەو کاتەدا مار پێوەی داوە وەحەزرەتی شێخ فەرمووی شیری بدەنێ و لە تەکیە دابنیشێ بەئیزنی خودا چاك دەبێتەوە، چەند ڕۆژێك نەخۆشەکە لەوێدا مایەوە و چاك بوەوە وەك ئەوەی هەرگیز نەخۆش نەبوبێت .

–حەزرەتی شێخ عەبدولکـەریم (قـدس الله سـره العزیـز) مـاڵی لـە دێـی (ئۆمەرۆغان) بوو، کە سەر بەناحیەی قەرەداغە لە سلێمانی و کۆمـەڵێك لـە زانا بەڕێزەکانی سلێمانی میوانی بوون و باسی کەڕاماتیان کرد کـە ئیمـامی عومەری کوڕی خەتاب چۆن بانگی ساریەی کرد (سـاریە الجبـل) حـەزرەتی شێخ زەردەخەنەیەکی کرد ووتی ئەمە ئاسانترین کارە لای ئەولیاکان ئەگەر دەتانەوێت وەك ئەوە پیشانتان بدەم وتیان بـەڵێ، فـەرمووی وەرە حـاجی عەزیز ، حاجی عەزیز لەدێی گرێزە بوو لەشـارەزوور لـە دووری ڕۆژە ڕێیـەك لەوێوە، لەڕۆژی دووەمدا حاجی عەزیز هات، حەزرەتی شێخ بـەخێر هـاتنی کرد فەرمووی حاجی عەزیز چۆن هاتی؟ئەویش فەرمووی گوێم لـێ بـوو کـە بانگت کردم منیش هاتم، زانایەکان سەریان سوڕما لەم کەڕامەتە.

– دوای وەفاتی حەزرەتی شێخ عەبدولکەریم کەسنەزان(قدس الله سره) بە ماوەیەك، حەزرەتی شێخ موحەممـەد(قـدس الله سـره) فـەرموی ویسـتم بڕۆم بۆ عومرە بۆ زیارەتکردنی پێغەمبەر ﷺ و مـاڵی خودا(کەعبـە) پـێش ڕۆیشتنم، ڕۆیشتم بۆ زیارەتکردنی حەزرەتی شێخ (باوکم) لە دێی کربچـنە،

نزيكـەی پـەنجا موريـدم لەگەڵـدا بـوو، کـە گەيشـتينە لای مەرقـەدەکان و چوومە ژوورەوە بۆلای مەرقەدەکـەی شـێخ عەبدولکـەريم (قـدس الله سـرە العزين)ويسـتم دەسـتی لـێ بـدەم بـۆ تـەبـەڕووك بـە ئاشـکرا و بەبـەردەوامی دەجولاّيەوە هەموو ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بەچاوی خۆيان بينيان، خـەريك بوو ئەو پەڕۆ سەوزەی کە بەسەر مەرقەدەکەدا درابـوو بەربـبێتـەوە پاشـان هێدی هێدی ئارام بوەوە بێ جوڵە بوو، ئەو کاتە خوداحـافيزيم لێـی کـرد و دەرچووم.

## وەفاتی جەنابی شێخ:

دوای سالاّنێکی زۆر لە ئيرشاد و خزمەتگوزاری، شێخ لە سـاڵی (١٣٩٩- کۆچی بەرامبەر ١٩٧٨/٢/٥) کۆچی دوايی کرد لـە دونيـا وە لـەپاش خۆيـدا کوڕەکەی سەييد شێخ موحەممەدی کەسنەزان (قدس الله سرە) لـە جێگـای خۆی دانا بۆ شـێخايەتی کردنـی ئـەم تەريقەتـە. چـەندين شـاعير و نوسـەر شيننامەيان بەو بۆنەيەوە نوسی لەوانە

وێنەی دەستخەتی شيعرێکی مامۆستا مەلا عەبدولمەجيدی قوتب بە بۆنەی وەفاتی جەنابی شێخ.


غاب عن انظار ارباب الوفا   مرشد من اهل بيت المصطفى
سيد عن سيد عن سيد   كلهم حازوا العلى والشرفا
رحل الشيخ وقد اورثنا   لوعة في قلبنا واسفا
ذهب الشيخ وابقى بعده   ذهبا يعرفه من عرفا
ذهب الشيخ نعم! لكنه   اسدا خلف ثم انصرفا
رحمة الله عليه كلما   طلع البدر علينا واختفى
لم يمت شيخ تخلى بعده   مؤخذا [illegible] حذو ابيه واقتفى
سر باذن الله تزدد رفعة   حسبك الله تعالى وكفى
بشهود محمد ارخته
نال من ارقى الجنان غرفا

وەفتنامەی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان لەلایەن بەندەوە:

تـــۆ کە ڕۆیـشـــتی مــن چــی بنوسم ؟
ئــەی گـــەرمـــایــی دڵ نوکی پێنوسم
ئەمـــڕۆکـــە دونــیـــا گشت تۆز و بایە
لــەبــەر عـــەزابـــان هـــەناسەم نایە
لە هــەمــوو لایـــەك غــەمــە دەبــارێ
لەجــیـــاتی بـــاران قـــوڕ دێتەخوارێ
ڕۆنــاکـــی و نـــوری هــەتـــاو نـــەماوە
مـــانگ وەکـــو مـۆمێ بەکزی وەستاوە
لەســـەد جـــێ دڕا کـــراسی بـــەختم
بـــۆیـــە تـــا مابم سەرخۆش و مەستم
شـــاری مـــەعـــریفـــەت بوو بە بیابان
بـــوو بـــە چـــرای دز مـــەهتابی تابان
خــودایــە هــاوار غـــــەم لــێم ئالاوە !
بــۆ ئــاوی دونـــیـــا بــۆ مـــن تــالاوە ؟
دڵــبـــەرم ڕۆیـــی چیم لێ بەسەرهـات
ئەو سی و نــۆ ساڵەم لێ بوو بە نەهات
چــی لـــە من نەکرد دڵبەرەکەی خۆم
وا لــە دووری ئەو خوێنی دڵ دەخۆم
چـــاوم تـــاریـــك بوو کارەبـای دڵ ڕۆ
جوانیەکەی بەهار، یەکپارچە گوڵ ڕۆ

باوکی هەژاران ، باوکی بابم ڕۆ
مەرهەمی دڵی وەك کەبابم ڕۆ
سروەی بەهەشتی بەهاری من ڕۆ
پەناگەی هەموو دۆست و دوژمن ڕۆ
دکتۆری زامی دڵ بیماران ڕۆ
پێشەوای گرۆی شەوبێداران ڕۆ
ئەگەر دەپرسن موبتەلای چیمە
وەفاتی شێخم (عەبدولکەریمە)
بەحەوت پشتمەوە فیدای چاوی بم
قوربانی جەدد و کوڕ و ناوی بم
بەخودا (مەستی) حاڵی شێواوە
ئەمشەو نەك جارێ سەدجار گریاوە

## ٣٧-حەزرەتی شێخ موحەممەدی کەسنەزان قدس الله سره

حەزرەتی شێخ موحەممەد کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ عەبدولقادری کەسنەزانە لە نەوەی ئیمامی حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلییە و لە ساداتی بەرزنجەیە. جەنابی شێخ لە گوندی کڕچنە[٢٨٢]ی سەر بە

٢٨٢ کڕچنە دێیەکە سەر بە ناحیەی سەنگاوە و لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای چەمچەماڵە لە پارێزگای کەرکوك. دوو بۆچوون بۆ ڕیشەی وشەی کڕچنە باسکراوە. بۆچوونی یەکەم دەڵێ: وشەکە لە بنەڕەتدا کوردییە و لە: کڕ واتە خامۆشی یان هێمنیی و کڕیی، چنە یان بچنە واتە بنوێنە یان وا بە ، بەمشێوەیە کڕچنە واتە هێمن بە یان کەم دوو بە ، نهێنی خۆت بپارێزە. ڕای دووەم دەڵێ: کڕچنە لە زمانی ئارامی کۆنەوە هاتووە لە دوو وشەی قرب جنە واتە نزیکی بەهەشت.

شارەدێی سەنگاو لە پارێزگای کەرکوك لەدایکبووە. شێخ لە ڕۆژی هەینی و لە ساڵی ١٩٣٨ز هەر لەو دێیە هاتۆتە دونیاوە. سوڵتان حوسێنی مامی ناوی لێناوە موحەممەد و فەرمویەتی ئەو کوڕە دەبێتە وەلی زەمانی خۆی و پلەوپایەیەکی باشی دەبێت. شێخ لەو کەشە پڕ بەرەکەت و نورەی کرپچنە گەورە بووە. هەر لە منداڵییەوە توشی کێشە و ناخۆشی بووە چونکە بنەماڵەی کەسنەزانی لەو کاتە دژ بە دەسەلاتی ئینگلیز دەجەنگان و سوڵتان حوسێن لە شەڕی دەربەندی بازیان بەژدار بووە. سەرەتای خوێندنی شێخ لە حوجرەی خۆیان بووە لە کرپچنە و شێخ لای چەند مامۆستایەکی بەڕێز و زانای وەکو مامۆستا مەلا کاکەحەمە سەیفەدین و مامۆستا مەلا عەلی موستەفا کە بە مەلا عەلی لەیلان مەشهور بووە و مامۆستا مەلا عەبدولاً عەزیز کرپچنەیی. جگە لەوەش شێخ ڕاستەخۆ دەرسی بنەماکانی تەسەوف و تەریقەتی لە خزمەت باوکی خۆی وەرگرت بوو. شێخ بەوەندە نەوەستا بەڵکو خۆی هەڵسا بە کۆکردنەوەی زانست و زانیاری و هەوڵێکی بێوەچانی لە پێناو کۆکرنەوەی کتێب و دەستنوسەکان دا تاوەکو توانی بە هەزاران دەستنوس و کتێبی دانسقە کۆبکاتەوە. شێخ زۆربەی ژیانی خۆی لەگەڵ زانایان و کتێب بردۆتە سەر ئێستاش ڕۆژانە چەندین سەعات خەریکی خوێندنەوە و لێکوڵینەوەیە. ئەو کاتەی لە بەغداد بوو بەیانی سەعات هەشت دەچووە کتێبخانەی گشتی هەتا کاتی کۆتایی هاتنی دەوام دەمایەوە.

جەنابی شێخ لە شۆڕشی ئەیلول بەژدارییەکی کارای هەبوە و هەوڵێکی زۆری لە پێناو مافی میللەتەکەی داوە. لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و بە

دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٧٨ شێخ عەبدولکەریمی باوکی وەفاتی کرد و لە پێش وەفاتەکەی شێخ موحەممەدی وەکو شێخی داهاتووی ئەم تەریقەتە دیاریکرد. بۆیە شێخ موحەممەد لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر بەڕماڵی شێخایەتی دانیشت و دەستی بە خەلوەکێشان و خزمەتی خەڵك و ڕێنمایی خەڵك کرد. شێخ لە ماوەیەکی کەم توانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵك بانگهێشتی خوانی تەریقەت و تەسەوف بکات، سنوری وڵاتان و کیشوەرکانی بەزاند و دەنگی تەپڵەکەی گەیشتە زۆربەی وڵاتانی دونیا.

هیممەت و کەڕامەتی شێخ لە ژمار نایەت . ئێمە هیچ کەڕامەتێکی ئەو نانوسینەوە چونکە خودی خۆی حەزی بە ئاشکراکردن و باسکردنی کەڕامەتی خۆی نییە[٢٨٣]. ئێستا کە ساڵی ٢٠١٧ یە شێخ بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئوردن نیشتەجێیە، هەر بەم بۆنەیەوە (بێدەنگ) ی شاعیر ئەم شیعرەی لە دووری شێخ دا نوسیوە:

لە زومرەی عاشقانا من لە جەمعی ڕووسوران ماوم
بە ئاڵای بەرزی شەهید بوون لە ڕێگەی دڵدار وەستاوم
عەجەب عەشقێك لە دڵ دایە چ پەنهانێکە پەیدایە
لە بەحری عەشقی تۆ گیانە بە شانازیەوە خنکاوم

---

٢٨٣ بەندە کتێبێکی قەبارە مامناوەندم ئامادەیە بەناوی نور و کەسنەزان کە تێیدا بە دوور و درێژی باسی تەریقەتی کەسنەزانی و شێخەکانی ئەم تەریقەتەم کردووە بەڵام بەهۆی باری دارایی نەمتوانیووە بە چاپی بگەیێنم.

شەهی من ساكنی ئوردون دەروێشان شەیدا و عەشقی تۆن

دووریت قوربان زامێكە كۆن لە دووری تۆوە فەوتاوم

دەروێش حاڵی پەرێشانە تامەزرۆی غەوس كەسنەزانە

ئا بەم دەردی بێ دەرمانە هەتا دواڕۆژ (بێدەنگ) ماوم

بێ مەعنا بووە لام ژینم بێ هێزە گیانی شیرینم

هەتا ڕۆژێ تۆ دەبینم دنیا شەوە لەبەر چاوم

بەندە كە نازناوی شیعریم مەستییە لە وەسفی حەزرەتی شێخ نوسیوومە:

الله الله اللەیە | شا محمد شاهەنشایە

جێنشینی پێغەمبەرە | نوری هەردوو دونیایە

تەختداری دوای حەیدەرە | بۆ دین وەكو چرایە

باڵی بازی گەیلانیە | قازی حوكمی بەغدایە

جێگری شای ولیانیە | بۆ دڵ وەك كارەبایە

ڕوتبەی شاهی كەسنەزان | حەواڵەی تۆ كرایە

تاجەكەی عبدالقادر | لە سەری تۆ نرایە

نەجمەكەی سوڵتان حوسێن | لەسەر شانی تۆ دایە

بەیداغی شا عبدالكریم | وا لە دەستی تۆ دایە

كەسنەزان دەولەی باتین | شێخ محمد پاشایە

فیدای عەسای دەستی بم | سەد دڵ پێی موبتەلایە

صاحێبی كەڕاماتە | جێداری موستەفایە

ساقی سەرمەستی کەوسەر
بەحری عیشق و وەفایە
سەیری تەکیە و بارەگای
هەردەڵێی موستەشفایە
شێخمان گوڵی بــەهەشتە
خـــودا بـــە ئـێمە دایە

---

تـــاوســـە لـــە عەرشی خوا
شێخ مەحبوبی مەولایە
فــیـدای قـــەد و بـالآت بم
نـوری ڕەسـولـەلآیـە
پۆستنشینی غەوسییە
قـابـیـل بـە مـاشـەلآیـە
شـاڵی سـەوزی لـە شـانی
خـۆی خـەلـیفەی خوایە
ڕەنـگ و خـووی هی پێغەمبەر
قـورئـانە و ڕاوەستایە
ئەمـری تـوی لـەسەر نەبێ
کـاری مـەئـمور پێکنایە
قـوتـب و ئـەوتـادی عالەم
مـەعـتـەلـی یەك نیگایە
ئوستـادە و شـێخی عاریف
غـەوس و باز و مەولایە
لـە خـەنـدەی جوانی زارت
بەهەشت دروست کرایە
قوربان ئەو دوو دەستەت بم
کـە هــەردەم لە ڕجایە
دڵ بــە فیدات گیانەکەم
دەرەجەت چەند ئەعلایە
هــەتـــا ئاخیر نـەفەسێ
ناوی تـــۆم لـە دەم دایە
دیسان برین ئاودز بوون
مــن دڵـم داغ کـــرایــە
با کزەی بای شـەماڵ بێ
دەروێش جەرگی سوتـایە
دیسان شێخ سەفەری کرد
چـاوی مــن لـــە ڕێگایە
عــەبای خستە سەرشانی
عـالـەمی بــۆ شــەیدایە
مەجنونی دەرسی عەشقم
دۆســتــم وێـنەی لەیلایە
کـەلاوەی هــەردوو چاوم
گـۆمــە خـوێـنی تێزایە

دیــوانی ڕوحــی مــــەحــزوون　　　هــــــەر چوار تاقی شکایە
ئــەگەر نــایەم بــۆ خــزمەت　　　ڕوح کـــــوژراوی جـەفایە
بــە کــونـجی چــاو بـڕوانـە　　　دەروێـــش وا لە سەمایە
نــەخــۆش و زار و کــەوتووم　　　دڵ بــە پـێـی تـۆ ئاڵایە
دەروێش و عاشق و نــەخۆش　　　هەر چاویان لە دەرگایە
دڵ وەك پــشـــكـۆی ئاگرە　　　نــــەزەرت کـــزەبــایــە
گـــوڵ لـە گـوڵزار هـاتـە دەر　　　ما شاء الله ڕووی چرایە
مــورید بــەنــدە، زنجـیـرە　　　بـــۆ تـیــغ حـازر کرایە
سوتام بەو ئاگرەی ئــەوشـۆ　　　کە تۆ لە منت بـەردایە
دێـوانـــەی تــاقــی بـرۆتـم　　　وەکــو دوو کەوان وایە
کــە پێ دەنـێـیــە عەردی　　　بریا ڕووی من خاك بایە
ئــاخـــر شیعــر بۆت چییە　　　کە عەشقت بێ کۆتایە
عــاشـقی گـــوڵ مـحمدم　　　بـــۆیـە ڕەنگم نەمایە
دەزانـــن بــۆچــی زەردم　　　دڵێ مـــن وەرگـــەڕایە
شـێـخـم چــەندە عەزیزە　　　جوانـتـریـــنی دونیایە
ســەلامــت لیـبــی دلبەر　　　مەستیت سەدجار فیدایە
ئەگەر مەیلت لەسەر بێ　　　چاڵی بەفریش گەرمایە
هــەیهــاتــە لە ئاگری دڵ　　　بـۆچـی کۆتایی نایە
دیتـنێکی ئـەو ڕوخسارەت　　　چاترین بەشی دونیایە
بێ لە تـۆ کـەس نـابـیـنـم　　　یەك سەیرت سەد دەوایە
بێ بـاکـم لە خەڵقی خوای　　　ئـەتـۆم پشت و پـەنایە

چ بکەم دووری ناتگەمێ      بۆیە حاڵم شێوایە
لە ڕوح و دڵ مەپرسە      هەردووکم بۆت دانایە
لە ئیمان مەپێچەوە      ئەویشت بە فیدایە
من واریسی مەجنونم      سوڵتانی من لەیلایە
دەرێم بە دەشتێ کەوم      وا حەجمانم بڕایە
هەلآڵە و شەوبۆ جوانن      تۆ دەستێکت لێدایە
یوسفم ئەز یەعقوبم      چاوم چاوی زولەیخایە
لە دوور ڕا بمسوتێنە      بۆن کرووزەت بۆ نایە
ئەوڕۆ ئەتو سوڵتانی      هەر دەروێشە گەدایە
لۆ ناڕۆینە دەشتی ڕوح      بێ تو دەڵێی سەحرایە
بۆن میسکت بگاتە دڵ      سەرخۆشم تا هەتایە
حاڵم حاڵی دێوانان      پەنام غەوسی بەغدایە
ئێسکم ڕەش بوو بە حالآت      تۆ بۆ ڕەحمت پێمنایە
حەوزی کەوسەر لێوتە      ڕووت بەهەشتی خوایە
ئاورێکی لە منیش دەوە      هەرچەند وەفام نەمایە
لەو کەوشەت ماچێ بکەم      مەلا دەڵێن خەتایە
ئەوەی لەوان دیارە      پیاوێکە و ڕاوەستایە
ئەوەی لە من دیارە      نوری ڕەسولەلآیە
دەستی ڕەیحانەی ئەحمەد      دڵی عەرشی خوایە
تۆزی بەر ماڵ و تەکیەی      بۆ دوو چاوم شیفایە
ئیمانم برد بۆ ماچێ      فەرمووی کەمەو پێینایە

خەبەرت لە کێ پرسم؟   گشت وەك من هەڵوەدایە
گریانێکی وا گریام   ئێستا هەناسەم نایە
شەو و ڕۆژ سەلامەتیت   ویرد و زکر و دوعایە
لێم بوویە ئاوی حەیاتێ   هەر چاوەڕێم قەت نایە
عەشقت پۆلیە ئاگرە   کزەی جەرگم برژایە
بەهەشت عاشقی تووە   سەروی شێتی بالآیە
تەسبێحی، سەرکە ڕوحە   حوکمی زاری ڕەوایە
ڕۆیی بۆ ولآتی ئوردن   ئەوێ قیبلەی دونیایە
ڕۆژێ ڕووی تۆ نەبینم   ئەو ڕۆژەم وەك شەو وایە
بچییە ناو کورەی ئەتۆم   ئەو جێیە با سەفایە
زێریش زەردە وەکو ڕووت   بۆیە وا گران بەهایە
هەموو ویستی وجودم   لە تۆ یەك مەرحەبایە
خوا فەزڵی بە تۆ داوە   دەست دامێنی عەبایە
ئەفلآتون و ئەرستۆش   تۆیان پێ مامۆستایە
دەستت بێنە ماچی کەم   دەستت یەدی بەیزایە
فوێ لە برینانم کە   دەمت دەمی عیسایە
مانگی ڕووی تۆم بینیووە   ڕۆژووی دڵم شکایە
تەوقی دیلی تۆ خۆشە   دەڵێن: کۆیلەی پاشایە
ئەتۆ دەڕۆی من دەمرم   کەنگێ ئەوە سەودایە
سەد داغ دەنێی بە جەرگم   دەڵێی: عەشقە و جەزایە

بــمكـــــه دێــوانــەی شـــاران		دەروێـــش بـەدڵ ڕەزایە
پـاش ئـەو هەموو فرمێسکەش		ڕەسـمـت لـەناو چاومایە
هـیـجران دڵـی مـەی شـكـانـد		بـەس سـوتانمان دەوایە
لـێم نـاپـرسـی چـم دەوێ؟		دیـدەنـــم تــەمــەنـایە
ڕووی دوژمـــــن و نــەیـــاری		بـــەری سـێرە، سیایە
بـریـــنـــم بـــردوورەوە		ئـــاخر من چییم خەتایە
هەرچـەند ئاخـان هەردینم		دەڵێ ڕاست نییە، ڕیایە
کـۆڕی دەروێـشان گـەرمە		دەڵێی حەشرە غەوغایە
لـــە لایــەك زكـر و ســۆزە		لایـــەك شیعر و سەدایە
وێـڵــم، مــاخـــۆلیای بالآت		عــەشـقی مـن بێ ڕیایە
لاوچـاکە، دووڕە هــەنـیــەی		بەو عومرەی لە هەشتایە
ئــەوەی بــێ لە تــوی بوێ		شــێت و شور و ڕیسوایە
قــەشـە و حــاخــام بتبینن		پـشـتـیـیان لـە کلیسایە
مـالـومــی جــوو بێتـە لات		ئـەسـحــابەی موستەفایە
هــەر کــێ ئــەتۆ ببیــنێ		بـــەهــەشـتی بەبیـر نایە
نــاڵەم هــات لـەبــەر داغــان		فەرمووی: هەر سەرەتایە
پــێیان گـۆت (مەستی) گریا		فەرمووی: قەی نا سوتایە

شێخ لە پێشکەوتنی دونیا سودی وەرگرت و توانی تەریقەتی قـادری لـە گێژاوی نەزانی دەربهێنێ و دەیان نوسـین و کتێـب و نوسـراو بلآوبکاتـەوە، ئەو کتێبانەی کە تا ئێستا چاپکراون:

١–ألانوار الرحمانية فى الطريقة الكسنزانية.

٢–بلاْوكردنەوەی كتێبی جلاء الخاطر من كلام الشيخ عبدالقادر.

٣–كتاب الطريقة العلية القادرية الكسنزانية[٢٨٤]

٤–موسوعة الكسنزان فيما اصطلح عليه اهل التصوف و العرفان(٢٤بەرگ)[٢٨٥]

٥–المرشد. ڕێبەری تەسەوف و/خەلیفە ڕەشید

جگە لەم كتێبانە شێخ دەیان كتێبی تری هەیە و هێشتا بواری چاپكردنیان نەهاتووە.

جەنابی شێخ دەیان هەوڵی تری لە پێناو زانست و تەریقەت و خەڵك داوە لەوانە:

١–دامەزراندنی زانكۆیەكی ئەهلی بەناوی كۆلێژی شێخ موحەمەدی زانكۆیی[٢٨٦].

٢–دانانی ڕۆژژمێرێكی نوێ بەناوی تەقەویمی موحەممەدی كە لەوپەڕی وردەكاری و زانستی دایە.

٣–دامەزراندنی ناوەندی تەریقەتەكانی عێراق.

٤–دامەزراندنی پەیجێكی جیهانی www.Islamic-sufism.com.

---

٢٨٤ ئەم كتێبە وەرگێڕدراوە بۆ چەندین زمان وەكو: ئینگلیزی، فارسی، ئۆردو و كوردی...

٢٨٥ ئەم كتێبە تا ئێستا وەرگێردراوە بۆ ئینگلیزی و فارسی و بەشێكی كەمیشی بۆ كوردی وەرگێڕدراوە.

٢٨٦ لەبەر چەند هۆیەكی ئەمنی ناوی زانكۆیەكە ئێستا كۆلێژی سەلامە و چەند بەشی هەیە، لە شاری بەغدادە و لە خزمەت بەردەوامە.

٥- بە هەزاران کەس لەسەر دەستی ئەو گەڕاونەتەوە و ڕێگەی خواناسیان گرتووە.

٦-پەیامی ئاشتی بە هەموو کونجێکی دونیا گەیاندووە و لەو پێناوەش زۆری ماندوو بوون دیوە.

٧-نان دان و خزمەت کردنی هەژاران و هەتیوانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە. ئەوەی ئاگادار بێ و لە نزیکەوە شێخ موحەممەد بناسێ دەزانێ شێخ چ بەخشندە و نانبدە و دڵاوایە.

٨-کردنەوەی دەرگای تەکیە و ماڵی موریدان بەڕووی هەموو ئاوارە و لێقەوماوێك.

٩-هۆشارکردنەوەی مورید و دەروێشان لە شتی پڕوپوچ و خورافیاتی وەکو نوشتە و گەڕان بە تەکیە و قەبرستانان.

١٠-کردنەوەی چەندین خول بۆ موریدان و برا خەلیفەکان بۆ فێربوونی زانستەکانی تەفسیر و فیقھ و تەجوید ...

١١-بڵاوکردنەوەی گۆڤاری وەرزیی (الکسنزان) کە گۆڤارێکی زۆر پێشکەوتووی سۆفیگەرییە.

١٢- لێك نزیککردنەوەی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگاری کردنیان بۆ خزمەتی خەڵك. هەر ئەو ناسینەی بە هەل زانیووە و دەیان کەسی لە ژوورە تاریکەکانی زیندان و سێدارە ڕزگارکردووە.

١٣-بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان نەتەوە و ڕەنگەجیاوازەکان وەکو برایەتی نێوان کورد و عەڕەب و شیشانی و عەرەب و تورك و فارس و ...

# ناوەڕۆك


پێشەکی..........................................٣
بەشی یەکەم/ دەقی شیعرەکه.........................٧
بەشی دووەم/ سۆفیگەری............................٧٢
١–دەروێشی......................................٧٢
٢–سیلسیلەی تەریقەت..............................٧٩
٣–زنجیرەی یەکەمینی تەریقەت.......................٨٠
٤–دابەشبوونی هەندێ سلسیلەی تەریقەت...............٨٣
٥–تەریقەتی کەسنەزانی.............................٨٥
٦– زنجیرەی شێخانی تەریقەتی کەسنەزانی..............٨٧
٧–سەنەدی بنەماڵە.................................٨٩
٨–شێخ ( پیری تەریقەت)............................٩٥
بەشی سێیەم/ ژیاننامەی ئەم ڕشتە پیرۆزە.............٩٧